





بۆ یەکەمین جار
لە مێژووی خۆیدا

# هەڵبژاردەی کوردستان جامی پاڵەوانیەتی جیهانی ڤیفا بەرزدەکاتەوە

ئێوارەی شـــەمەی رابردوو هەڵبژاردەی کوردستان لەناو ئاپۆرای جەماوەری کوردستاندا بۆ یەکەمجار جامی پاڵەوانیەتی جیهانی ڤیڤـــای بۆ تۆپی پێ بەرزکردەوە، لەم یارییەدا کە یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیەکە بوو و تیایدا ســـەرجەم هەڵبژاردە بەشـــداربووەکان ئامادەبـــوون، یاریی کۆتایی نێـــوان هەڵبژاردەی کوردســـتان و هەڵبژاردەی قوبرســـی تورکی بەڕێوەچوو، هەر لەگەڵ دەسپێکی یارییەکە هەڵبژاردەی کوردســـتان لە هێرش بردن بەردەوام بوو بۆ ئەوەی بە گۆڵێك دڵی هاندەرانی خۆش بکات، دوای چەند هێرشـــێکی یەك لە دوای یەك (هەڵگورد مەلا محەمەد) یاریزانی هەڵبژاردەی کوردستان گۆڵی یەکەمی تۆمار کـــرد، دوای ئەم گۆڵەش لە ناو جۆش و خرۆشـــی هاندەراندا، هەڵبژاردەی کوردستان توانییان کۆنترۆڵـــی یاریگا بکـــەن و چەندین هەلی ئاســـانی گۆڵکردنیان لە دەستدا، هەتا لەخولەکی ٣٣ی یارییەکەدا یاریزان هەردی ســـیامەند توانی بەلێدانێکی سەری جوان گۆڵی دووەم و بردنەوە بۆ هەڵبژاردەی کوردســـتان تۆمار بـــکات، دوای ئەم گۆڵە یاریزانانـــی هەڵبژاردەی قوبرس هەوڵیاندا گۆڵ تۆمار بکەن و چەند هێرشـــێکیان بردە سەر گۆڵی هەڵبژاردەی کوردســـتان تا لە یەکێك لە هێرشەکاندا بەهەڵەی یاریزانێکی هێڵی بەرگری هەڵبژاردەی کوردستان گۆڵـــی یەکەمی هەڵبژاردەی قوبرس تۆمار بکات و گێمی یەکەمی یارییەکە بەم ئەنجامە تەواو بوو. لەگێمی دووەمی یارییەکـــەدا یاریزانانی هەڵبژاردەی قوبرس هەوڵیاندا گۆڵی یەکسانبوون تۆمار بکەن، بەڵام هێرشـــەکانیان هیچ سوودێکی نەبوو، تا کۆتایـــی یارییەکە بەئەنجامی ((٢- ١)) گـــۆڵ لە بەرژەوەندی هەڵبژاردەی کوردســـتان تەواو بوو و بۆ یەکەمین جار لەمێژوودا ببێتە پاڵەوانـــی جامی پینجەمی ڤیڤا و لەناو ئاپۆرای خۆشـــی جەماوەردا جامەکەیان بەرزکردەوە و دوای ئەوەش جەماوەری کوردســـتان خۆشی و شـــادیی خۆیان لە نێو بازاڕ و شەقامەکانی شاری هەولێر بەو بۆنەیەوە دەربڕی.

بەم بۆنەیەوە بەناوی ســـتافی گۆڤاری گوڵانەوە جوانترین پیرۆزبایی لە هەڵبژاردەی کوردســـتان دەکەین و هیواو ئومێدیان بۆ دەخوازین ئەم هەڵبژاردە لیهاتووە لە ئایندە لە پاڵەوانیە نیودەوڵەتیەکاندا نوێنەرایەتی کوردستانیکی سەربەخۆ بکەن.







# کێشە نەتەوەییەکان چۆن کۆتاییان دێت؟

# تەنیا سەربەخۆیی کێشە نەتەوەییە درێژخایەن و خوێناوییەکان کۆتایی پێدەهێنێت



چۆن کێشە ئیتنی و نەتەوەییە درێژخایەن و خوێناوییەکان کۆتاییان دێت و چارەسەری گونجاویان بۆ دەدۆزرێتەوە؟ ئەم پرسیارە دەرهاویشتەی ئەو گۆڕانکارییە تازانەی جیهانە کە لەدوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتەوە، جارێکی دیکە کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکانی وەك دیاردەیەك لەسیاسەتی نێودەوڵەتیدا خستۆتەوە ڕوو، هەربۆیە ئەم پرسیارە نەك هەر تەنیا بۆتە جێگەی بایەخی ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەکادیمی، بەڵکو بۆتە جێگەی بایەخی سیاسەت دروستکەرانیش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کەواتە پرسیار کردن لەسەر چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەو کێشانەو دووبارە ڕێکخستنەوەی جیهان لەسایەی ئاشتی و ئاسایشدا، هۆکارەکەی ئەوەیە زۆرێك لەو کێشانە کە بەچارەسەر نەکراوی ماونەتەوە، سەقامگیری ناوچەیەکی گرنگی خستۆتە مەترسیەوەو هەتا ئەو کێشانەش چارەسەر نەکرێن، ئەوا ناکرێت بیر لەچارەسەری کۆمەڵێك کێشەی دیکە بکرێتەوە کە وەك ڕایەڵێك ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهانیش پێکەوە گرێدەداتەوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا باس لەلایەنە سلبیەکان و چارەسەر نەکردنی کێشەی کورد بکەین نەك تەنیا لەعێراق، بەڵکو لەتەواوی ناوچەکەدا، ئەوا زۆر بەڕاشکاوی لەئاکامی بایەخدانی توێژینەوە ئەکادیمیەکان و تاڕادەیەکی زۆریش لەسەر ئاستی سیاسەت دروستکەرانی سیاسەتی نێودەوڵەتی، جۆرە قەناعەتێك دروست بووە هەتا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت، ئەوا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئارامی بەخۆیەوە نابینێت، هەروەك چۆن پێشتر هەتا کێشەی نەتەوەکانی یوگسلافیای پێشوو چارەسەر نەکرا و کۆمەڵێك دەوڵەتی تازە دروست نەکرا، هەموو ناوچەی بەڵکان مەترسی ئەوەی لێدەکرا، کە ئەمجارەش بەڵکان ببێتەوە بەسەرچاوەی دروستبوونی شەڕێکی دیکەی جیهانی، وەك چۆن پێشتر بەڵکان ناوچەی هەڵایسانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیش بووە، بەڵام دوای چارەسەرکردنی کێشەکانی بۆسنە و هەرزەگۆڤینیا و کۆسۆڤۆ و مۆنتینگرۆ بوونی ئەم ناوچانە هەریەکەی بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئێستا ناوچەی بەڵکان نەك هەر ناوچەیەك نییە وەك مەترسی سەیر بکرێت، بەڵکو خەریکە دەبێتە ئەو ناوچەیەی پێوەندیەکی تازە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ یەکتری گرێدەدەنەوە، دەبینین سربیەکانی ئەمڕۆ بەدیدی دوێنی سەیری کۆسۆڤۆ و بۆسنەو مونتینگرۆ ناکەن، هەروەك چۆن ئەڵمانەکان و فەرەنسیەکان بەدیدی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی سەیری یەکتری ناکەن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چارەسەرکردنی کێشەی دەوڵەتانی بەڵکان ڕاستەوخۆ بەو شێوازە هەنگاوی بۆ هەڵگیرا کە ئەمڕۆ دەیبینین؟ بێگومان نەخێر، ناوچەی بەڵکان دوای ئەوەی گەیشتە لێواری تەقینەوە

> **ئەو تەنگژە نەتەوەیی و ئیتنیانەی سروشتی توندوتیژیان وەگرتووە، تەنیا یەك ڕێگەچارە لەبەردەمیاندا دەمێنێتەوە، ئەویش جیابوونەوەی بەردەوامە لەنێوان گرووپە پێکناکۆکەکاندا**

و مەترسیدارترین کارەساتی لەسەر دەستی میلۆسۆڤیچ و ڕژێمەکەی تێدا ڕوویدا، دوای ئەوەی چەند شێوازی وەك فیدرالیزم و ئۆتۆنومی تاقی کرایەوە، ئەوجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بواردان بەنەتەوەکانی ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن و دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان دروست بکەن تەنیا چارەسەرە. بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا کە بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە ئەوەیە، ئایا بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیەوێت هەموو ڕێگەچارەکان تاقی بکرێتەوە، بەڵام زۆر کەم بڕیار لەسەر چارەسەرە سەرەکیەکە (کە سەربەخۆییە) دەدات؟ ئەمە لەکاتێکدا زۆر لەو کێشە نەتەوەیی و ئیتنیانەی کە ماوەیەکی دوور و درێژە بوونیان هەیەو ماوەیەکی درێژ توندوتیژی زۆر و خوێناوی تێدا ڕوویانداوە، دەبینن کە زۆر بەزەحمەت دەتوانرێن بەڕێگەچارەی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن، یان هەوڵێکی زۆریان بۆ دەدرێت بۆ ئەوەی بەشێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. ئەم هەوڵانە کەزۆرجار لەسەرەتادا، بەتایبەتی لەو کاتانەی نەتەوەی سەردەست بارودۆخی لە لێژبیە، جۆرێك لەپێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت و لەڕووکاردا وادەردەکەوێت کێشەکە بەرەو چارەسەرکردنی کۆتایی دەچێت، بەڵام وەك مێژووی ئەو کێشانە پێمان دەڵێن لەماوەیەکی دواتردا سەرلەنوێ کێشەکە سەرهەڵدەداتەوەو زۆرجار وەك لەمێژووی بزاڤی ڕزگارخوازیی کوردستاندا بینویمانە، هەموو کات دوای هەوڵێك بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەکە، خوێناویتر کێشەکە دەستی پێکردۆتەوە، هەروەکو چۆن دوای هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنی ئادار لەساڵی ١٩٧٤، ڕژێمی پێشووی عێراق بێجگە لەوەی شەڕێکی خوێناوی دژی شۆڕشی کوردستان دەست پێکردەوە، لەهەمانکاتدا پەنای بۆ پیلانێکی نێودەوڵەتی برد و سازشی لەسەر بەشێکی خاکی عێراق کرد و لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی شومی جەزائیر لەگەڵ شای ئێران ڕێککەوت بۆئەوەی شۆڕشی کورد نەهێڵێت، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی شۆڕشی کوردستان دووچاری نسکۆ بێتەوە، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش، ئەمجارەیان زۆر دڕندانەترو خوێناوی تر، دەستی کرد بەپرۆسەکانی ڕاگواستن و دەرکردن و بەعەرەبکردن و لەمەش خراپتر لەیەکەم هەنگاودا کە لەگەڵ دەسپێکی شەڕی عێراق — ئێراندا هەڵگیرا، شاڵاوی یەکەمی ئەنفالی کوردە فەیلیەکان دەستی پێکردو دوای ئەویش لەسەرەتای هەشتاکاندا ئەنفالی بارزانیەکان و لەنیوەی دووەمی هەشتاکانیشدا کار گەیشتە ئەوەی گازی کیمیایی بەکار بهێنرێت و پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال دەست پێبکات، بۆیە ئەم مێژووە ئەوەمان پێدەڵێت ئاکامی هیچ لەو هەوڵانەی کە بەشێوازی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دراون ڕوون نین و دواتر خوێناوی تر کێشەکە دەستی پێکردۆتەوە، ئەم لایەنە ئەگەر بۆ کێشەی کورد بەو جۆرە بووبێت، بێگومان بۆ کێشەکانی دیکەش بەهەمان شێوە بووە، ئەمیش وەك کێشەکانی فەلەستین و کشمیر و ئیرلەندای باکوور و...تاد).

## کێشە نەتەوەییەکان لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد

کەشەڕی سارد کۆتایی هات، هەموو جیهان بەوجۆرە سەیری داهاتووی دەکرد، کە سیستەمی نوێی جیهان سیستمی پارێزگاری کردن لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراتی دەبێت، بەڵام بەداخەوە ئەم سیستمە نوێیەش لەگەڵ دەسپێکی خۆیدا کۆمەڵێك کێشەی ئیتنی و نەتەوەیی لەگەڵ خۆی هێنا، کە وەك پێویست نەیتوانی چارەسەریان بکات، هەر بۆ نموونە لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، ئەزموونی یۆگسلافیای پێشوو، بەپشتگوێخستنی چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان، نموونەی پاکتاوی ڕەگەزی و تۆڵە سەندنەوەی توندڕۆیی ناسیۆنالیستی پیشانداین، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، بۆچی سیستمی نوێی جیهان کە بانگێشەی بۆ ئەوە دەکرد چەمکی تەقلیدی سەروەریی دەوڵەت کۆتایی پێهات و نابێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی بێدەنگ بێت، بواری ئەوەیدا، هەمان کارەسات لەیوگسلافیای پێشوو دووبارە بێتەوە؟. ئایا بۆ ڕێگە ئاسانەکەی نەگرتەبەر و بواری نەدا نەتەوەکانی ئەو ناوچانە پێش ڕوودانی کارەساتی خوێناوی گەورە بڕیار لەچارەنوسی خۆیان بدەن؟

ئەم پرسیارانە کە بوونەتە هەوێنی کۆمەڵێك توێژینەوەی ئەکادیمی سەبارەت بەچۆنیەتی کۆتایی هێنان بەو کێشانە، چەند لایەنێکی گرنگی وروژاندووە و بەوەی ئایا تەنیا بەجیابوونەوەو سەربەخۆیی ئەو کێشانە چارەسەر دەکرێن یان ڕێگەچارەی دیکەش هەیە بۆ ئەوەی پارێزگاری بەسنووری دەوڵەتەکانەوە بکرێت؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر ولیام ئایەرس لەدیراسەتێکدا بەناونیشانی (جیابوونەوە



یان ئیحتواکردن...هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەو ڕێگەچارانەی کێشە نەتەوەییەکانی کۆتایی پێ دێت) دەڵێت(ئێمە لەوە ئاگادارین هەندێك کێشە وەك کێشەی ئیرلەندای باکوور و فەلەستین و کشمیر، هەوڵی زۆر دراون بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئاشتیانە کێشەکانیان چارەسەر بکرێت.. هەوڵەکانیش تاڕادەیەکی باش بەرەو پێشەوەچوونیان بەخۆوە بینیوە، بەڵام ئاییندەی ئەم هەوڵانە ڕوون نین و هەمووکات ئەگەری ئەوە هەیە خوێناوی تر لەجاران سەرهەڵبداتەوە. هەروەك چۆن دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، نموونەی یوگسلافیای پێشوومان دێتەوە بەرچاو کەچۆن کارەساتی پاکتاوی ڕەگەزی وێنای دڕندەیی ناسیونالیستی سربی پێشاندایەنەوە.. هەموو ئەم کارەساتانە بوونە هۆکاری ئەوەی توێژینەوە لەسەر کێشە ئیتنی و نەتەوەییەکان بەرهەم بێت و هەر ئەمەش بۆتە هۆکاری وروژاندنی بیری تۆژەران و تەنانەت سیاسەت دروستکەرانیش کە لەئاستی ئەو پرسیارە هەڵوەستە بکەن: چۆن ئەو تەنگژە

**مێژوو ئەوەمان پێدەڵێت ئاکامی هیچ لەو هەوڵانەی کە بەشێوازی ئاشتی بۆ چارەسەری کێشەی کورد دراون ڕوون نین و دواتر خوێناوی تر کێشەکە دەستی پێکردۆتەوە**

ئیتنی و نەتەوەییانە چارەسەر دەکرێن و کۆتاییان دێت کە ماوەیەکی درێژ توندوتیژی بەخۆوە بینیووە؟ ئایا دەتوانرێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن؟ یان چەند هەوڵبدرێت ئەگەری ئەوە هەیە لایەنەکانی ئەم کێشەیە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ناو بازنەی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا پسپۆران پێانوایە چەند شێوازی جیاواز هەیە بۆئەوەی چارەسەر بۆ کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان بگیرێنە بەر، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کام ڕێگە لەهەموو ڕێگاکانی دیکە گونجاوترەو کێشەکە بەکۆتایی دێنێت؟ ئایا هەموو ڕێگەکان تاقی بکەینەوە؟ وەڵامی گونجاو بۆ ئەم پرسیارانە ئەوەیە، ئەو تەنگژە نەتەوەیی و ئیتنیانەی سروشتی توندوتیژییان وەگرتووە، تەنیا یەك ڕێگە چارەمان لەبەردەمدا دەهێڵنەوە، ئەویش جیابوونەوەی بەردەوامە لەنێوان گرووپە پێکناکۆکەکاندا، لەم ڕێگە چارەیەدا ئاستی توندوتیژی بڕیاردەدات، ئایا کام ڕێگەچارە هەڵبژێرین و ئەوانی دیکە فەرامۆش بکەین).

پرۆفیسۆر ئایەرس لەدرێژەی لێکۆڵینەوەکەیدا



ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە دەسنیشانکردنی ئەم ڕێگەچارەیە واتە (جیابوونەوە و سەربەخۆیی) لەوانەیە لەڕوانگەی نەتەوەی سەردەست و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو شێوەیە سەیر بکرێن ئاکامی سیاسیی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، بۆیە واز لەم ڕێگە چارە دروستە دەهێنن و بەدوای ڕێگەچارەی دیکە دەگەڕێن، لەمبارەوە بەنموونە باسی هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی فیدرالیزم دەکات بۆ بۆسنای پێش جیابوونەوەو سەربەخۆیی، بەڵام وەك بینمان هەڵبژاردنی ڕێگەچارەی فیدرالیزم بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە فەشەلی هێناو نەیتوانی کێشەکە چارەسەر بکات، بێگومان لوغزی فەشەلهێنانی ئەم ڕێگەچارانە لە بەکردەیی کردنی ڕێگەچارەکە دەردەکەوێت، ئەم لوغزەش پێوەندی نێوان (ئاستەکانی توندوتیژی و بواری چارەسەر و مەحاڵی چارەسەرەکە) دەخاتە ڕوو، بۆیە کاتێك ئەم ڕێگە چارەیە بۆ نموونە فیدرالیزم هەوڵدەرێت بکرێتە ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان، هەوڵدەدرێت کۆمەڵێك ڕێگە تاقی بکرێتەوە، بۆیە ئەم حاڵەتە دەمانخاتەوە بەردەم ئەو پرسیارانەی چۆن

**لەدوای ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا کورد دووجار بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندووە. نایەوێت لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە و دەیەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت**

ئەم ڕێگەچارەیە سەرکەتوو دەبێت؟ ڕێوشوێنی پێویست بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕێگە چارەیە چیە؟ سەبارەت بەوەڵامی ئەم پرسیارانەش توێژینەوەکان ئاماژە بە کۆمەڵیك فاکتەر دەکەن کە دەبنە هۆکاری سەرکەوتن یان شکستی چارەسەرەکە، ئەو هۆکارانەش بریتن لە: (ئاستی توندوتیژی کە پێشتر نەتەوەی بن دەست لەئاکامی سیاسەتی نەتەوەی سەردەست بینیویەتی، مەزندەو بۆچوونەکان سەبارەت بەچارەسەرکردنی کێشەکە، ئەمەش واتە بۆچوونی نەتەوەی سەردەست بۆ چارەسەری کێشەکە چۆن، توانای هێزی سەربازی نەتەوەی سەردەست، ئەمەش بەو مانایەی ئایا تاچەند نەتەوەی سەردەست بڕوای بەوە هەیە بەهێزی سەربازی کێشەکە ئیحتوا بکات یان بیپوکێنێتەوە، ئینجا ڕۆڵی لایەنی سێیەم، ئەم لایەنە نەتەوە یەکگرتووەکان بێت یان ڕێکخراوێکی بەهێزی وەك یەکێتی ئەوروپا بێت، یان هێزێکی گەورەی وەك ئەمریکا بێت، بێگومان تێڕوانینی ئەویش بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکە گرنگە)، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت کێشەکە لەسەر ئاستی تیۆری بگوازرێتەوە بۆ سەر ئاستی واقیع و لەگەڵ وردەکارییەکانی سەر ئەرزی واقیع مامەڵە بکرێت و ئەو پرسیارە لەو ڕێگە چارەیە بکرێت، ئایا ئەم ڕێگە چارەیە دەمانگەیەنێتە چ ئاکامێك؟ لەگەڵ ئەوەی تۆژەران لەسەر ئەم ئاکامە ئیشکالیەتێکیان هەیە و پێیانوایە، ئەوە گرنگ نییە دەمانگەیەنێتە چ ئاکامێك، بەڵکو ئەوە گرنگە چەند ماوە دەخایەنێت تا دەگەینە ئاکامی کۆتایی هێنان بەکێشەکە و چەند ڕێگە تاقی دەکرێتەوە هەتا دەگەینە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکە، سەبارەت بەم لایەنە تۆژەران جەخت لەسەر ئەوە

دەکەنەوە و دەڵێن: (ئەوەی هەتا ئێستا لەئاکامی بەدواداچوون و توێژینەوە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان پێی گەیشتوون ئەوەیە، ئەگەر کێشەیەك مێژوویەکی دوور و درێژ و خوێناوی هەبێت، ئەوا بێجگە لەجیاکردنەوە و سەربەخۆیی ڕێگە چارەیەکی دیکەی نییە)، ئەوەی لەم پرۆسەیەدا جێگەی هەڵوەستەکردن و ڕەخنەگرتنە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵیداوە ڕێگەچارەی هەمەجۆر بۆ چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەو کێشانە بگرێتەبەر، بەڵام ئەو ڕێگەیەی کە زۆرتر پەنای بۆ بردووە، هەوڵدان بووە بۆ ئیحتواکردنی کێشەکە لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتەکەدا، لەکاتی سەرهەڵدانەوەی کێشەکەشدا هەوڵیداوە نەتەوەی بن دەست لەگەڵ ئەو پرۆسە خوێناوییە ڕابهێنێت کە نەتەوەی سەردەست یان ڕژێمی سیاسی دەوڵەت پیادەی کردووە.

ئەم لایەنە بۆ ئێمە وەك کورد ئاشکرایە، لەبەر ئەوەی

**ئەوەی توێژەران لەسەر چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و ئیتنیەکان پێی گەیشتوون ئەوەیە، ئەگەر کێشەیەك مێژوویەکی دوور و درێژ و خوێناوی هەبێت، ئەوا بێجگە لەجیاکردنەوە و سەربەخۆیی ڕێگە چارەیەکی دیکەی نییە**



دوای بەکارهێنانی گازی کیمیایی و پیادەکردنی پرۆسەکانی ئەنفال لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەیتوانی هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ بەدەنگەوە هاتن و چارەسەری ئەم کارەساتە وەربگرێت، هەتا دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە و بەرپابوونی ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ و هەوڵەکانی ڕژێمی بەعس بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە و کاردانەوەی خەڵکی کوردستان لەکۆڕەوە مێژووییەکەی هەمان ساڵدا، ئەمەش بەمانایەکی دیکە دوای ئەوەی میللەتێك بەتەواوەتی وڵاتی خۆی بەجێهێشت و ئامادەنەبوو لەژێر دەستی ڕژێمی بەعس بمێنێتەوە، ئەوجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەچوارچێوەی بەدەنگەوە هاتنی مرۆڤایەتی بۆ یەکەمجار لەمێژووی سیاسیی هاوچەرخدا بڕیاری ٦٨٨ی دەکرد و نەوایەکی ئارام لەسەرووی هێڵی ٣٦ بۆ پارستنی کورد دابینکرا، کەواتە لەدوای ساڵی ١٩٩١ هەتا ئێستا کورد دووجار بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕاگەیاندووە، نایەوێت لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە و دەیەوێت دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەو دووجارەش بریتن لە:

١- بەهاری ١٩٩١ و دوای ڕاپەرین، کورد کە کۆڕەوی دەست پێکرد، ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕیفراندۆمێك بوو کە کورد مردن و ئاوارەبوونی لەمانەوە لەگەڵ عێراق لاپەسەندترە.

٢- دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی پرۆسەی یەکەم هەڵبژاردنی عێراق، کورد لە ڕیفراندۆمێکی نا فەرمیدا بەڕێژەی ٪٩٩ دەنگی بۆ سەربەخۆیی داوە نەك مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا.

ئەم دوو لایەنە ئەگەر بەوردی هەڵوەستەی لەسەر بکەین و وەك خۆی کاری لەسەر بکەین بۆ ئەوەی لەناو گوتاری نێودەوڵەتی تەوزیف بکرێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك خۆی لێی تێبگات، ئەوە دەگەیەنێت کە کورد لەعێراقدا، بەهیچ چارەسەرێك کەمتر لەسەربەخۆیی ڕازی نییە، هۆکاری ئەم جەختکردنەوەیە یان ئەم بیرکردنەوە گشتگیرەی لەناخی هەر تاکێکی کورد و کوردستانی کە دروستبووە ئەوەیە، کە کوردستانیەکان هەموو ڕێگەچارەکانیان تاقی کردۆتەوە و شۆڕشەکانی کورستان بەدرێژایی نزیکەی ٧٠ ساڵی ڕابردوو هەموو کات ئامادەباش بوون بۆ ئەوەی لایەنی حکومەت یان ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق وەڵامدانەوەی پێویستیان هەبێت و کێشەکە بەشێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکەن، بۆ ئەمەش زۆر ڕێگە تاقیکراوەتەوە هەر بۆ نموونە (لامەرکەزی، ئۆتۆنۆمی، ئێستاش فیدرالیزم)، بەڵام بەدرێژایی ئەم مێژووە واتە

**دوای شەڕی سارد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵیداوە ڕێگەچارەی هەمەجۆر بۆ چۆنیەتی کۆتایی هێنان بە کێشەکان بگرێتەبەر، بەڵام ئەو ڕێگەیەی کە زۆرتر پەنای بۆ بردووە، هەوڵدان بووە بۆ ئیحتواکردنی کێشەکان لەچوارچێوەی سنووری دەوڵەتەکەدا**

لەشۆڕشی دووەمی بارزانەوە هەتا ئێستا، ئەم کێشەیە نەك هەر چارەسەر نەکراوە، بەڵکو هەموو کاتێك وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو مەترسیی ئەوەی لێکراوە، توندتر و خوێناوی تر لەپێشتر دەست پێبکاتەوە، هەروەك چۆن ئێستا لەهەموو کات زیاتر مەترسی لەسەرە وەك لەپێشان، بۆیە ئەم ڕاستیە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو نیازە بیر دەکاتەوە کە ماوەیەکی دیکەش کۆمەڵێك ڕێگەی دیکە لەسەر ئەم پرسە تاقی بکاتەوە، ئەوا گەلی کوردستان ئەو ڕاستیە دەزانێت کە نابێت چیدیکە کات بەفیڕۆ بدرێت و لەگەڵ هەوڵی بێ ئاکام کات بەفیڕۆ نەدرێت.

## کورد و فیدرالیزم
## ئەزموونێك بەرەو شکست

لەوانەیە کێشەی کورد لەعێراقدا، یەکەم کێشە نەبێت لەنێو کێشە نەتەوەییەکانی ئەم جیهانە کە نەتوانرابێت بەڕێگەچارەی فیدرالیزم چارەسەر بکرێت، یان فیدرالیزم نەیتوانیبێت کۆتایی بەکێشەکە بهێنێت، سیاسەت سازانی سیاسەتی نێودەوڵەتی کاتێك باسی چارەسەری فیدرالیزم بۆ کێشەی کورد لەعێراقدا دەکەن، بەنموونە سەرکەوتووەکانی بەلجیکا و کەنەدا و سویسرا، نموونەمان بۆ دەهێننەوەو پێمان دەڵێن بۆچی فیدرالیزم لەبەلجیکاو کەنداو سویسرا سەرکەتوو بووە و لەعێراق سەرکەتوو نابێت، ئایا لەدەوڵەتی فیدرالیدا کە هەموو کاروبارەکان لەچوارچێوەی حکومەتی لۆکاڵدا بەدەست نەتەوەی ئەو ناوچەیەوە بێت و خۆی یاسا بۆ خۆی دەربکات و خۆی حکومڕانی خۆی بکات، ئیتر بۆچی کێشەکان چارەسەر نابن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەسەر ئەو پرسانە نین کە بەشێوەی تیۆری و لەچوارچێوەی دابەشکردنی دەسەڵات و



پێناسەی دەوڵەتی فیدرالی بەوەی حکومەتی فیدرالی دەسەڵاتی سنووردار بێت و حکومەتە هەرێمییەکان دەسەڵاتیان فراوان بێت، بەڵکو لەسەر پراکتیزەکردنی ئەم چەمکانەیە لەسەر ئەرزی واقیع و پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم پێناسە و مەزندانە لەعێراقێکدا پیادە دەکرێن، کە ئەوە ماوەی ٩ ساڵە بەحساب دیکتاتۆریەت نەماوە و ئازاد بووە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی بەئاراستەی دەوڵەتی فیدرالی هەڵنەگرتووە، لەمەش خراپتر حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی پراکتیکی هەوڵی بۆ ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ سەنترالیزم و لەباربردنی فیدرالیزم و پێشێلکردنی ئەو دەستوورەی پێناسەی دەوڵەتی تازەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فرەیی و فیدرالی و پەرلەمانی و دیموکراتی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە دەکاتەوە، ئایا دەوڵەتی عێراق (کە لەدەستووردا وەك دەوڵەتێکی فیدرالی ناوی هاتووە) ئامادەیە چەمکی یەکبوون (unity) بگۆڕێت بۆ چەمکی یەکێتی و هاوبەشی بەمانای (union)، ئەگەر ئامادەیە

**کوردستانیەکان هەموو ڕێگە چارەکانیان تاقی کردۆتەوە، بەڵام کێشەی کورد لەعێراق نەك هەر چارەسەر نەکراوە، بەڵکو هەموو کاتێك وەك بۆمبێکی تەوقیتکراو مەترسی ئەوەی لێکراوە، توندتر و خوێناوی تر لەپێشتر دەست پێبکاتەوە**

یەکێتی و هاوبەشی خاکی عێراق بپارێزێت نەك یەکپارچەیی عێراق، ئایا ئامادەیە دان بەسنوور و خاکی ئەو هاوبەشەیدا بنێت کە کوردە و لەچوارچێوەی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە یەکێتی و هاوبەشی خاکی عێراق پێکدەهێنێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە کە بەرەو ئاڕاستەیەکی خراپمان دەبات، دەمانگەیەنێتە ئەوەی بەوجۆرە لە مەزندەی حکومەتی فیدرالی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەعێراقدا بگەین، کە کورد نەك هاوبەشە لەعێراقدا، بەڵکو کورد میوانە لەعێراقداو خاوەنی مێژوو و جوگرافیای خۆی نییە، ئەم حاڵەتە ناچارمان دەکات بڵێین جیاوازی تێڕوانینی لایەنی کوردستانی لەگەڵ تێڕوانینی دەوڵەتی عێراق بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە گەیشتۆتە ئاستی نائومێد بوون لەوەی بە ڕێگەچارەی فیدرالیزم و ئاشتیانە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، هۆکاری سادەش بۆ ئەم نائومێدیە، مێژووی سەبر و ئارامی لایەنی کوردستانی بووە لەپرۆسەی وتووێژ و دانوستاندنەکانی نێوان شۆڕشەکانی کوردستان و حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق، هەروەها کێشەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق کە کورد خۆی لایەنی سەرەکییە لەپرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا، هەربۆیە کێشەکە لێرەدا ئەوە نییە، کورد بەچارەسەری فیدرالیزم ڕازی نییە، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە، ئەوەی لەسەر کاغەز و کۆبوونەوەکان و لەدەستووردا نووسراوەتەوە و دانی بەلانی کەمی مافەکانی کورددا ناوە، ئەوا لەکاتی پراکتیزەکردندا لایەنی بەرامبەر لێی پەشیمان دەبێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەوەی لایەنی حکومەتی عێراقی لەڕێککەوتنەکان ئیمزای لەسەر دەکات و بەڵێن دەدات پێوەی

پابەند بێت، ئەوا لەو کاتەی پێویستە هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت و بکرێتە کردار، ئەوا بەدرێژایی مێژوو پاشگەزبوونەوە و دووبارە سەرهەڵدانەوەی خوێناویی و توندتری کێشەکەمان بینیووە، هەربۆیە ئەگەر لەم قۆناخەدا حکومەتی عێراق و سیاسەتی نێودەوڵەتی بیانەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، بەوەی ئایا چۆن ئەم کێشەیە کۆتایی دێت، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستیە بزانن وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ ئەم قۆناخە لەپەنابردن بۆ دوو ڕێگەچارە، زیاتری لەبەردەمدا نییە، ئەو دوو ڕێگەیەش بریتین لە:

١- یان جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری عێراق کە لانی کەمی مافەکانی کوردستانی لەم قۆناخە لەخۆی گرتووە، ئەویش بونیادنانەوەی عێراقە وەك دەوڵەتێکی فیدرالی و بوونی هەرێمی کوردستانە بەسنووری جوگرافی و مێژوویی خۆیەوە وەك هەرێمێك لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

٢- یان دەبێت ڕێز لەئیرادەی خەڵکی کوردستان بگرن، خۆی چۆن بڕیار لەچارەنووسی خۆی دەدات.

سەبارەت بەخاڵی دووەمیان کە گەڕانەوەیە بۆ گەلی کوردستان بەوەی خۆی چۆن بڕیاری خۆی دەدات، بێگومان زۆر بەداخەوە هەتا ئێستاش

**جیاوازی تێڕوانینی لایەنی کوردستانی لەگەڵ تێڕوانینی دەوڵەتی عێراق بۆ چارەسەری کێشەی کورد گەیشتۆتە ئاستی نائومێد بوون**



بەوجۆرە ســـەیری ئەم مافە بۆ گەلی کوردستان دەکرێت، وەك ئەوەی گەلی کوردســـتان بڕیاری ئەوە بدات خاکی گەلێکی دیکە بەخاکی خۆیەوە بلکێنێت، یان وەك ئەوەی کە خاکی گەلێکی دیکە داگیربکات، خۆ ئەگەر وانییە کاتێك دەستووری عێراق هەرێمی کوردســـتان بەسنووری جوگرافی خۆیەوە دەناســـێت و دانـــی پێدادەنێت و میکانیزم بـــۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕێنـــراوەکان و پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالـــی بەغدا دادەنێت، ئەمـــە خۆی لەخۆیدا دانپێدانانێکـــی زمنیە بەوە هەرێمی کوردســـتان خاکی نەتەوەیەکە کە لەکوردستانیەکان پێکهاتووە و ئەم خاکە بەپێی ڕێککەوتنێکی ئارەزوومەندانەو بەپێی ئەو گرێبەستە دەستوورییەی لەنێوان گەلی کوردستان و گەلی عەرەبی عێراقدا هەیە بەشێکە لەعێراق و هەر کاتێك هەردوو لایەنی گرێبەستەکە پێکەوە بە ناوەڕۆکی ئەو دەســـتوورە ڕازی بوون و جێبەجێیان کرد کە ئەو پێوەندییەی ڕێکخســـتووە، ئەوا ئەو یەکێتیە هاوبەشـــە بەردەوام دەبێت، بەڵام کاتێك لایەنێـــك پابەندبوونەکانی خۆی جێبەجێ نەکرد، ئەوە لایەنـــی دووەم مافی خۆیەتی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، ئەم لایەنە گرنگە،

**هەتا ئێستاش بەوجۆرە سەیری مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان دەکرێت، وەك ئەوەی گەلی کوردستان بڕیاری ئەوە بدات خاکی گەلێکی دیکە بەخاکی خۆیەوە بلکێنێت**

هەموو کات کە لایەنی کوردستانی جەختی لەسەر دەکاتەوە، لایەنی بەرامبەر وەك جۆرێك لەئیستفزاز بوون وەریدەگرێت و بەوجۆرە ســـەیری هاوکێشەکە دەکات کـــە دەبێت کورد یان لایەنی کوردســـتانی بەزۆر لەنێو ئەو ئەو چوارچێوەیە بمێنێتەوە، ئەوجا ئەو گرێبەســـتە دەستوورییەی لەنێوان هەردوولادا هەیە جێبەجێ بکرێت یان نە.

### کۆتایی هێنان بەسیاسەتی مانۆر و خۆدزینەوە

ئەوەی گەلێـــك جار دەبێتە جێگـــەی پێکەنین و تاڕاددەیـــەك گاڵتەجاری، لێدوانەکانی ســـەرۆك وەزیرانی ئێســـتای عێراقە کە لەبەردەم میدیاکاندا داوا دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بگەڕێینەوە بۆ دەســـتوور و لەچوارچێوەی دەستووردا کێشەکان چارەســـەر بکرێت، ئەم قسەیەی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق ئەو پرســـیارە دەوروژێنێت، ئەگەر ســـەرۆك وەزیـــران هێنـــدە بڕوای بەدەســـتووری عێراقە، ئایا بـــۆ عێراق ئێســـتا لەهەموو کاتێك زیاتر ڕووبەڕووی قەیرانێکی هەمەلایەنەی ئەوتۆ بۆتەوە کە هەموو کەسێکی ئاسایی دەزانێت بەرەو دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی و هەڵدێر و لێکهەڵوەشانەوە دەچێت، لەمەش گرنگتر ئاماژە کردنە بەو خاڵەی کە ئێســـتا تێکڕای لایەنە سیاســـییەکان، بێجگە لەلیســـتی دەوڵەتی یاســـا کە لیســـتی سەرۆك وەزیرانە، جەختی لەســـەر دەکەنـــەوە، ئایا بێجگە لەداواکردن لەوەی ســـەرۆك وەزیـــران پابەند بێت بەدەستوورەوە داوایەکی دیکەیان هەیە؟ یان لەمەش ڕاشکاوانەتر ئایا هەرێمی کوردستان داوایەکی هەیە کە لەدەرەوەی دەســـتوور بێت، هەموو ئەو ڕاستیانە بەرەو یەك ئاڕاســـتەمان دەبـــات ئەویش ئەوەیە کە ســـەرۆك وەزیرانی ئێســـتای عێراق، دەستووری عێـــراق بەو جۆرە ســـەیر دەکات کـــە کام بڕگە و مـــاددەی لەبەرژەوەندی خۆیەتی وەك دەســـتوور پێوەی پابەنـــد دەبێت و لەبەرامبـــەر ئەو بڕگە و ماددانە کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکناگرێتەوە سیاسەتی مانۆرکردن و خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی دەســـتوورەکە پیادە دەکات، ئەمەش وایکردووە، کە تەواوی پێکهاتەکانی عێراق بگەنە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت سنوورێك بۆ سەرۆك وەزیران دابنرێت، یان ئەوەتا دەبێت پابەندبێت بەدەستوورەوە وەك کتێبێك کە ئاییندەی ئەم وڵاتە دیاری دەکات، یان ئەوەتا دەبێت بەرپرســـیاریەتی مێژوویی ئەم قۆناخە هەڵبگرێت کە لەئاکامی پێشێلکردنی ئەم دەستوورە چاوەڕێی ئەم وڵاتە دەکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا کە حکومەتی عێراق ئامادە نەبێـــت وەك حکومەتێکی فیدرالی نەتوانێت ئەو پابەندبوونە دەســـتووریانەی دەکەوێتە سەر شانی جێبەجێیان بکات، ئەوا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی خۆی لـــەو قەیرانە جیابکاتەوە و بڕیار لەســـەر چارەنووســـی خۆی بدات و ڕێگە چارەی گونجاو بۆ چارەســـەری کێشەکەی خۆی دیاری بکات.

**سەرۆك وەزیرانی ئێستای عێراق، دەستووری عێراق بەو جۆرە سەیر دەکات کە کام بڕگەو ماددە لەبەرژەوەندی خۆیەتی وەك دەستوور پێوەی پابەند دەبێت و لەبەرامبەر ئەو بڕگەو ماددانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی یەکناگرێتەوە سیاسەتی مانۆرکردن و خۆدزینەوە لەجێبەجێکردنی دەستوورەکە پیادە دەکات**

# کورد وەک بێگانە، ئەویتر وەک خاوەنماڵ..

## (تێڕوانینێکی تر بۆ سەربەخۆیی و دەوڵەت)

ڕێبوار سیوەیلی *

تایبەت بۆ گولان نووسیوێتی

**ئێمە میراتی کولتوورێکی زارەکیمان بە کۆڵەوەیەو هێشتا تایبەتمەندیی ئەو کولتووره زارەکیە لەگەڵماندا دەژی و بەرهەم دەهێنرێتەوە. بەم مانایەش، ئێمەی بکەرانی کۆمەڵایەتی لە ئێستای کۆمەڵگای کوردستاندا، بیرکردنەوە، بڕیار و کردارگەلێك جێبەجێ دەکەین، کە بەتەواوی و هەمووی بە ویستی هەنوکەیی خۆمان نین و میراتێکی کۆنەستانە (لاشعوری) لە بیرکردنەوە و بڕیار و کردەوەکانماندا کاریگەریی خۆی هەیە. ئایا ئەم میراتی کولتووره زارەکیە کە هەزاران ساڵ لە دارشتنی جیهانبینی و بیرکردنەوەکانی پێشینەکانماندا ئامادەیی هەبووە، لە مەسەلەی بۆچوونیشماندا سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەت و سەربەخۆیی و دابڕان لەو کۆلاجە سیاسی و جوگرافیاییەی لە دوای دارمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە، وڵاتی ئێمەی لە ڕووی سیاسییەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتەوە، کاریگەریی هەیە؟ بەمانایەکی تر: ئایا ئەوە تەنیا هۆکارە دەرەکیی و ناوەکیەکانن کە دەبێت لە بیرکردنەوەماندا لەسەر دەوڵەتی کوردی بیریان لێبکەینەوە، یان هۆکاری سایکۆلۆژیش لەمەدا بەشدارە کە میراتی کۆنەستێکی کوردیانەیە و هەڵگری کۆی منداڵییەکانی ئەم میللەتەیە کاتێ لە یەکەم هەوڵدان و پرۆسەی جیابوونەوەیدا لەوانیتر، تووشی ڕاچڵەکان و بەرکەوتنێکی ئەوتۆ بووە، کە بۆ هەمیشە گەورەبوون و کامڵبوونی خۆی دوابخات و خەونی سەربەخۆیی بچەپێنی و جیابوونەوە بە گوناه بزانێت و نەتوانێت لەگەڵ ڕەنگدانەوەکەی خۆیدا لە ئاوێنەدا، ئاوێزان ببێت؟! من دەمەوێت لەم وتارەدا لەو بارەیەوە بیر بکەمەوە و بە ئاماژەدان بە کاریگەریی کولتووری زارەکی، لەو چەپاندنە بدوێم کە ئەم کولتووره سەبارەت بە جیابوونەوە و ترس لە ئەویتر، لە میانەی سەدەکاندا لە کەسایەتی کوردا دروستی کردووە.**



**سرووشتی کولتووره زارەکیەکان:**

هیچ گومانیی تیا نییە کە ئەمێستاش ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە فۆرمە کولتووریە باڵادەستەکەی، کولتووری زارەکیە. وێڕای هەبوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، کەچی گوتراوی زارەکی و دەماودەمی خەڵك زووتر بڵاو دەبێتەوە و زیاتریش بڕوای پێدەکرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کە بانگەشە و پڕوپاگەندەکان لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا برەوێکی زۆریان هەیە و دەسەڵاتی باڵادەستانەیان هەیە. تەنانەت دوای ئەوەی پڕۆپاگاندەکان بەپێی سرووشتی خۆیان، تەمەنیان زوو بەسەر دەچێت، کەچی کاریگەرییەکان زۆر دەمێنێتەوە.

کولتووره زارەکیەکان، کولتووری ئەو کۆمەڵە مرۆییانەن، کە لە ڕەوتی شارستانیانەی خۆیاندا نووسینیان نەبووە و ئەمانەش نەك هەر گرووپە مرۆییە (راوچیە) سەرەتاییەکان بوون، بەڵکو گرووپە مرۆییە کشتوکاڵیەکانی سەرەتاش دەگرێتەوە. کولتووره زارەکیەکان کۆمەڵگایەکیان بەرهەمهێناوە، کە تیایدا فۆرمێکی ژیانی کۆگەلیی باڵادەست بووە، کە ئەم فۆرمی ژیانە ڕێگرێکی سەرەکیی بووە لەبەردەم لەدایکبوون و دروستبوونی تاك و سەربەخۆیی و کەسایەتی و شوناسدا. ئەم کولتووره زارەکیانە بەهۆی

گێرانەوەی دەماودەم و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و دووبارە و چەندبارەکردنەوەوە، لە نەرێتە بەکۆمەڵییە بۆماوەییەکان، «یاسای پیرۆز»یان بەرهەمهێناوە. بەمجۆرەش نەوەکانیان ناچاربوون بە دووبارەکردنەوەی ئەوەی لە پێشینەکانەوە بۆیان ماوەتەوە و وزە هێزەکییەکەی (بالقوە) خۆیان چەپاندووەو هەرگیز بواری ئەوەیان نەبووە بیکەنە کردەکی (بالفعل). بۆیە بەدئەنجامییەکی ئەمجۆرە کولتوورانە ئەوەیە کە ترس لە گۆڕان و نوێبوونەوە ئامادەییەکی بەرچاوی هەیە، بەتایبەتیش ترس لە ئەوانیتر و لە بێگانە و غەیرە.

ئەم ترس و چەپاندنە، ئەم دواخستنی وزە هێزەکیە و نەکردنی بە وزەی کردەکی، ئەم خۆ بەکۆیلەکردنە خۆبەخشانەیە، خۆسەلماندنی مرۆڤ دوا دەخات و پرۆسەی چێکردنی شوناس فڕێدەداتە دەرەوەی چالاکیەکانی و دەیخاتە پەراوێزەوە. ئەمەش ئەمجۆرە مرۆڤەو کۆمەڵگاکەی بەرەو دوو جۆر گۆشەگیریی بردووە، وەکئەوەی (بارنز و بیکر) لە کتێبەکەیاندا ڕوونیان کردۆتەوە: گۆشەگیریی جوگرافی و گۆشەگیریی کولتووری و ڕۆشنبیری، کە هەر یەکەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لە دروستکردنی زەیینیەتێکی مەند و داخراودا. مرۆڤ کە چێژی هاوسێیەتی و پێکەوەبوونی نەزانی، لەبەرامبەر بێگانەدا هەست بەترس و بێزاری دەکات . بێگانە هەمیشە هەڕەشەیەکە بەسەر ئەو نەرێت و خووە میللییانەوە کە ئێمە عادەتمان پێگرتوون، چونکە ئامادەیی (ئەو) هاوشان لەگەڵ نەرێت و خووە جیاوازیەکانی خۆی، دەبێتە هۆی لاوازکردنی عورفی نەتەوەیی و تێکدانی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی (ئێمە).

ئەم خەسڵەتە، واتە ترس لە بێگانە و ئەویتر، هەر تەنیا خەسڵەتی مرۆڤی سەرەتایی نییە، بەڵکو خەسلەتی بەرەی مرۆڤە بەگشتی و هۆی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ نەناسین و نەزانییەك کە ئێمە لە ئاست بەرامبەردا کۆمانکردۆتەوە، کە هیچ مەرج نییە ئەو بەرامبەرە بێگانە بێت و بەزمانێکی جیاواز قسان بکات.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ترس لە بێگانە دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی سیاسیی ڕەگەزپەرست، کە لەسەر پرانسیپی ڕقبوونەوە لە غەیرە، ئیشدەکەن. ئەمەش خەسڵەتێکی کۆمەڵگا ئەورووپاییەکانە بەرامبەر بە پەنابەر و بێگانەکان بەگشتی. لەلای خۆشمان دەتوانین گەلێ نموونە بهێنینەوە کە ترسی «ئێمە» لە «ئەوان» ئاشکرا دەکات، بۆنموونە: بەدگومانیی دەوڵەمەندەکان لە خەڵکی هەژار، یان ڕوانینی «شارییەکان» بۆ «لادێیەکان»، یاخود نیگای «خوێندەوارەکان» لە ئاست «نەخوێندەوارەکان» و تەنانەت تێڕوانینی کورد بۆ پەنابەرە عەرەبەکان و سوونە بۆ شیعەو بە پێچەوانەشەوە. بەم پێیەش دەتوانین گەلێ بەڵگە بهێنینەوە کە ئاشکرای دەکەن لەم ڕووەوە مرۆڤی هاوچەرخ هیچی ئەوتۆ لە مرۆڤی سەرەتایی دوور نەکەوتۆتەوە.

ژیانی گرووپە مرۆییەکانی سەرەتا پڕ بووە لە کۆت و بەندی دەستوپێگری حەرامکراو، بەجۆرێ کە بێگانە نەیتوانیوە خۆی لەگەڵ ئەو کۆت و حەرامکراوانەدا بگونجێنێ و لەیاسای نەریتەکان لانەدات و ئەمەش نەبێتە هۆی تووڕەیی ئەو گرووپەی بێگانەکە خۆی لەناودا، بینیوەتەوە. وەلێ لەبیرمان نەچێت، کۆمەڵگا زارەکیەکان تەنیا لەبەر ئەوە دژی بێگانە نەبوون، چونکە «بێگانە»یە. بەڵکو لەبەر ئەوە دژی بوون چونکە بەپێی دەستوور و یاساکانی ئەمان ڕەفتاری نەکردووەو ڕەفتارگەلێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە: (شێوەی خواردن، داربڕینەوە و خانوودروستکردن، زەوی کێڵان و جێبەجێکردنی ڕێ و ڕەسمەکان و...)

پێویستە مەسەلەی ترس لە بێگانە وەك پەرچەکرداری «گرووپی ناوخۆیی» لەئاست «گرووپی دەرەکی»دا تێبگەین، کە هاندەری سەرەکیی ئەم پەرچەکردارەش بریتییە لە «ترس لە گۆڕان». مرۆی سەر بە کولتوورە زارەکیەکان وەك پێشتر باسمانکرد حەز لە گۆڕان ناکات و بەچاوێکی بەدبینیشەوە دەڕوانێتە ئەو کەسانەی شتی نوێ دەهێننە ئاراوە و ئەو ئاسوودەییەیان لێدەشێوێنێ کە لە سایەی گرووپی ناوخۆییدا هەستی پێدەکەن .

**ترس وەك سەرچاوەی نەزانیی:**

ترس سەرچاوەکەی لە نەزانییەوەیە، بەڵام ئەنجامی مەترسیداریشی لێدەکەوێتەوە. چونکە ترس هەرچەندە بەلایەکیداو بەشێوەیەکی کاتی دەبێتە هۆی یەکخستنی (ئێمە) لە ئاست (ئەوانیتر)دا، بەڵام بەلایەکی تریشیدا دەبێتە هۆی بەرهەمێنانی فۆرمێکی ئەتنۆسەنتەریزم، کە لە پشت هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی تۆتالیتارانەو فاشیستیانەو دژەمرۆیی و نادیموکراتیانەوەیە. ئەمەش لە کاتێکدا بۆ دروستکردنی شوناس و کەسایەتی و سەربەخۆیی، پێویستە هەلومەرجە دیموکراتی و مرۆڤدۆستیی و ئەویتر ویستییەکان ئامادە بن. چونکە لە غیابی ئەم هەلومەرجانەدا، پرۆسەی شوناس و بەتایبەتیش شوناسی نەتەوەیی و دروستکردنی دەوڵەت، وەك پەرچەکردارێك خۆی بەرجەست دەکات، نەك وەکو کردارێك و ڕووداوێك، کە تیایدا نەتەوە و کەسەکان، وزەی سرووشتەکی خۆیان لە هێزەکییەوە دەکەنە کردەکیی و خۆیان لەناو مێژوودا بەرجەستە دەکەن. شوناسی پەرچەکردارییانە مەترسیدارە چونکە لەسەر چەپاندنی وزەی مرۆییەوە بۆ خۆناسین بەرهەمدێت کە لە جیاتی ئەوەی ئەم وزەیە ببێتە نیشانەی خۆناسین، دەبێتە وزەی ڕقبوونەوە لە ئەوانیتر.

> **میراتی کولتووری زارەکی، جیابوونەوە بە گوناە دەزانێت و بەردەوامیش لە تێڕوانینێکی پەرچەکردارییانەوە لە هەوڵی چێکردنی شوناسی خۆیدا بووەو پرۆسەی شوناسیی نەتەوەیی وەک ڕووداوێک و کردارێکی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی خۆی، وەرنەگرتووە**

مەبەستم لە «ئەتنۆسەنتەریزم» ئەو تێڕوانینەیە کە وا دەکات، ئەندامی هەر کۆمەڵگایەك خۆیان وەك چەق و خولگەی گشت مرۆڤایەتی ببینن و هەموو جۆرە ئاسوودەیی و ئیمتیازێك بە مافی تەنها خۆیان بزانن. ئەتنۆسەنتەریزم بە مانای خۆبەسەنتەر و خولگەکردنی نەتەوەیی دێت، کە تیایدا پەیڕەوکارانی ئەم بیرکردنەوەیە لەدەوری کولتووری نەتەوەیی خۆیان خولدەخۆن و لە زەین و بیرکردنەوەی خۆیاندا وەك کولتوورێکی باڵاتر لەچاو کولتوورەکانیتردا تەماشای کولتووری خۆیان دەکەن.

ئەتنۆ سەنتەریستەکان ئەوانەن کە لەبەرامبەر کولتووری گەلانیتردا، کولتووری نەتەوە و گەلی خۆیان دەکەنە پێوەر بۆهەڵسەنگاندن و حوکمدان لەبارەیانەوە و جیاوازیی کولتووری ئەوانیتر لەگەڵا ئەوەکەی خۆیاندا بە عەیبە و کەمایەسی بۆ ئەوانیتر دەژمێرن ، بەپێی ئەم تێڕوانینە هەر تاکەکەسێك یان کۆمەڵە کەسانێ، کە سەر بە «گرووپی خۆمان» نەبن، ئەوە سەر بەگرووپی «بێگانە»ن و شایانی هەموو کەم و کوڕی و ئازاردان و تەنانەت مەرگێکیشن. ئەوەندە بەسە مرۆڤ سەر بە «گرووپی ئێمە» نەبێت، تا وەك بێگانە و دوژمن لەقەڵەم بدرێت. ئەم تێڕوانینە

> **ئێمە پێویستە خۆمان لەم بێگانەیەی دەروونمان ڕزگار بکەین بۆ ئەوەی سنووری خۆمان و ئەوانیتر جیا بکەینەوە. چونکە هەتا ئەو سنوورانە جیا نەکەینەوە، ویستی ئێمە بۆ بوونە خود دەچەپێنرێ و ناتوانین خۆمان بین و ناشتوانین لەگەڵ ئەویتردا بچینە پێوەندییەکی سرووشتی و کردارەکیی دوولایەنەوە**

**گرنگە بە ئەوانیتر بڵێین بوونی شوناس و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە ئاشتەواییدا، بۆ ئەوانیتر گرنگتر و بەسوودترە، وەک لە نەتەوەیەکی تۆراو، کە لەهەر ساتێکدا ڕقی لێتانەو بۆی هەیە بتەقێتەوە بە ڕووتاندا**

بە درێژایی مێژوو لە گەشەکردندا بووە و لە زۆربەی گوفتار و هەڵوێستی میللەتانیشدا [illegible] ڕەنگداوەتەوە. بۆ نموونە: [illegible] ێوان گوڵەکاندا گوڵی [illegible] ندا سامۆرایی). [illegible] ینگلیزەکان دەشیرێنن [illegible] ی سکۆتلەندیەکان [illegible] ەرەبیش گوتویانە: [illegible] و عەجەم جیاوازی [illegible] نی) . وەك دەبینین لە [illegible] ەخۆڕازیبوونێکی زۆر [illegible] رامبەر و وێنەیەك بۆ [illegible] وە، کە دەیخاتە ڕیزی [illegible] وە.

[illegible] لەهەموو وێناکردنێکی [illegible] یش لە خۆپەسەندیی و گاڵتەکردن بە بەرامبەر، ئامادەیە. ئەمەش نەك لە پێناوی ئاشکرابوونی ڕاستەقینەی بەرامبەردا، بەڵکو بۆ پۆلێنکردنی ئەو لەسەر بنەمای نەزانییەکی کوشندەوە. بەعسییەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە بەرامبەر بە میللەتانی دیکە، بەتایبەتی کوردەکان، خزمەتێکی زۆریان بە وێناکردنێکی خراپی ئەو میللەتە کردووە و هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ شێواندنی کولتوور و کەسایەتییەکەی، بەجۆرێ کە توانیان ئەو شێواندنە سەرەتاییانە بکەنە بنەمایەك بۆ جێبەجێکردنی کردەوەو پرۆسەکانی وەك بەعەرەبکردن و کیمیایی بارانکردن و ئەنفالکردن. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەتنۆسەنتەریزم تا ئەوکاتەی ترسیی نەزانانەی



فەرید ئەسەسەرد

**کولتووره زارەکیەکان کۆمەڵگایەکیان بەرهەمهێناوە، کە تیایدا فۆرمێکی ژیانی کۆگەلیی باڵادەست بووە، کە ئەم فۆرمی ژیانە ڕێگرێکی سەرەکیی بووە لەبەردەم لەدایکبوون و دروستبوونی تاک و سەربەخۆیی و کەسایەتی و شوناسدا**

ئەتنۆسەکان و میللەتانە بەرامبەر بەیەکتر، ڕەنگدانەوەکەی زیاتر لە نوکتە و پەند و دەربڕینە زمانییەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام ئەوکاتەی دەبێتە بەرنامەیەکی سیاسیانەی ئایدیۆلۆژی، تاوانی گەورەی وەك جینۆسایدکردنی لێدەکەوێتەوە .

**سەرچاوەی ترسی کوردیانە:**

لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە ترسەکانی کورد لە هەمبەر دواخستنی ویستە سرووشتیەکەی بۆ قسەکردنی ڕاشکاوانە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت وەك کاکڵەی بەرجەستەبوونی شوناس لەم ساتەوەختەدا، بگێڕینەوە بۆ ئەو پێشینە مێژووییەی لە منداڵییەکانی ئەم نەتەوەیەوەو لە هەناوی کولتووره زارەکییەکەیەوە، بە میرات بۆی ماوەتەوە.

ئەم پێشینەو میراتە ویستی کوردیان بۆ بوونە خۆی، بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی شوناس، لە ڕێگەی چەپاندنەوە، دوا خستووەو ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کۆنەستێك بۆی، کە هەمیشە ترسی جیابوونەوەی بیر دەخاتەوە. جیابوونەوە بە گوناه دەزانێت و بەردەوامیش لە تێڕوانینێکی پەرچەکردارییانەوە لە هەوڵی چێکردنی شوناسی خۆیدا بووە و پرۆسەی شوناسیی نەتەوەیی وەك ڕووداوێك و کردارێکی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنهێنانی خۆی، وەرنەگرتووە، هێندەی ئەوەی بۆ بەرپەرچدانەوەی فرێدانەکانی ئەویتر لە ئاست خۆیدا، کاری بۆ کردووە. لێرەوە ئێمە لەبەردەم میللەتێکداین، کە لەمنداڵییەکانی خۆیەوە، بەخۆی نامۆکراوەو لە باوەشی دایکی خۆیدا فرێدراوەتە دەرەوە و کراوەتە بێگانە.

بێگانەبوون لەم ڕوانگەیەوە، خەسڵەتێکی دەروونییە و ترس لە بێگانەکان و لە ئەوانیتر، وەبیرخەرەوەی ئەم خەسڵەتە دەروونیەی خۆمانە، کە بێگانەیی خۆمانمان بیر دەخاتەوە و لەکاتی خۆیدا نەمانتوانیوە خۆمانی لێ ڕزگار بکەین و لەخۆمانی تووڕهەڵدەینە دەرەوە. ئێمە پێویستە خۆمان لەم بێگانەیەی دەروونمان ڕزگار بکەین بۆ ئەوەی سنووری خۆمان و ئەوانیتر جیا بکەینەوە. چونکە هەتا ئەو سنوورانە جیا نەکەینەوە، ویستی ئێمە بۆ بوونە خود دەچەپێنرێ و ناتوانین خۆمان بین و ناشتوانین لەگەڵ ئەویتردا بچینە پێوەندییەکی سرووشتی و کردارەکیی دوولایەنەوە.

ئێمە ناتوانین ڕزگار و ئازاد بین، ئەگەر ئەو هەستی بێگانەییە لە خۆماندا بنەبڕ نەکەین، چونکە ئەو هەستە هەمیشە ترسەکانمان لە ئەوانیتر زیندوو دەکاتەوەو ناچارمان دەکات پەنابەرینەوە بۆ پەرچەکردار نەك بۆ کردار و خۆسەلماندن و خۆ دروستکردن لە ئاستیاندا. پێدەچێت ئەم ترسە بنەماییەی کوردیش بێت لە خۆجیاکردنەوە، کە هەمیشە وەك ڕێگرێکی دەروونی و ناخەکی دێتەوە بەردەممان، تەنانەت لە قسەکردنیش لەسەر مانا پۆزەتیڤەکانی سەربەخۆبوون و دامەزراندنی دەوڵەت، بەبێ پەنابردن بۆ فۆرمەکانی ئەتنۆسەنتریزم و ڕقبوونەوە لە ئەوانیتر. وزەی نەتەوەیی ئێمە لە پرۆسەی بەرگریی و مانەوەدا بایی مەحروومیەکانمان لە ژیانێکی بەختەوەرانە، بەفیڕۆ چووە.

بەردەوام بوون لەسەر بەفیڕۆدان، مەترسیی گەورەی لێدەکەوێتەوە، کە گرنگترینیان بریتیە لە مانەوەمان لە دواکەوتوویی و نەزانییدا، کە سەرچاوەی توندوتیژی و توندڕەوییە. داهاتوو دەخوازێ وزەی نەتەوەییمان بۆ خۆدروستکردن و بوونە خود تەرخان بکرێت، نەك بۆ بەرپەرچدانەوەو شەڕی لابەلایی لەگەڵ ئەوانەدا کە تەنیا ترس لە بوونە خود و جیابوونەوەمان لەلا زیندوو دەکەنەوە. پێویستە ئێمە ئەم دەرەفەتە مێژووییە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی خۆمان لە هەر ترس و چەپاندنێك و بوونە قوربانیەك ڕزگار بکەین و بەهۆی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاکەمان و چەسپاندنی بنەما مەدەنیەکان و ئازادییەکانی تاکەکەس، سەندنەوەی دەسەڵات لە حیزب و کەسەکان و بەخشینەوەی بە یاساو گێڕانەوەی عەدالەت بۆ کۆمەڵگاکەمان، بنەماکانی بەخۆنامۆبوون لە ناخی کوردیانەماندا ڕیشەکێش بکەین. ئەو کاتە متمانە بۆ تاکەکان دەگەڕێتەوە و بوونی کوردیانەمان لە بوون وەك بێگانەیەك، دەبێتە بوون وەك خاوەن ماڵێك لە نیشتیمانی خۆیدا.

ئەمەیە ئەو هەلە مێژووییەی کە بانگهێشتی گوتاری سیاسی دەکات، تا بیقۆزێتەوە و بەبێ ترس بڵێت: ئێمە جیاوازین، چونکە هەر ئەم جیاوازیانەبوون وایانکردووە بەدرێژایی مێژوو، ببینە قوربانیی و کۆیلە و بێگانە. ئەم جیاوازییەی ئێمەیە کە دەبێتە بنەمای ناسینی تەندروستانەی ئەویتر و بەستنی پەیوەندیی مرۆییانە لەگەڵیدا بەبێ ئەوەی پێویستیمان بەوە هەبێت یەکتریی بکەینە قوربانیی و خوێن لە پێناوی شتێکدا بڕێژین، کە لەبنەمادا پێکەوە مۆنتاژ و کۆلاژ ناکرێت. لێرەوە، گرنگە بە ئەوانیتر بڵێین بوونی شوناس و دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد لە ئاشتەواییدا، بۆ ئەوانیتر گرنگتر و بەسوودترە، وەك لە نەتەوەیەکی تۆراو، کە لەهەر ساتێکدا ڕقی لێتانەو بۆی هەیە بتەقێتەوە بە ڕووتاندا.


**سەرچاوە:**

**١- بارنز و بکر: تاریخ اندیشة اجتماعی. از جامعة ابتدایی تا جامعة جدید. جلد ١، ترجمة و اقتباس: جواد یوسفیان و علی اصغر مجیدی، تهران (١٣٨٤) ٢٠٠٥، ل: ٢٦**

**٢- بارنز و بکر: تاریخ اندیشة اجتماعی. از جامعة ابتدایی تا جامعة جدید. جلد ١، ترجمة و اقتباس: جواد یوسفیان و علی اصغر مجیدی، تهران (١٣٨٤) ٢٠٠٥، ل: ٢٧-٢٨**

**٣- (عضدانلو، ل: ٤٨٦).**

**٤- (بارنز و بکر، ١، ل: ٣٣)**


**٥- (سیوەیلی: ٢٠٠٣، ل: ٦٩).**

# کوردستانێکی ئۆتۆنۆم لەباکوور

سەرەڕای ئەوەی کە ئەنکەرە بەشێوەیەکی کراوەترو پرەگماتیکتر هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی کورددا دەکاو بەڵێنی چارەسەرکردنیشی داوە، بەڵام هێشتا ئەو ڕێگە چارەیەی ئەو بۆ مەسەلەی کوردی دەیخوازێ ڕۆشن نییەو هێشتا دیار نییە دەستووری داهاتوی تورکیا چ پێشنیارێك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە پێشکەش دەکا. هەر ئەم مانگە سەرۆکی پەرلەمانی ئەورووپا مارتن شوڵتز، لەسەروبەندی سەردانی بۆ زانکۆی بیلگی لە ئیستانبول، ئۆتۆنۆمیی وەك ((باشترین چارەسەر)) بۆ مەسەلەی کوردی تورکیا ناساند. ئەم مەسەلەیە هێشتا لە تورکیا بڕیاری یەکجارەکی لەبارەیەوە نەدراوە، بەڵام نکوڵی لەوە ناکرێ کە ئەم چارەسەرە دەشێ بۆ تورکیاو بۆ پرسی دەستەبەرکردنی سەقامگیری، سودبەخش بێ.

بەپێچەوانەی ئەوەی کە باوە، ئەم چارەسەرە لە مێژووی تورکیا ڕەگ و ڕیشەی خۆی هەیە، تەنانەت بانگەواز بۆ پیادەکردنی ئەم ڕێوشوێنە، لەخودی کۆماری تورکیا کۆنترە. یەکەم باسکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تورکیا بۆ ساڵی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە، کاتێك ماددەی ٦٢ی پەیمانی سیڤەر پێشنیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کرد. ئەگەرچی مێژوونووسەکانی بزوتنەوەی کەمالیستی کەم باسی دەکەن، بەڵام بزووتنەوەی کەمالیستی لەماوەی نێوان دەرچوونی پەیمانی سیڤەرو دەرپەڕاندنی هێزەکانی یۆنان لە تورکیا، دژی ئەوە نەبووە کە کورد ئۆتۆنۆمیی هەبێ، تەنانەت مستەفا کەمال ئەتاتورك بەڵێنی بەکورد دابوو کە پاش ڕزگارکردنی تورکیا، ئۆتۆنۆمییەکی فراوانتر لەئۆتۆنۆمییەکەی سیڤەر بەکورد دەبەخشێ.

بەڵام بزووتنەوەی کەمالیستی بەڵێنەکەی نەبردە سەرو لەم سۆنگەیەوە مەسەلەکە بەهەڵپەسێردراوی مایەوە. ئۆتۆنۆمی بۆ کوردو تورك بایەخی خۆی هەیە. تورکیا بەبێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ناتوانێ ببێ بەئەندام لەیەکێتیی ئەورووپا، چونکە ئەورووپا تورکیایەکی پڕ گرێ و گۆڵ و کێشمەکێشی ناوێ. هەروەها تورکیایەکی سەرقاڵ بەسەرکوتکردنی کوردو بەرپەرچدانەوەی بزووتنەوەی ناڕەزایی کورد، ناتوانێ ڕۆڵێکی گەورە لەناوچەکە بگێڕێ. بۆ کوردیش، ئۆتۆنۆمی لێی ڕادەبینرێ نیشتمانێکی نەتەوەیی لەچوارچێوەی تورکیایەکی یەکگرتودا دابین بکات. ئەگەرچی دەسەڵاتی ناوچە ئۆتۆنۆمەکە ناگاتە ئاستی دەسەڵاتەکانی هەرێمێکی فیدراڵ، بەڵام ئەمە لەبایەخی ئۆتۆنۆمییەکە کەم ناکاتەوە، چونکە ئەم ئۆتۆنۆمییە بەشێك لەپێداویستییەکانی گەشەی کەلتووری و ئابوریی گونجاو بۆ کوردەکانی باکوور دەستەبەر دەکا.



فەرید ئەسەسەرد


لەو هەرێمانەی کە لەئۆتۆنۆمی بێبەشن، ئۆتۆنۆمی ناوبانگ و باق و بریقێکی زۆری هەیە. لەناو کوردی ئێران، خوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕای وابوو کەحزبەکەی بەنیوەی ئەو ئۆتۆنۆمییە ڕازییە کە کوردی عیراق بەدەستیان هێناوە. بایەخی ئۆتۆنۆمی لەوە دایە کەماف لەمافی ڕوتەوە بۆ مافی بەرجەستەکراو دەگوێزێتەوەو ناسنامەیەکی کەلتووری بۆ دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆم دەستەبەر دەکاو بەکردەوە ئەم ڕێوشوێنە بەڕێوشوێنێکی یاسایی لەبار بۆ سەلماندنی جیاوازی و تایبەتمەندییەکان دادەندرێ.

لەسیستمی ئۆتۆنۆمیدا سنووری دەسەڵاتەکان لەئەندازەی گوزارشت کردن لەپێداویستییە ماددییەکانی پەرەسەندنی نەتەوەیی گرنگتر نییە. ئەزموونی ئۆتۆنۆمیی وڵاتێکی وەك ئیسپانیا دەری خستووە کەگۆڕینەوەی حوکمڕانیی لۆکاڵ بەئاشتی و سەقامگیری، ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر پێشکەوتنی ئابوری و سەقامگیریی سیاسی هەبووەو دەتوانرێ لەم بارەیەوە ئەزموونی ئیسپانیا بۆ تورکیا سودبەخش بێ.

**تورکیا بەبێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ناتوانێ ببێ بەئەندام لەیەکێتیی ئەورووپا**

کوردەکانی تورکیا بەئۆتۆنۆمی ڕازین. بەڵام ئەوەی کەئەم مەسەلەیە یەکلا دەکاتەوە، ئەنکەرەیە نەك کورد. ئامادەکارییەکانی تورکیا بۆ نووسینی دەستوورێکی مەدەنی و دیموکرات و شایستەی سەدەی بیست و یەك، دەرفەتێکە بۆ دانانی بناغەیەکی دەستوری بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

# ژانەکانی قەیرانی عێراق



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

عێراق وەکو دەوڵەت، لەوەتەی دامەزراوە، چ لە سەردەمی پاشایەتی ١٩٢١- ١٩٥٨و چ لە سەردەمی کۆماریدا ١٩٥٨-٢٠٠٣، هەرگیز دەوڵەتێکی دەستووری بە مانای ڕاستەقینەی خۆی نەبووە، تا دوای ٢٠٠٣ ببێتە وڵاتێکی دەستووری و دیموکراتی.

عێراق وێرای کە لە بنەڕەتدا، دەوڵەتێکی دەستکردو بێ پرسی پێکهاتە بەزۆر لێکێنراوەکانی ناوی، بە ویستی دەرەکی، دروستکرا، کەمینەی سوننەی عەرەبیش بەسەر زۆرینەدا سەپێنرا. ئەو «غوبن و غەدرە تایەفییە» لە زۆرینەی شیعەو ئەو «غوبن و غەدرە نەتەوەییە» لە کورد، هۆکارێکی سەرەکی بووە کە عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی یەکگرتووی کارا کە نوێنەرایەتی هەمووان بکات، گەلێکی بە مانا سیاسییەکەی کە بەرژەوەندییەکی باڵا پێکهاتەکانی کۆبکاتەوە، تێیدا نەگۆڕێ. دوای ٢٠٠٣یش ئەم هاوکێشەیە بە ئەمریکا هاوسەنگ نەکرایەوەو قۆناخێکی تری پەراوێزخستن و یەکدی پاکتاوکردن دەستی پێکرد. لەو سۆنگەیەوە قسەکردن لە بەیەکەوەهەڵکردن و سەقامگیری و دیموکراسی چ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە. هەرچی کراوە بۆ بەیەکەوە هەڵکردن و دیموکراتیزەکردن، با بە بڕواو و نیەتی پاکیشەوە بێت، ئاسنی ساردەکوت بووە. (٨٠) ساڵ، بە زەبری هێز ئەو دەوڵەتی عێراقە خۆی ڕاگرت. هەر هەندەی ئەو هێزە لە ٢٠٠٣ لەبەر یەکهەڵوەشایەوە، ئەم دەوڵەتەش، کەوتە ڕیزی دەوڵەتە فاشیلەکانەوە.

لە ٢٠٠٣ دەوڵەت داروو پەردووی بەسەریەکەوە نەما. نە«سیادەی دەرەکی» بۆ عێراق مایەوە نە«سیادەی ناوەکی»و سوکانی حوکمڕانیی عێراق کەوتە دەست ئەمریکاوە. لێرەدا «ڕزگارکردن» و «داگیرکردن» بەکارناهێنم. ئەمریکا، وەکو بەریتانییەکان، ڤیا عێراق وەکی دەوڵەتێکی یەکگرتوو بینا بکاتەوە. هەڵبەت بەبێ گوێدانە ویستی ئازادانەی خەڵکی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق و بەبێ وردبوونەوە لەو مێژووە خوێناوی و دابەش- دابەشە قووڵەی عێراق. سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەو بیناکردنەوەیەدا، بەشداربوو و بەشداری پێکرا. تەنیا بۆ بەراورد، یەکێتیی سۆڤیەت لە سەروبەندی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو ڕووخا، خەڵك و بزووتنەوەی سیاسیی لە (١٥) کۆمارەکەی ئەوسای سۆڤیەت، خۆیان بە بیناکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت خەریك نەکردەوەو یەك لەدوای یەك جاڕی سەربەخۆیی خۆیان دا. ئەمریکا، دەستوورێکی بۆ عێراقییەکان (بە کوردیشەوە)دانا، کە لە ڕاستیدا گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی- قانوونیی نێوان پێکهاتەکان خۆیان نەبوو. هەرگیز سوننە(مەبەستم عەرەبی سوننەیە)، بەو دەستوورە ڕازی نەبوون و نین، بە دەستوورێکی سەپێنراو بەسەریاندا چاوی لێدەکەن (دەستوورێك بە قازانجی شیعەو کوردو بە پشتەوانیی ئەمریکا). بەشێکی ناو شیعەش هەروا و ئاخاوتنەکانی هەندێ لە سەرکردە دیارەکانی ناو شیعەشمان لەیاد نەچووە. تەنانەت بەشێکی ناو کوردیش نیگەران بوون لە ڕەوشی دوای ٢٠٠٣ کە داخوا ئەم هەرێمەی ئێمە چارەنووسی چی دەبێت:بەرەو تێکەڵبوونەوەو ئاوێتەبوون دەڕوا یان دەرفەتێك بۆ وەکیەکبوون و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دێتەپێشەوە. کورد پێی نەکرا، ماددەیەك سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسین لە ڕێگەی ریفراندەمەوە لەناو دەستوورەکە جێگیر بکات و وێڕای ئەوەش دەنگی پێدا. ئەودەمە زۆرێك لە ئێمەومانان ئەو ڕۆژەمان لەبەرچاو بوو. ناهەقمان نەبوو نیگەران بین، لە ١٩٢١ەوە- تا ٢٠٠٣، چ خێرو خۆشییەکمان لە دەوڵەتی عێراق نەدیبوو، جگە لە بەڵاو کارەسات و ماڵوێرانی و قڕکردن، ئەو دەوڵەتە هەر بۆ ڕووخان باش بوو نەك دامەزراندنەوەو بیناکردنەوەی. دەقاو دەق لەبەرانبەر ئەنجوومەنی حوکم لە ٢٠٠٤/٢/٢٨دا، وەفدی بزووتنەوەی ریفراندەم لە کوردستان ئەوەیان گوت و چەندین پرسیاری نیگەران ئامێزیشیان ئاڕاستەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە کرد کە داخوا کێ گەرەنتی ئەوە بە کورد دەدات پاش پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سوپای عێراق و بەهێزبوونەوەی، وەکو جاری جاران، هێرشمان ناکەنەوە سەرو ئەو نیمچە سەربەخۆییەی هەمانە لێمان زەوت ناکەنەوە!

عێراق، چونکە دەستکردە، قەیرانێکی ستراکتوری (بنیوی) هەیەو، قەیران دوای قەیران دروست دەکات و، بەیەکەوە هەڵکردنی پێکهاتەکانی زۆر زەحمەت بووە. ئەم قەیرانەی ئێستەش تێبپەڕێ، قەیرانی تر دێتە پێشەوە. عێراق دابەشبەندییەکی قووڵی تایەفی (شیعە- سوننە) و ئیتنی (عەرەب- کورد)ی تێدایە.

**کورد دەرفەتی بۆ فیدراڵیزم کردەوە. لێ بە تەنیا دەخوێنێ و دوو پێکهاتەکەی تر بە کردەوە باوەگۆیان نەداوەتەوە یان هەر قەناعەتیان پێ نییە**

ململانـــەی توندی لەســـەر دەســـەڵات و ســـەروەت و لەســـەر خاك تێدایە، ئـــەو دابەشـــبەندییە بەتەنیا رەهەندی ناوخۆیی نییە، رەهەندی ناوچەییشی هەیە و تێکئـــاڵاون. لە مەودای بینراودا دیموکراســـی لە کۆمەڵگەیەکی وەها دابەش- دابەش و هەلا- هەلادا، کـــە لەبنەڕەتدا کەلتووری دیموکراســـی تێدا نەبووەو نییە، ناهێتە پێڕەوکردن، یان سەختە بێتە پێڕەولێکردن. هەڵبژاردنی گشتیی ناو بەناو، دابەشکردنی پۆستەکان بەسەر هەر سێ پێکهاتە ســـەرەکییەکەدا لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان بە تەوافوقێکی لەرزۆك و، نەبوونی بەڵانسی راستەقینە لەنێوان پەرلەمان و حکوومەتدا و لە وڵاتێکی پڕ نەوتدا، سەقامگیری و بەیەکەوەهەڵکردن و دیموکراســـی و خزمەتگوزارییـــان لەگەڵ خۆیاندا نەهێنا.

بەهەرحاڵ، دیموکراســـی لـــە عێراقێ وەکو یەك یەکەی سیاســـی، وەك لەبەرچاوە، نایەتە پێڕەوکردن، چونکە هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیش نییە لە سەرووی هەر سێ پێکهاتەکەوە کە بەراست هەڵگری دیموکراسی بێت. عێراق (٣) رێگەی لەپێشە:

١- یان ئەوەتا بە زۆر و بە ستەم و خۆسەپاندن و لە رێگەی هێزەوە حوکم بکرێ. ئەو ئەگەرە پاشخانێکی بەهێزی هەیەو لەنێـــوان ١٩٢١- ٢٠٠٣ پێڕەوکراوە و کارەسات دوای کارەســـاتی بەسەر گەلانی عێراق و ناوچەکەدا هێناوە. ئەو مەیلە لەناو شـــیعەو سوننەدا هەیە. سەبارەت بەو ئەگەرە و بۆ کەمکردنەوەی زیان و دەرهاویشتەکانی ئەم هەلومەرجە سیاسییەی عێراق و ناوچەکـــە، هەندێ دەڵێن، جا لـــە ناچارییەوە بێت یان لە قەناعەتەوە، با دەرفەتێك بدەین بە ســـازان، بە ریفۆرم، یان بە دووبـــارە (تەوافووق و تەرتیبکردنەوە و جێگۆرکـــێ پێکردن ئەم بەوی تـــر) و تواناکان بۆ ماوەو تەکتیکێکی دیاریکراو چـــڕ بکرێنەوە. حاڵی حـــازر بەبەرچاومـــان و لە پشـــتی پەردەکانەوە ئەوە دەگوزەرێ کە بڕوای خۆم، ئەو جۆرە سیاســـەتکردنە ئەنجامەکەی خولانەوەیە لە بازنەی ئەگەری دووەمدا. ئەو توانا خەرجکردنە، عێراق لە قەیرانە بونیادییەکەی رزگارناکات.

٢- یان ئەوەتا وەکو دەوڵەتێکی فاشـــیل لە گێژەنی قەیران لەدوای قەیراندا بخولێتەوە کە چارەنووســـێکی باشـــتری نییە لە ئەگـــەری یەکەم. لـــێ لە باری مانەوەی عێراق لەو رەوشەدا، ئەگەر ئێستا لە هەندێ بازنەو جومگەدا، هێشتا ســـوکان بە دەست سەرکردە عێراقییەکانەوە بێت، ئەوا بەردەوامیی قەیرانەکان، ئەو جومگـــەو بازنانەی هەن، بەدەســـت کەس نامێننەوەو هۆکاری دەرەکی (چ ئەقلیمی بێت یان نێودەوڵەتی) تەئسیری پتر دادەنێ لەسەر ئاڕاستەکردنی ململانەو قەیرانەکان کە پێموایە لە باری واشدا، کەس بێ زیان نابێـــت کە پێموایە ئەو ئەگەرە بـــۆ ماوەیەك بەردەوام دەبێت.


٣- یان ئەوەتا عێراق وەکـــو دەوڵەتێکی یەکگرتوو، هەڵبوەشـــێتەوەو هەر پێکهاتەیـــەك ئازادانە رێگەی پەرەســـەندنی خۆی بدۆزێتەوە. پێموایە، درەنگ یان زوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە بەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەر ئێمە نـــا، ئەو ئەگەرە ئەگەر بەناچاریش بێت قبوڵ دەکات، بەڵام پاش ئێش و ژانێکی زۆر. لە بیرمە، لە شوباتی ٢٠٠٤ کە لەگەڵ وەفدی بزووتنەوەی ریفرانـــدەم لە بەغدا بووین، چاومـــان بە بەڕێوەبەری پێوەندییەکانی سی پی ئەی، باڵیۆز رۆنالد ئی نیومان و رێکخەری ســـی پی ئەی لە باکوور ئیما ســـکای کـــەوت، لەو دیمانەیەدا رۆناڵد نیومان بە راشـــکاوانە وتی:»ئێمە چ لەپێش شـــەڕو چ لەکاتی شـــەڕو چ لەدوای ڕووخانی سەدامیشـــدا، هەمیشـــە جەختمان لەســـەر یەکگرتوویی عێراق کردۆتەوە. پێویستە ئێوە دەرفەتێـــك بۆ فیدراڵیزم بکەنـــەوەو تاقی بکەنەوە».

لێرە قسە لەسەر بەشی یەکەمی قسەکانی ئەو باڵیۆزە نییە، بەڵکە سەبارەت بە فیدراڵیزمە کە کورد دەرفەتی بۆ کردەوە، لـــێ بەتەنیا دەخوێنێ و دوو پێکهاتەکەی تـــر بەکردەوە باوەگۆیان نەداوەتەوە یان هەر قەناعەتیان پێ نییە. واتە کـــورد، وەك چۆن ئۆتۆنۆمی کردبووە دروشی خۆی و تاقی کردەوە، لێ رژێم پەسندی نەکرد و کارەساتی بۆ کورد نایەوە، ئا ئاوا کورد، فیدراڵیزم-یشـــی تاقیکردەوەو لە دەستوور چەسپا. کورد چی لە عێراق دەسکەوتووە دوای ٢٠٠٣ و چی زەرەر کردووە، کـــەس ناکارێ بڵێ دوای ٢٠٠٣ لـــەڕووی ئابووری و داراییەوە کورد ســـوودمەند نەبووە، بودجەی عێراق، ٩٨٪ی لە فرۆتنی نەوتەوە دێ، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو نەوتە هی کەرکووك بووە، کە لە رووی جیوگرافی و مێژووییەوە بەشـــێکی کوردستانەو لێی دابڕێنراوە و لەنێوان ١٠- ١٧٪ی بودجەی عێراق بە کوردستان دراوە کە کەمترە لە «ئیستحقاقات»ی خۆی و، حکوومەتی هەرێم، کوردستانی پێ ئاوەدانکردۆتەوەو بوژاندۆتەوە. بەڵام گرفتەکانی تر، وەکو بەشداریکردنی راستەقینە لـــە بڕیـــار و بەرێوەبردنی عێراق (وەکـــو دەوڵەتێکی ئیتیحادی!) و دامودەزگاکانیدا، ماددەی ١٤٠، نەوت و غاز، پێشـــمەرگە، نوێنەرایەتی کـــورد لە دەرەوە و سیاســـەتی دەرەکیی عێراق یـــان ئەوەتا رواڵەتین، یان هەنگاوێکـــی کەمیان بۆ هاوێژراوە، یان هەر جێبەجێ نەکراون و ماونەتەوە؟ بۆ کەی هەڵدەگیرێن؟ چ نیازو مەرامێك لە چارەسەرنەکردنیاندا هەیە؟ ئەوە وایکردووە نەوەی نوێ لە فیدراڵیزم، بەتایبەتی کە تاقیکردنەوەی وەك یۆگسلاڤیای پێشووشیان لەبەرچاوە، بێئومێد بن... مخابن، عێراق و هەر سێ پێکهاتەکەی وەکو (چیك و ســـلۆڤاکیا)ش نین کە زۆر بە شارستانیانەو ئاشتییانە لێکجودابوونەوەو بوونە دوو دەوڵەتی ســـەربەخۆ. بۆیە ئەگەری ســـێیەم هەم کاتی دەوێ، هـــەم بەرنامەی تۆکمەو یەکرێزی و خۆئامادەکردنی دەوێ بۆ هەموو ئەگەرەکان.

**عێراق، چونکە دەستکردە، قەیرانێکی ستراکتوری (بنیوی) هەیەو، قەیران دوای قەیران دروست دەکات و، بەیەکەوە هەڵکردنی پێکهاتەکانی زۆر زەحمەت بووە. ئەم قەیرانەی ئێستەش تێبپەڕێ، قەیرانی تر دێتە پێشەوە**

**بودجەی عێراق، ٩٨٪ی لە فرۆتنی نەوتەوە دێ، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو نەوتە هی کەرکووك بووە، کە لە رووی جیوگرافی و مێژووییەوە بەشێکی کوردستانەو لێی دابڕێنراوە و لەنێوان ١٠- ١٧٪ی بودجەی عێراق بە کوردستان دراوە کە کەمترە لە «ئیستحقاقات»ی خۆی**

# پرۆسەی بونیادنانەوە و پەرەپێدانی توانای مرۆیی





# دوو ئاماژەن بۆ سەرکەوتنی قۆناخی ڕاگواستن و چەسپاندنی دیموکراتی







فرانسیس فۆکۆیاما لەدواین توێژینەوەیەدا بەناونیشانی (ئاییندەی مێژوو) پرسیارێکی وروژاندووە، ئایا دیموکراتی لیبرالی بەبێ چینی ناوەڕاست دەتوانێت بمێنێتەوە؟ ئەم ترسەی فۆکۆیاما لەسەر ئەوەیە کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هەڕەشەیە بۆسەر چینی ناوەند، بەتایبەتی ئەو تەنگژە ئابوورییەی لەیەکدوو ساڵی ڕابردوو وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپای گرتەوە، هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە فۆکۆیاما هەوڵیداوە ڕایەڵێك لەنێوان هەژموونی فیکری لیبرال دیموکراتی و گەشەی ئابووری و وەرچەرخانی باری کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێبداتەوە، بەوەی فیکری لیبرال دیموکراتی ئێستا هیچ ڕکابەرێکی نییە، بەڵام ئەوە ناشارێتەوە ئەگەر ئەو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی ئەمڕۆ بەهۆی تەنگژە ئابوورییەکانەوە ڕووبەڕووی وڵاتانی لیبرال دیموکراتی دەبنەوە چارەسەر نەکرێن و بەردەوام بن، ئەوا هەم کێشە ئابوورییەکان و هەم کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەبنە هۆکارێك بۆ مەترسی کەوتنە سەر سەقامگیری لیبرالیزمی هاوچەرخ و چەمکی دیموکراتیش لەماناکەی دادەماڵرێت وەك ئێستا خەریکە سەرەتاکانی دەردەکەون، ئەم بۆچوونە تازەیەی فۆکۆیاما کە تارادەیەکی زۆر ڕۆچوونە بەسەر ئەو لایەنانەی کە لەسەرەتای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت مەزندەی بۆ نەدەکرا و بۆچوونی ئەوکات بەو جۆرە بوون، کە دیموکراتی لیبرالی دووچاری کێشەی لەمجۆرە نابنەوە، بەڵام تەنگژە ئابوورییەکان دەریانخست ئەم لایەنە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر فیکری لیبرال دیموکراتی دروست دەکات، لەم چوارچێوەیەشدا وەك زۆربەی بیرمەندانی سیاسیی ئاماژەیان پێکردووە، هۆکاری سەرکەوتنی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرمایەداری کامڵ

**ئەگەر پوکانەوەی چینی ناوەڕاست بۆ ئەوروپا وەك هەڕەشە سەیر بکرێت، ئەوا دروستکردنی چینی ناوەند بۆ وڵاتانی وەك ئێمە وەك هەڕەشە دەمێنێتەوە و ناتوانرێت هەنگاوی گرنگ بۆ پرۆسەی دیموکراتی هەڵبگیرێت**

توانی چینی ناوەڕاست بەرهەم بێنێت، ئەم چینە بووە ڕایەڵێك کەچینی خوار و باڵای پێکەوە گرێدایەوەو بووە هۆکاری ئەوەی چینی کرێکار خۆی ببێتە چینێك کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ چینی ناوەند نەبێت، لەبەرامبەر ئەمەدا ئایدلۆژیایی مارکسی نەیتوانی یۆتۆبیای کۆمونیستی سەرکەوتن بەدەست بهێنت، لەبەر ئەوەی ئەم ئایدلۆژیایە مەبەستی بوو تەنیا چینی کرێکار بەرهەم بێنێت، ئەم حاڵەتە تا ڕووخانی دیواری بەرلین وەك دوو فیکر بەو شێوەیە بەراورد دەکران، بەڵام لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و دەرکەوتنی شۆڕشی تەکنۆلۆژیا، حاڵەتێکی دیکە هاتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە خەریکە چینی ناوەند بەتەواوەتی بچووك دەبێتەوە و دەبێتە دەستەبژێرێك لەکۆمەڵگەدا، ئەمەش ئەو پرسیارە دەوروژێنێت ئایا بەنەمانی ئەم چینە دیموکراتی لیبرالی دەتوانێت بمێنێتەوە؟

ئەگەر بەراوردێك لەو ترسەی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بکەین، کە ئەوان مەترسی لەسەر دیموکراتی بە پوکانەوەی ئەم چینە دەزانن، واتە ئەم چینە بوونی هەیە و دەیانەوێت بەهەر جۆرێك بێت بیپارێزن بۆئەوەی مەترسی نەکەوێتە سەر دیموکراتی، ئەوا لەوڵاتانی تازەپێگەیشتووی هاوشێوەی ئێمە کە لەقۆناخی بویناددنانەوەو پرۆسەی

**نابێت ئازادی ڕادەبڕین بەهەڕەشە ئیعتبار بکرێت، بەڵکو وەك دەرفەتێك لێی بڕوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و برەودان بەتێڕوانینی ڕەخنەگرانە کە دەرفەت بۆ گەشەپێدانی مرۆیی دەڕەخسێنن**

بونیادی دیموکراتین، ئەوا مەترسیەکە لەوەدایە ئەم چینە بوونی نییە یان وەك پێویست دروست نەبووە، هەر بۆیە ئەگەر پوکانەوەی ئەم چینی ناوەڕاستە بۆ ئەوروپا وەك هەڕەشە سەیر بکرێت، ئەوا بۆ وڵاتانی وەك ئێمە نەتوانین بۆ دروستکردنی چینی ناوەند وەك هەڕەشە دەمێنێتەوە و ناتوانرێت هەنگاوی گرنگ بۆ پرۆسەی دیموکراتی هەڵبگیرێت، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت بایەخی چینی ناوەند بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی وەك کۆڵەگەی سەرەکی پرۆسەی بونیادنانەوە سەیر بکەین، لەبەر ئەوەی چینی ناوەند بەرهەمی هەردوو پرۆسەی پەرەپێدان و پەرەپێدانی توانای مرۆییە لەقۆناخی بونیادنانەوە و دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدا.



**حکومڕانی باش پێویستی بەهەوڵ و کۆششە لەسەر ئاستی خەڵك و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها پێویستی بەچاکسازی هەیە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام بدرێت**

### پەرەپێدان وەك هەنگاوی دەسپێك لەپرۆسەی بونیادنانەوەدا

لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و دابینکردنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان کەوتە قۆناخێکی نوێی بونیادنانەوە، بەڵام لەهەرێمی کوردستان کێشەیەك هەبوو، ئەویش ئەوەبوو ئەم پرۆسەیە وەك وڵاتی دوای شەڕ و تەنگژەکان دەست پێبکات، یان وەك وڵاتێکی کاولی پشتگوێخراوی دەیان ساڵەی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق؟ بێگومان لەسەرەتادا هەرێمی کوردستان دەیویست وەك وڵاتی دوای شەڕ و تەنگژە خۆیی پێناسە بکات، هەوڵەکانی بەو ئاراستەیە بوون کە بەو جۆرە خۆی پیشانی جیهان بدات و دەرگای خۆی بۆ پەرەپێدان و هاتنی کۆمپانیا و سەرمایەگوزاری بیانی واڵا بکات، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت دەرکەوت پێویستە هەرێمی کوردستان بەزمانێکی دیکە بدوێت و بەزمانێکی دیکە پێناسەی خۆی بکاتەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو ژێرخانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەك وێران و پشتگوێخراو بوو، کە دەبوو هەموو شتێك لەسفرەوە بونیاد بنێتەوە و بیربکاتەوە لەوەی ئەم وڵاتە چی پێویستە و پێویستە ئەولەویەتەکانی چی بن، لەم ڕاستەوە شتێکی نهێنی ناڵێین ئەگەر بڵێین، هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە نەیدەتوانی بەوجۆرە پێداویستییەکانی خۆی پۆلین بکات و ئەولەویەتەکان دیاری بکات، نە هێندەش ئەزموونی هەبوو کام پێداویستی لەوی دیکە گرنگترە، ئەم ئەزموونە (ئەزموونی بونیادنانەوەی وڵاتێکی کاول و پشتگوێخراو) نموونەیەکی تازە بوو لەئەزموونەکانی بونیادنانەوە و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە(Nation building)، کە ئەم پرۆسەیە دەبێتە پرۆسەی بونیادنانەوەی دامەزراوەکان و هەوڵدان بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا و خستنە سەر سکەی پرۆسەی پەرەپێدان، پرۆسەی پەرەپێدانیش لەبەر ئەوەی پرۆسەیەکە بۆ هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆیی هەیە و لەهەر وڵاتێکدا ڕووبەڕووی گیروگرفتی تایبەتی خۆی دەبێتەوە، ئەوا ئەم پرۆسەیە لەئاکامی بەردەوامبوونی ڕێگەی خۆی دەدۆزێتەوە و دەتوانێت بگاتە ئەو ئاستەی کە هاووڵاتیانی ئومێدی بۆ دەخوازن، ئەمەش بەو مانایە دێت کە پرۆسەی پەرەپێدان، پرۆسەیەکی هەمەلایەن و بەرفراوانە و تەنیا لایەنی بونیادنانەوەی ژێرخانی خزمەتگوزارییەکانی وڵات ناگرێتەوە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ بونیادی ئەو ژێرخانەی کە پەرەپێدانی مرۆیی لەسەر ئەنجامدەدرێت و دەبێتە ئەو دەروازەیەی چینی ناوەند بەرهەم دێنێت، کەواتە هاوشانی پرۆسەی پەرەپێدان چینێکی کارامە دێتە بوون، کە ئەویش چینی ناوەندە، بەڵام ئەم چینە پێش دەسپێکی بونیادی دیموکراتی و پرۆسەی پەرەپێدان بەتایبەتی لەوڵاتانی هەژاردا، وەك پێویست بوونی نییە، بۆیە کاتێك لەگەڵ هەنگاوەکان لەبواری پەرەپێدان ئەم چینە دەردەکەوێت، ئەوا ئەم چینە دەبێتە کۆڵەگە بۆ بونیاد و پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە، کەلەوانەیە وەك نموونەیەك بۆ ئەم باسە دیموکراسیەتی هیندستان نموونەیەکی باش بێت، لەبەر ئەوەی کاتێك پرۆسەی دیموکراتی لەهیندستان دەستی پێکرد، چینی ناوەند بوونی نەبوو، بەڵام دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی چینی ناوەند، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دیبۆرا براتیگام ئوستادی پرۆگرامی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەزانکۆی واشنتۆن کرد، لەمبارەوە سەبارەت بەگرنگی چینی ناوەند لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی و وتی: ((سەبارەت بەگرنگی چینی ناوەند بۆ بونیادی دیموکراتی، حاڵەتێکی شاز هەیە ئەویش هیندستانە، لەبەر ئەوەی هیندستان توانی دیموکراسی بونیاد بنێت و بەردەوامی پێبدات و درێژەی پێبدات بێ ئەوەی چینێکی ناوەندی گەورە دروست بکات، لەئێستادا ئەو وڵاتە سەرقاڵی دروستکردنی ئەم چینەیە، ڕاستە

**پرۆسەی پەرەپێدان، پرۆسەیەکی هەمەلایەن و بەرفراوانە و هەوڵێکە بۆ بونیادی ئەو ژێرخانەی کە پەرەپێدانی مرۆیی لەسەر ئەنجامدەدرێت و دەبێتە ئەو دەروازەیەی چینی ناوەند بەرهەم دێنێت**



**دیبۆرا براتیگام بۆ گوڵان:**



## بوونی چینی ناوەند گرنگە بۆ سەقامگیری سیاسی، هەروەها بۆ هێنانەدی گەشەپێدان لەبوارێکی بەرفراوانتردا

ئەمە ڕواڵەتێکی پرۆسەی بەدیموکراتیکردن بووە لەناوچەکانی دیکەدا، بەڵام بەتەواوەتی پێویست نەبووە- بۆ ئەم پرۆسەیە-. بەڵام هیندستان دامەزراوەگەلێکی بەهێزی هەبوو، بەتایبەتی دادگاکان، هەروەها سەروەری یاسا، واتە ئەم وڵاتە خاوەنی دامەزراوەی بەهێز بوو کە ڕەگ و ڕیشەی قوڵیان هەبوو، تەنانەت لەسەردەمی کۆڵۆنیاڵیشدا، کەواتە ئەمە ئەوە دەخاتەڕوو کە ڕێگایەکی دیکە هەیە، چونکە ئەگەر تۆ دامەزراوەی بەهێزت هەبوو کە هەموو کەس ڕێزی بگرێت، ئەوا دەتوانیت پەرە بەدیموکراسی بدەیت و پرۆسەکە قوڵ بکەیتەوە، کە دواتر دەتوانیت پەرە بەچینی ناوەند بدەیت. لەهەمان کاتدا بوونی ئەم چینە گرنگە، گرنگە بۆ سەقامگیری سیاسی، هەروەها بۆ هێنانەدی گەشەپێدان لەبوارێکی بەرفراوانتردا، کە ئەمانەش لەشەو و ڕۆژێکدا ڕوونادات، بوونی چینی ناوەند گرنگە کە ئاماژەیە بەچۆنییەتی دابەشکردنی داهات، واتە ئەو کاتە نوخبەیەکەت نابێت کە جێی پێی خۆیان قایمکردبێت، هەروەها گرنگە بۆ ڕەخساندنی دەرفەت بۆ کەسە هەژارەکان لەناو چینی ناوەندا، ئەمانە ڕواڵەتی ستراتجیەتی پەرەپێدانی ئابوورین. بۆ نموونە ئەگەر خەڵك لەسەر ئاستێکی بەرفراوان دەرفەتی پەروەردەیان بۆ برەخسێنرێت، ئەوا کەمتر دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدلۆژیا توندڕەوەکانەوە، بەڵام نابێت ئەم پەروەردەیە تەنیا بۆ خەڵکە ئاساییەکە بێت، بەڵکو دەبێت بۆ نوخبەی وڵاتەکەش بێت، چونکە ئەگەر تێڕوانینێکی هاوبەش هەبێت لەنێو نوخبەی وڵاتەکەدا دەربارەی ئەوەی پێویستە وڵاتەکە بەئاقاری چ ئاڕاستەیەکدا ببردرێت، ئەوا ئەمە پتر هاوکار دەبێت. لەڕاستیدا هۆکاری بەرەوپێشنەچوونی دیموکراسی لەهەندێ وڵاتدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێڕوانینی هاوبەش لەنێوان نوخبەی وڵاتەکەدا نییە، ئیدی نوخبەی سیاسی بێت یان ئابووری، دەربارەی ئەوەی دەبێت وڵاتەکە چۆن ئاڕاستە بکرێت، بەڵکو تێڕوانینی ناکۆك بەیەك هەیە، کە هەندێکیان دیموکراسی لەخۆدەگرن و هەندێکیان نا، دەتوانین بڵێین پەرەپێدانی مرۆیی لەهەندێ وڵاتدا بەرهەمی پرۆسەی بەدیموکراتیکردنە، کە کۆدەنگی هەیە لەنێو نوخبەی وڵاتەکەدا، دوبارە دەتوانین ئاماژە بەئەزموونی هیندستان و وڵاتانی ئەورووپا بکەین کە سەرەتا دیموکراسی هەبوو و دواتر گەیشتە ئاستێکی بەرز لەژیان و گوزەران، ئەویش لەبەر ئەوەی لەسەرەتادا دیموکراسی دەرفەتی بۆ هەمووان نەدەڕەخساند، بۆ نموونە لەسەرەتادا دیموکراسی لەئەمریکا تەنیا بۆ پیاوانی سپی پێست بوو، ئەوانی دیکە مافی دەنگدانیان نەبوو، ئافرەتان مافی دەنگدانیان نەبوو، هەروەها ئەو کەسانەی بڕێکی دیاریکراو لەسەروەت و سامانیان نەبوو، ئەم شتانە بەم دواییە ڕوویاندا)).



# پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی زۆر گرنگە بۆ دیموکراسی، بەڵام هەلومەرجی سەرکەوتنی زۆر قورسە

**جۆن پاول عەزم بۆ گوڵان:**



پرۆفیسۆر دیبۆرا دروستبوونی چینی ناوەندی بەجۆرێك لەجۆرەکان گرێدایەوە بە پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی، کەئەم پرۆسەیە بۆ قۆناخی دەسپێکی بونیادی دیموکراتی و بونیادنانەوە تا دوا ڕادە گرنگە، بۆیە سەبارەت بەم پرۆسەیە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جۆن پاول عەزم ئوستادی ئابووری لەزانکۆی تۆلوز لەفەرەنسا کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە وەڵامی داینەوە و وتی: ((پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی زۆر گرنگە بۆ دیموکراسی، بەڵام هەلومەرجی سەرکەوتنی زۆر قورسە، لەڕاستیدا پەروەردە و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی گشتی زۆر گرنگن بۆ پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی و گەشەپێدانی مرۆیی. بەڵام کاتێك تۆ وەبەرهێنان لەم کەسانەدا دەکەیت، ئەوا تاوەکو وەك بەشێکی بچووکی کۆمەڵگە بمێننەوە، ئەوا ئاییندەی سیاسیان دیاری نییە، کەواتە ئەوەی پێویستە ئەوەیە پشتیوانی خەڵکی بەدەست بهێنرێت بۆ گەشەپێدانی مرۆیی، تەنانەت لەناو ئەو چینانەشدا کە ڕاستەوخۆ سوودمەند نابن. لەبەر ئەوەی دەبێت خەڵکی لەوە تێبگەن کاتێك دیموکراسی بونیاد دەنرێت، ئەوا لەمەودای دووردا منداڵەکانیان سوودمەن دەبن، ئەگەرچی ڕەنگە خۆیان نەتوانن ئومێدی زۆریان پێی هەبێت بۆئەوەی لەتەمەنی خۆیاندا بەرەکەی بچننەوە، بەڵام منداڵەکانیان لێی سوودمەند دەبن و ئاییندەیەکی گەشتر چاوەڕێی نەوەکانیان دەکات. ئەمەش کارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی هەندێ سیاسی، یاخود چالاکوانی سیاسی هەن کە بەرژەوەندیان هەیە لەسەرکوتکردنی ئەم جۆرە بیروبۆچوونانەدا، کاتێك خەڵکانی خوێنەوار و چینی ناوەند سەرهەڵدەدەن ئەوا کەسانێك ڕێگریان لێدەکەن وەك ئەوەی ئەمە مەترسی بێت بۆ سەر کۆمەڵگە. کەواتە پرۆسەی سیاسی گرنگە بۆ پەرەپێدانی مرۆیی، ئەمە گرنگە، هەروەها ئەوەی گرنگە ئەوەیە خەڵکی پشتیوانییەکی زۆر لەم پرۆسەیە بکەن، ئەویش بەتێگەیشتن لەو ڕاستیەی کە ئەمە لەمەودای دووردا سوود بەمنداڵ و نەوەکانیان دەگەیەنێت. ئەگەر لەمێژووی ئەم پرۆسەیە بڕوانیت لەو وڵاتانەی ئێستا وڵاتێکی دەوڵەمەندن و وڵاتی پیشەسازین، بۆ نموونە ئەگەر لەبەریتانیای سەدەی هەژدە و نۆزدە بڕوانیت، بەدامەزراوەکان دەستیان پێکرد، بەڵام ئەم دامەزراوانە بەبڕوای من هیچیان نەکرد، لەپێوەندیدا بەدامەزراوەی سیاسی و قەزائیەوە، واتە دامەزراوەی پێویستن، بەڵام بەس نین، واتە ئەگەر لەمێژووی ئینگلتەرا بڕوانین، ئەوا ئەو هۆکارەی بووە هۆی خێراترکردنی پرۆسەی پەرەپێدان، بریتی بوو لەجۆری ئەو بەرژەوەندیەی لەئارادا بوو، واتە بوونی چینی ناوەند بوو، کە ئەو کاتە لاواز بوو، لەگەڵ هەندێ لەبازرگانەکان و خاوەن کارەکان و کەسانی خوێنەوار کە توانیان هاوپەیمانییەك


لەگەڵ ئەرستۆکراتەکان ببەستن، بۆ بونیادنانی ئەو دەوڵەتەی لەکۆتاییدا بووە دەوڵەتێکی سەرکەوتوو، کە سەدەیەك دوای ئەوە بووە بەهێزترین ئیمپراتۆریەتی جیهان و هێشتا وەك وڵاتێکی دیموکراتی ماوەتەوە، بەڵام وڵاتێکی وەك فەرەنسا هەرگیز نەیتوانی ئەم شەبەنگە جوانەی بەرژەوەندی کۆبکاتەوە، کە لەم بوارەدا کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاك دەتوانێت هاوکاربێت، دەبێت فرە ڕەهەندی هەبێت لەسیاسەتدا، خراپترین شت ئەوەیە سیاسەت بەسەر ڕاست و چەپەکاندا دابەش بێت، یاخود موعارەزە تاکڕەهەند بێت، ئەگەر بتوانیت ڕەهەندی جۆراوجۆر پەرەپێبدەیت لەپێوەندیدا بەمافەکانەوە، بەسەرمایەی مرۆییەوە، بەئازادی ڕادەربڕینەوە، بەئازادی ئایینییەوە، ئەوکاتە دەبێت خەڵکی سازش بکەن و ئەوکاتە سیستمێکی سیاسی بەهێزت دەبێت کە پشتیوانی لەمافە بنەڕەتیەکانی خەڵك بکات.. بێگومان ئەمە گرنگترین شتە لەپەرەپێدانی سیاسەت یاخود ستراتیجیەتدا، ئەوەی گرنگترە بریتییە لە ڕەخساندنی پاڵنەری باش بۆ وەبەرهێنان لە کاڵا بەرهەمدارەکان و سەرمایەی مرۆییدا، کە دەبێت خەڵکیش متمانەیان هەبێت مافەکانیان پارێزراوە، بۆ ئەم مەبەستەش تۆ پێویستت بەسیستمێکی سیاسیە کە پشتیوانی لەو کەسانە بکات کە وەبەرهێنان دەکەن، وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆییدا، لەدەستپێکردنی پرۆژەی نوێدا، کەواتە دەبێت هەموو شتەکان هاوکات و هاوشان بەیەك ئەنجام بدرێن، سەروەری یاسا و گرتنەبەری ئەو سیاسەتانەی وا دەکات پشتیوانی لەم وەبەرهێنانە بکرێت، هەروەها لەبەرنامەکانی پەرەپێدان، بەهەمان شێوە دەبێت تا ڕاددەیەکی زۆر پشت بەکەرتی تایبەتی ببەستیت، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی ناتوانرێت هەندێ جار بەشێوەیەکی باشتر لەلایەن حکومەت یاخود دەوڵەتەوە دارایی بۆ هەندێ پرۆژەی پەیوەست بەبونیادنانی ژێرخان تەرخان بکرێت، بەڵکو تەنانەت ئەگەر حکومەتێکی بەهێزیشت هەبوو دەبێت پشت بەکەرتی تایبەت ببەستیت، ئەمەش پێویستی بەبوونی ئیلیتیزامێکی جددی هەیە کە موڵك و ماڵ لەخەڵك زەوت نەکرێت، لەڕاستیدا بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە کارێکی قورسە، بەڵام گرنگە بتوانرێت لەمەودای دووردا بەدەست بهێنرێت)).

## گەشەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی

فاکتەری سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراتی بریتییە لەپرۆسەی پەرەپێدان و هەنگاو هەڵگرتن بۆ وەربەرهێنان کە ئەمانە دەبنە هۆکارێك بۆ گەشەپێدانی ئابووری و هەروەها زەمینەیەك دەڕەخسێت بۆ ئەوەی پرۆسەی پەرەپێدانی مرۆیی دەست پێ بکات، سەبارەت بە دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان و هاندانی وەبەرهێنان پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ئالان تیمەرمان ئوستادی کارگێڕی لەزانکۆی کالیفۆرنیا کرد و ئەویش لەئاخاوتنێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم لایەنە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (هاندانی وەبەرهێنانی دەرەکی هەموو کات هاوکار و یارمەتیدەر بووە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەتایبەتی لەبواری بواری بونیادنانەوەی ژێرخاندا، وەك دروستکردنی ڕێگا و بان و یەکەی نیشتەجێ و ئاو و ...تاد، هەروەها لەبواری هێنانی تەکنۆلۆجیا، وەك تەکنۆلۆجیای پێوەندیکردن و...تاد، لەڕاستیدا دەبێت ئەمە هاوشان بێت بەسەقامگیری و سیستمی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانرێت سوود لەم وەبەرهێنە بیانیانە وەربگیرێت، بەدڵنیاییەوە هەندێ حاڵەت هەیە کە ئەمە ڕۆڵێکی گرنگی تێدابینیوە لەزیادکردنی ئاستی گەشەکردن، ئەمەمان لەهەندێ وڵاتدا بینیوە کە دەرگایان بەڕووی بازاڕی سەرمایەدا کردەوە و ئەوەش سەلمێنرا کە وەبەرهێنانی دەرەکی ڕۆڵی گرنگی هەبووە. هەروەها ئەگەر خەڵکی ببینن کەرتێکی کارا هەیە کە ژێرخانی وڵاتەکە بونیاد دەنێتەوە و لەژیانی ڕۆژانەیاندا هاوکاریان دەکەن، وەك ئاو و کارەبا، ئەوا پاڵنەر و توانای پەرەپێدانی کار و بازرگانی بەدەست دەهێنن، چونکە ئەگەر ژێرخانی پێویست نەبوو بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و کاڵا و هەناردکردنیان، ئەوا دامەزراندن و خستنەگەڕی کار زۆر زەحمەتە. کەواتە هاوکاری کردنی کەرتی تایبەت زۆر گرنگە)).


بەلام ئەم قۆناخە کە قۆناخی پەرەپێدانە، هاوکات لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی پەرەپێدان زەمینەی ئەوەش دەڕەخسێنێت کە هێزی خۆماڵیش بۆ کارکردن بکەوێتە کار و بەشداری پرۆسەی بونیادنانەوە بکات، هەروەها هاوکات ئەو چینە ناوەندەش دروست دەکات کە دەکرێت ببێتە بنەمای بۆ بونیادی دیموکراتی، سەبارەت بەم لایەنەش پرسیارمان لە پرۆفیسۆر سەلیم عەلی ئوستادی سەرچاوە سروشتیەکان لەزانکۆی ڤیرمۆنت کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم پرسە هاتە ئاخاوتن: (کلیلی بونیادنانی چینی ناوەند بریتییە لەبایەخدان بەبواری پەروەردە و گەشەپێدانی ئابووری پێکەوە. زانکۆکان کانگای نوێگەرین، بەڵام بەداخەوە، تاوەکو ئەم دواییەش لە زۆرێك لەوڵاتانی جیهانی سێدا پشتگوێخرابوون. ئەوە شتێکی دڵخۆشکەرە کە وڵاتێکی وەك قەتەر سەرمایە دەخاتەگەڕ لەبواری پەروەردەی ئیقلیمدا، بەڵام هێشتا کارێکی زۆر ماوە کە دەبێت لەم ڕووەوە بکرێت. هەروەها دەبێت تۆڕێکی

ئالان تیمەرمان بۆ گوڵان:



## هاندانی وەبەرهێنانی دەرەکی هەموو کات هاوکار و یارمەتیدەر بووە بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو

سەلیم عەلی بۆ گوڵان:




## کلیلی بونیادنانی چینی ناوەند بریتییە لەبایەخدان بەبواری پەروەردە و گەشەپێدانی ئابووری پێکەوە

دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئیجابی هەبێت بۆ ئەوەی خەڵکەکە بتوانن جگە لەفەراهەم بوونی پێداویستیە بنەڕەتیەکان گەشەی زیاتر بکەن. ئەمە تەنیا ئەوکاتە مومکینە کە خاوەن سەروەت و سامانە زۆرەکان باج بدەن. بێ ئەم باجە حکومەت ناتوانێت ئەم تۆڕە دابین بکات و لە زۆرێك لەوڵاتانی جیهانی تازەگەشەکردودا دەوڵەمەندەکان شێوازی تایبەت بەخۆیان دەدۆزنەوە بۆ خۆدزینەوە لەباج. دەبێت لەڕێی پڕکردنەوەی کەلێنی سەفقە داراییە نێودەوڵەتیەکان و ڕێگرتن لەچوونە دەرەوەی سەرمایە ئەم کارە بکەین. هەر لەم ڕووەوە دەبێت چاکسازی بکرێت لەکاری بانقیدا لەو وڵاتانەی بە بەهەشتی باج ناسراون، وەك سویسرا و دورگەی جایمان. هەروەها لێرەدا دەخوازم ئاماژە بەپاشکۆی گەشەپێدانی مرۆیی بکەم، کە لەلایەن د. مەهبوب ئەل هەق، کە ئابووریناسێکی پاکستانییە پەرەی پێدرا لەلایەن پرۆگرامی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك پێوەرێك بەکاردەهێنرێت. دەکرێت ئاماژەکانی داهات، پەروەردە و تەندروستی بەچەشنی ڕێژەی مردنی منداڵی ساوا، یاخود ڕێژەی تەمەن لەم ڕووەوە بەکاربهێنرێن. ئەم پێوەرانە گرنگن، بەڵام دەبێت هاوشان بن بەپێوەری پەیوەست بەحکومەتەوە، وەك شەفافیەت و ئازادی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی وێنەیەکمان لەبارەی پەرەپێدانی توانای مرۆیی دەستکەوێت. بەداخەوە، هێشتا دوودڵیەکی زۆر بەدی دەکرێت لەڕووی ئایدۆلۆجیەوە، بۆ تەبەنی کردنی ئەم پێوەرانە، بەتایبەتی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. نابێت ئازادی ڕادەبڕین بەهەڕەشە ئیعتبار بکرێت، بەڵکو وەك دەرفەتێك لێی بڕوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ و برەودان بەتێڕوانینی ڕەخنەگرانە کە دەرفەت بۆ گەشەپێدانی مرۆیی دەڕەخسێنن)).

پرۆ فیسۆر سەلیم عەلی سەبارەت بەو ئاستەنگانەی دێنە ڕێگەی پرۆسەی دیموکراتی و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەم قۆناخە هەستیارەدا، لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە: (پرۆسەی بونیادی دیموکراتی پرۆسەیەکی پڕ لەپشێوییە، بەڵام پرۆسەیەکی پێویستیشە، لەمیانەی گەیشتنە بە کۆدەنگی و پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکاندا کە پارتە سیاسییەکان دووچاری گیروگرفت دەبنەوە. فەراهەمکردنی چوارچێوەیەکی کەلتوری گونجاو بۆ کاری سیاسی گرنگە و دەکرێت ئەم کارەش لەڕێی دەستوورەوە بکرێت. بۆ نمونە، ڕەنگە لەهەندێ حاڵەتدا پەنابردن بۆ هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆك (بەچەشنی ئەمریکا)، گونجاوتر بێت بە بەراورد بەسیستمی پەرلەمانی یاخود بەپێچەوانەوە. هەروەها حکومڕانی باشیش پێویستی بەهەوڵ و کۆششە لەسەر ئاستی خەڵك و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەروەها پێویستی بەچاکسازی هەیە کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەنجام بدرێت. تێکەڵکردنی ئەم دوو پرۆسەیە پێویستی بەچاودێری بەردەوام هەیە بەهۆی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی بەرپرسیارێتیەوە. لەم ڕووەوە پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لەگەشەکردندان و دەبێت زیاتر بەهێز بکرێن. ئێمە نموونەگەلێکی بێشومار بەدی دەکەین لەپێوەندیدا بەکاریگەری ئیجابی بازرگانییەوە لەسەر کەمکردنەوەی هەژاری لە زۆرێك لەئاسیای ڕۆژهەڵاتدا. دەکرێت ئەم کارانە دووبارە بکرێنەوە ئەگەر هاتوو ئەو هاوکاریە زیانبەخشانە کەم بکەینەوە کە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکاندا هەیە و پاڵنەری ئاڵوگۆڕی ئابووری فەراهەم بکەین کە بگونجێن لەگەڵ ژینگەی ناوچەگەلێکی دیاریکراودا)).

بەڵام لایەنێکی دیکە لەپرۆسەی بونیادنانەوە و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بونیادی دیموکراتی، دیاردەی گەندەڵییە. زۆر جار ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی تەواوی ڕەوتی پرۆسەکە ئاڵۆز بکات، ئەوجا بۆئەوەی ئەم لایەنە نەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێداندا، ئەوا ئەرکی حکومەتە کە ڕۆڵێکی گرنگ بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە بگێڕێت، سەبارەت بەم لایەنەش پرسیارمان لەپرۆفیسۆر تۆرفین هاردینگ ئوستادی ئابووری لەزانکۆی ئۆکسفۆرد کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە وتی: (وەبەرهێنانی بیانی کۆمەڵێك سوودی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەیە، لەوانە وەبەرهێنانی بیانی دەبێتە هۆکاری باشترکردنی کوالێتی و زیادکردنی ئاستی ململانێ لەبازاڕدا، هەروەها دەبێتەهۆی زیادبوونی بەنێودەوڵەتیبوونی ئابووری، کە دەکرێت لەم ڕووەوە کۆت و بەند بسڕێنرێت، هەروەها دەکرێت ئەم هێزانە ئازاد بکرێن بۆ کارکردن و ڕەنگە ئەمەش سوودی لێبکەوێتەوە. ئێمە هەندێ بەڵگەمان هەیە لەبارەی کاریگەری ئیجابی هاوردەکردن لەوڵاتە پێشکەوتووەکانەوە، ئەگەر لەئەزموونی چین بڕوانین، ئەوا بەهۆی هاوردەکردن یاخود سەپاندنی باجێکی کەم، توانرا ئاستی کوالێتی ئەو کاڵایانە زیاد بکرێت کە هەناردە دەکران، لەم ڕووەوە بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی کرانەوە کاریگەری هەیە بەسەر باشترکردنی ئەدای پیشەسازی و کار لەئاستی ناوخۆییدا. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی ئەمە شتێکی ئیجابیە. بەڵام دەبێت ئەوەش بووترێت کە هەندێ کەس ڕەخنە لەکرانەوەی خێرا دەگرن، هەروەها باس لەپاراستنی پیشەسازی ناوخۆیی دەکرێت، ڕەنگە ئەمەش پێویست نەکات بۆ هەتا هەتایە بپارێزرێت، بەڵام دەبێت لەقۆناغی سەرەتادا ئەم کارە بکرێت...بێگومان لەقۆناخی بونیادنانەوە پرۆسەکە قورسە، لەڕاستیدا دروستکردن و بونیادنانی ژێرخان کار و ئەرکێکی قورسە و بەزەحمەت دێتەدی، ئێمە ئەمە لەئەزموونی بانقی جیهانی لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقیا بەدی دەکەین، کەبەهۆی بوونی گەندەڵی جۆراوجۆر و هۆکاری دیکەوە ئاستەنگ و بەربەست دروستبووە لەبەردەم پرۆسەی بەکارهێنانی پارەی تەرخانکراو بۆ دروستکردن و بونیادنانی ژێرخان. ئەگەر هاووڵاتیانی باجدەر ببینین ئەو داهاتانە بۆ بونیادنانی ژێرخان بەکاردەهێنرێت، ئەوا ئەمە شتێکی ئیجابی دەبێت، یاخود ببینین چۆن سیاسییەکان ئەم پارانە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری و بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی خەڵك بەکار دەهێنن، پێموایە ئەوە میکانیزمێکی گرنگە، کەواتە ئەگەر بتوانرێت بەشێوەیەکی کارا بەدەست بهێنرێت، ئەوا ئەمە زۆر سوودبەخشە بۆ بازرگانی لەسەر ئاستی لۆکاڵ)).

**تۆرفین هاردینگ بۆ گوڵان:**



## وەبەرهێنانی بیانی دەبێتە هۆکاری باشترکردنی کوالێتی و زیادکردنی ئاستی ململانێ لەبازاڕدا

# دەسەڵات، لە نەگۆڕێکی سیاسییەوە بۆ گۆڕاوێکی کۆمەڵایەتی



د. ئاراس عەبدولکەریم
بۆ گوڵان نووسیویەتی



پرسی بونیادو فۆرمی دەسەڵات، هەمیشە سەرەکیترین و گەورەترین پرسیاری مەعریفەی سەردەمەکان بووە، پرسیارێک لە (ئەرەستۆ)وە تا هەزارەی سێی پاش میلاد درێژ دەبێتەوە. ڕەنگە بگوترێ فەلسەفەی کلاسیک زیاتر سەرقاڵی (کەینوونەی کەون) بووەو دواتر لەپاش ڕێنیسانس و ڕۆشنگەری (کەینوونەی مرۆڤ) بووە خاڵی سەرەکیی پرسە فیکری و فەلسەفییەکان، بە مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەشەوە. بەڵام هەمیشە پرسی دەسەڵات خاڵی هاوبەشی نێوان پرسە فەلسەفی و فیکرییەکانی قۆناغە جیاجیاکان بووە؛ چونکە خوێندنەوەی فەلسەفەی کلاسیک بۆ (بوون) و خولقێنەر لەدەرەوەی مرۆڤ، لەبنەڕەتدا هەوڵدانبووە بۆ تەفسیرکردن و کەشفکردنی دەسەڵاتێک کە گەردوون ڕێکدەخات و بەڕێوەیدەبات، کە هاوکات مرۆڤیش بەشێکە لەو بوونە کەونییە. واتە سەرجەم پرسە فیکری و فەلسەفییەکان لەمەڕ دەسەڵات بۆخۆی هەوڵی خوێندنەوەی ژینگەو ئەتمۆسفێری کۆمەڵایەتی و سیاسیی مرۆڤ بووە. دیارە ئەم پرسە فیکری ئایینیش دەگرێتەوە، بەتایبەت لەو ساتەوەختەوە کە ئایین وەک (مەعریفەیەکی نووسراو) یان بڵێین لە فۆرمی (کتێبی پیرۆز)دا بەرهەمهێنراوە.

بەدرێژایی مێژووی ئیشکردنی مەعریفە لەسەر دەسەڵات، هەوڵدانی یەکەمیان بووە بۆ جووڵاندن و گۆڕینی فۆرمی دووەم بەشێوەیەک کە لەگەڵ سەردەمەکەیدا بگونجێ، ئیدی ئەو دەسەڵاتە سەربە دنیای خواوەندەکانی کۆن بێت یان دەسەڵاتی خواوەندێکی تاک کە کەنیسە نمایندەی بووبێت یاخود مزگەوت، یان دەسەڵاتە زەمەنییەکان بە فۆرم و بونیادە جیاوازەکانیەوە. لەهەموو بارێکیشدا مەسەلەی گۆڕین لە بونیاد و فۆرمی دەسەڵاتدا مەسەلەی دۆزینەوەی ئەو کۆدانەبووە کە توانای کردنەوەی ئەو دەرگایانەیان هەبێت کە بەسەر دنیاکانی دەسەڵاتدا داخراون. لەهەر قۆناغێکدا و کردنەوەی هەر دەرگایەک زادەی ئەم پرسە مەعریفییەکان بووە. لە ڕاستیدا کەشفکردن و شکاندنی هەرکام لە کۆدەکانی دەسەڵات (بە ئاسمانی و زەمینییەوە) دەقاودەق بەتاڵکردنەوەی سیحر و تەڵەسمێکی دەسەڵاتەکان بووە لە چەمکی (پیرۆزی)، هەربۆیە ڕەنگە هەڵە نەبێت گەر بڵێین مێژووی ڕامان و ئیشکردنی مەعریفە لەسەر دەسەڵات مێژووی خاڵیکردنەوەی دەسەڵاتە لە پیرۆزیی، ئیدی پیرۆزییە ئایینییەکان بووبێ یان زەمەنییەکان هەمان مەبەستە. دەکرێ لە قۆناغێک یان زیاتردا هەر لەنێو خودی جیهانبینییەکانی ئەو دەسەڵاتەشەوە جۆرێک لە مەعریفە بەهەمان ئەو ئاڕاستەیە ئیشیکردبێت کە ئاماژەمان بۆدا. بەڵام هەمیشە ئەو هەوڵانە یان تاک ڕەهەند بوون یاخود بەحوکی پاڵهێزەکانی مانەوەی دەسەڵات، ئەو هەوڵانە نەفەس کورت بووبن و وەک پرۆژەیەکی ناکامڵ یان بەئاکام نەگەیشتوو مابنەوە. لەهەموو بارێکدا دەسەڵات هەمیشە میکانیزمی بەرگریکردنی خۆی هەبووە بۆ مانەوەو نەگۆڕان. بەڵام چ مێژووی دەسەڵات و چ مێژووی مەعریفەش هەردووکیان ئەوە دەسەلمێنن کە ئەوەی بەردەوامە ئاڕاستە وەرگرتنی پرسە مەعریفییەکانە بۆ نێو بنیادی دەسەڵات و ئەوەی ڕوودەدات جووڵان و گۆڕانە لەفۆرم و بونیادەکانی نێو دەسەڵاتدا. دیارە کردنەوەی هەر کۆدێکی دەسەڵات بەدیوی خاڵی بوونەوەیدا لەهەر پیرۆزییەک، بۆخۆی جۆرێکە لەمسۆگەربوون لە نەرمبوونی دەسەڵات بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ پرۆسە عەقلانییەکانی گۆڕانکارییە سەردەمییەکاندا، ئەگەر دواترین فۆرمی گونجاوی سەردەمیانەی دەسەڵات ئەو فۆرمە بێت کە بە (دیموکراسی) ناسراوە، ئەوا دواترین پرسی مەعریفە دەبێ ئەو پرسیارانە بێت کە ئاڕاستەی (سیستمی حوکمڕانیی دیموکراسی) دەکرێن، گەروا نەبێ ئەم سیستمە عەقڵانیەش دەبێتە جۆرێک لە ئایین و لەنێو تەونی پیرۆزی و ناعەقڵانییەتدا بەسەرخۆیدا دادەخرێ.

لێرەوە، یەکێک لە پرسە گرنگ وسەرەکییەکانی سەردەم پرسی (حکومڕانی باش good governance)ـە کە بەدیاریکراوی لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە وەک پرسێکی جددیی بابەتی ئیشکردنی فیکر بووە لەسەر دەسەڵات. هەر لەخۆڕا نییە کە بەهەر دیوێکدا قسە لەسەر بنەماو پرەنسیپەکانی حکومڕانیی باش بکەین، ڕاستەوخۆ دەچینەوە نێو هێڵە گشتییەکانی چەمکی دیموکراسییەوە. ئەگەر شیاو نەبێ بڵێین کەرەستەو میکانیزمەکانی حکومڕانیی باش هەر هەمان کەرەستەو میکانیزمەکانی دیموکراسییە، ئەوا لایەنی کەم دەشێ بڵێین حوکمڕانی باش لەدەرەوەی سیستمی دیموکراسی بوونی نییەو نابێت، چونکە دەستەبەرکردنی ئەوەی یەکەمیان بەبێ ئامادەبوونی ئەتمۆسفێری دیوکراسی مەسەلەی مەحاڵێکی گەورەیە. ئەمەش لەو بڕوایەوە کە حوکمڕانی باش بۆخۆی سیستمێکی هەمیشە جووڵاوەو جێگیرنییە،

**مێژووی ڕامان و ئیشکردنی مەعریفە لەسەر دەسەڵات مێژووی خاڵیکردنەوەی دەسەڵاتە لە پیرۆزیی، ئیدی پیرۆزییە ئایینییەکان بووبێ یان زەمەنییەکان**

واتە بونیادەکانی ئەم سیستەمە بەردەوام لە گۆڕاندان و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە بەو ئاراستە گۆڕاوەدا، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ ڕەگەزی گۆڕاودا خۆیان دەبیننەوە ئەوانیش (تاک و گرووپی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات)ن.

## سێکوچکە گۆڕاوەکان

گۆڕان لە فۆرمی (تاک)ەوە بۆ (هاووڵاتی) و لە فۆرمی (گرووپی کۆمەڵایەتی)یەوە بۆ (دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی) و پاشان گۆڕان لە فۆرمی (دەسەڵات وەک قەوارەی سیاسی) بۆ فۆرمی (دەسەڵاتی دەستووریی-مەدەنی)، ئەو سێ پرۆسە سەرەکییەن کە پێکەوە لەبونیادی حوکمڕانیی باشدا هاوبەشن. کەدەڵێین پێکەوە، مەبەستمانە بڵێین هەڵەیەکی گەورەیە گەر بگوترێ ئەمانە سێ ڕەگەزی بەشداربووی پێکهاتەیەکن و هەرکامیان سەربەخۆو دابڕاو لەوانیدی ڕۆڵی خۆی دەبینێت. چونکە ئەو گۆڕانکارییەی لەم ڕەگەزە سەرەکییانەدا ڕوودەدات، بەبێ هارمۆنیەکی تەواو لەنێوانیاندا مەحاڵە ئەو فۆرمەی دەسەڵاتمان بۆ بەرهەمبهێنێ کە لە بونیادێکی سیاسیی چەسپاوو نەگۆڕەوە بگۆڕێت بۆ بونیادێکی سیاسی- کۆمەڵایەتی گۆڕاو، بەجۆێک کە نەرمیەکی وای تیا بەرجەستە بووبێت، توانای گۆڕانی تری ئاییندەییشی هەبێت.

لەلایەکی تریشەوە بەڵگە نەویستە کە هەرکام لەو ڕەگەزانە بەبێ ئامادەبوونی (ڕێژەییانەی) دوانەکەیتر ئەستەمە ڕۆشنایی ببینێت، چی لەوە نالۆژیکیترە بەبێ هەبوونی تاکێکی ئەکتیف و خاوەن شوناس کە پێناسەی (هاووڵاتی)ی بەسەرا بسەپێت، بەبێ هەبوونی چەمکی هاووڵاتی ئێمە قسە لەسەر ئامادەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، هاوکات بەبێ ئەتمۆسفێرێکی کراوەو نەرمی دەسەڵاتێکی دەستووریی بەدامەزراوکراوی مەدەنی، مەسەلەی بوونی دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەنوکتەیەکی سیاسی زیاتر هیچیدی نییە. بۆ ئامادەبوونی دەسەڵاتی دەستووری- مەدەنی و هاووڵاتیش بەشێوەیەکی ئەبستراکت و دابڕاو لەوانیدی وەهمێکی گەورەیە.

ئەوەی زۆر گرنگە لە مەسەلەی جووڵەو گۆڕانکارییەکاندا، فرە ڕەهەندیی ئەو گۆڕانەیە کە بەتەنها لە ڕەهەندێکی سیاسی یان ئابووریی یان کۆمەڵایەتی یاخود فەرهەنگیدا نابینێتەوە، بەڵکو سەرجەم ئەو کایانە لەمیانەی سێکوچکە گۆڕاوەکەی (هاووڵاتی و کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتی دەستووریی — مەدەنی)یەوە بەو پرۆسەی کرانەوەیە بارگاویی دەبن و وەکو یەک پشکی خۆیان هەیە، هەر بۆیە چەمکی (گەشەپێدان) کە کرۆکی ستراتیژی حوکمڕانی باشە (بە مانا فراوانەکەی گەشە و پەرەپێدان) بابەتی سەرجەم ئەو کایانەی سەرەوەیەو بایەخدان بەهیچ کایەیەکیان لەسەر حسابی کایەکانیتر نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوەو بەهەمان شێوەی میکانیزمی کرانەوەی سێکوچکە گۆڕاوەکە کرانەوەی هەرکام لەو کایانە پاڵهێزێکی کاریگەرە بۆ کرانەوە لەکایەکانی تردا. کۆی ئەم پرۆسەی کرانەوەیە فرە ڕەهەندەشە کە دەتوانێ بونیادی حوکمڕانی لە فۆرمی (دەسەڵاتێکی سیاسیی پوخت)ەوە بگۆڕێت بۆ (دەسەڵاتێکی سیاسی- مەدەنی کۆمەڵگایی) یان بەشێوەیەکی تر بڵێین لە بونیادێکی سیاسیی پوختەوە بۆ بونیادێکی کۆمەڵایەتی.

## کوردستان و پرۆسەی کرانەوە

ئەو ئیشکالییەی کە لە مەسەلەی حوکمڕانیی باشدا لەمەڕ ئێمە هەیە، تا ڕاددەیەکی زۆر ئیشکالییەکی بونیادگەراییانەیە، ئەمەش بەو حوکمەی کە کێشەکە لە بنەڕەتدا لەنێو بونیادی ئەو سێ ڕەگەزە سەرەکیەدان کە لە پرۆسەی دامەزراندنی حوکمڕانی باشدا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە، واتە کێشەی سەرەکیمان لە بونیادی چەمکی (هاووڵاتی و کۆمەڵگای مەدەنی و دەسەڵاتی دامەزراوەیی دەستوورییانەی مەدەنیانە)دا لەوەدایە کە ئەم سیانە هێشتا بەتەواویی لەفۆرمی (تاک و دەستەو تاقمی کۆمەڵایەتی و قەوارەی سیاسی)ەوە نەگوازراونەتەوە بۆ ئەو فۆرمانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان.

دەرهەق بەم باسە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی ڕێژەییانەش بێت، حەقیقەتێکی تاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لەنێو پۆلێنکاریی کۆمەڵایەتی (کراوە و داخراو)دا ئێمە لەخانەی کۆمەڵگا داخراوەکانین، هەڵبەتە زیاد لە هۆکارێکی سیاسی، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی لە پشت ئەم داخراویەمانەوەیە. بۆیە پرسی سەرەکی لەم لایەنەوە ڕەنگە ئەوەبێت کە داخۆ ئاسۆکانی کرانەوەمان چین و چی بکرێت تا بەرەو کرانەوەی زیاتر و زیاتر بچین؟


بەبڕوای من ئەو پرۆسەی کرانەوەیەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا تا ڕاددەیەکی زۆر دەتوانێ ڕۆڵی ئیجابی لەم لایەنەوە ببینێت، واتە ئیشکردن بە ئاراستەی دەستەبەرکردنی ئەو میکانیزمانەی دەتوانن لە پرۆسەی کرانەوەی چەمکەکانی (هاووڵاتیبوون) و (کۆمەڵگای مەدەنی)و (دەسەڵاتی دەستووری- مەدەنی- دامەزراوەیی)دا ڕۆڵی خۆیان ببینن. ئەمەش کۆمەڵێک لە ئامادەکاریی و ئیمکانیەت هەیە لە ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵایەتیماندا، واتە کۆمەڵێک کرانەوەی فرەڕەهەندیی لەو کایانەدا، ڕوونتر بڵێم: کرانەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی زیاتر، هاوشانی هەموو ئەوانەش گۆڕانکاریەکی بنچینەیی لە تێگەیشتنی ئێمەدا (بە حوکمڕان و حوکمکراوەوە) بۆ چەمکی حوکمڕانی و سڕینەوەی لە فۆرمی دەسەڵاتێکی سیاسیانەی نەگۆڕاوەوە بۆ بونیادێکی کۆمەڵایەتی گۆڕاو کە دەستەبەرکردنی تێگەیشتنێکی لەوجۆرە، هەموو ئەو کایەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە لەم نووسینەدا باسکراون، هەڵبەتە پرۆسەی تریش هەن کە من باسم نەکردوون، یاخود نەمزانیون.

**بەهەر دیوێکدا قسە لەسەر بنەماو پرەنسیپەکانی حکومڕانیی باش بکەین، ڕاستەوخۆ دەچینەوە نێو هێڵە گشتییەکانی چەمکی دیموکراسییەوە**

**بەبێ ئەتمۆسفێرێکی کراوەو نەرمی دەسەڵاتێکی دەستووریی بەدامەزراوکراوی مەدەنی، مەسەلەی بوونی دامەزراوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەنوکتەیەکی سیاسی زیاتر هیچیدی نییە**

# دۆزی کورد لە سوریا

## وەرچەرخانی سیاسی و ئیدیۆلۆژی



دکتۆر سەربەست نەبی

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

نکۆڵی ناکرێت لەوەی ئەم هاڤرکێ و جووڵانەوە مێژووییەی ئەم ناوچەیە بەخۆیەوە دەیبینێت، سەرلەنوێ دارشتنەوەی پانۆرامای مێژووی هاوچەرخە، کەواتە چۆن و بە چ شێوەیەك وەرچەرخانێکی وەها لە سیستمی رامیاریانەی کۆمەڵگەکاندا راڤە بکەینەوە، سەبارەت بە چارەنووسی دۆزی نەتەوەیەکی بندەست لە رووی سیاسییەوە چاوەڕێی چی دەکەین، ئەو ڕۆڵە گریمانکراو و کاریگەرەی کوردی سوریا کامەیە کە لە توانایاندایە بیگێڕن.

مەسەلەی بنەڕەتی لەم جیۆگرافیا رامیارییەدا لە چۆنیەتی ئاشتبوونەوەو خۆگونجاندنەوەیە لەگەڵ ئایندەدا، ئەمە ئەو شتەیە کە لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا گریمانکراوە، لە سیاقی واشدا دەوڵەتی نیشتمانی هاوچەرخ چوارچێوەی سیاسی بۆ مافەکان دادەنێتەوە، تاوەکو لە جیۆگرافیایەکی دیاریکراودا کۆسووری پێکەوەژیان دابڕێژێتەوە.

هەموو ئەمانە لە داهاتوودا بە بەشداربوونی ئازادانەی هەموانەوە ئەنجام دەدرێن،واتە هەموان لە دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆکردی خۆیاندا سەرپشك بن، داهاتوویەك کە پێویستە خۆیان بە ئازادانە وەدیبهێنن، لێرەوە گرنگە هۆشیارانە مامەڵە لەگەڵ واقیعی گۆڕانکارییەکاندا بکەین، چونکە ناکرێت گوێ نەدەین بەو ڕووداوانەی لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن، کە ئێستا گۆڕەپانی سووریا بۆی بووەتە سەکۆی شانۆیەکی سەرەکی.

گۆڕانکاری لە سووریا وەك لەو وڵاتانەی تر ڕوویدا حەتمیە، ڕێچکەی پەرەسەندنەکانی بزاوتی نارەزایی دەربڕین لە شەقامی سووریادا دژ بە ڕژێمێکی تۆتالیتار تەنیا و تەنیا بەرەو گۆڕینکاری مل دەنێت، ئاریشەی کوردەکانی سووریا لەمەوبەدوا لەبەرانبەر ڕژێمی ڕەگەزپەرست و سەرکوتکاری خودان دەسەڵاتی سووریادا نییە، چونکە مانەوەی ئەم ڕژێمە خودان دەسەڵاتە پێوەندیدارە بە مەسەلەی کاتەوە، ئاریشە سەرەکییەك کوردی سووریا لەگەڵ ئەو میراتەیە کە لە ڕووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئێستا بەجێدەمێنێت، کە هەر لە بە کۆیلەکردنەوە تا بە عارەبکردن و لە ناوبردن و شێواندنی کوردو جیۆگرافیای کوردستان... تاد تێدایە، لە کاتێکدا پێویستە بە نەمانی ڕژێمی پێشوو ئەو میراتانە نەمێنێت، ئەوە سەنگی هەر ڕژێمێکی ئەلتەرناتیڤی ئەم ڕژێمەی ئێستایە و وا چاوەڕێی لێ دەکرێت بە ڕەوایەتییەکی گشتگیری نیشتمانیانەوە، بوونی دیموکراتیانەی خۆی بسەلمێنێت.

موفارەقەیەکی گرنگ و جەوهەری نییە لە ڕووی ڕامیارییەوە بۆ کورد کە پێشەنگ بوو بن یان دوایەمین بوو بن لەهەڵگیرسانی شۆڕشدا دژ بە ڕژێمی ئێستای سووریا، بەڵکو ئەوەی گرنگ و جەوهەرییە بۆ ئایندەی دۆزی کورد ڕاگەیاندنی شۆڕشە دژ بە میراتیی و پاشماوەکانی ڕژێمێکی ڕەگەزپەرست.

لەم ڕوانگەیەوە مەسەلەی گۆڕانکاری ئەگەر ڕێبازو ئامانجی نەهێشتنی ستەمکاری سیاسی و ڕەگەزپەرستی و میراتییەکانی لە دوا نەبێت، بۆ خۆی دەبێتە پوچگەرێتی و خیانەتێکی مرۆیی و نیشتمانی و هیچی تر، پێویستە گۆڕانکاری بونیادنەری سیستمێکی فرەیی و دیموکراتی بێت لەسەر بنەمای یەکسانکردنی هاووڵاتیان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، بۆ وەدیهاتنی یەکسانبوونیش پێویستە کورد لە سووریا وەك گەلێك مافە ڕەواکانی وەدەست بهێنێتەوە کە بەدرێژایی مێژووی ئەو وڵاتە بە هۆی سیاسەتەکانی بەعسەوە بندەست کراوەو دنیایەك ڕەفتاری قێزەون و کرێتی بەرانبەر کراوە، لەبەر ئەوە پێویستە بە تەواوەتی دەستووری داهاتووی دەوڵەتی سووری لەو ڕابردووە ڕەگەزپەرستی و ستەمکارییەی پێشووی خاوێن بکرێتەوە، میراتی نکۆڵی کردن لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردی تێدا نەمێنێت، ئەوەش لە ڕێگەی دەسەبەرکردنی چەند بەرنامەیەکی سیاسی و تەشریعی و تەنانەت سیمبۆلییەوە دێتە دی تا سووریا ببێتە دەوڵەتی هاووڵاتیبوون بۆ هەموان، دەوڵەتێك بۆ هەموانی بسەلمێنێت کە سەربەخۆیە و دوورە لە دیاردەکانی ئیدیۆلۆژی و ڕەگەزپەرستی پێشووی وڵاتەکە کە وەك کەلتوورێکی لێ هاتبوو..

بڕواهێنان و ددانپیانانی دۆزی کورد لە لایەن سووریاییەکانەوە، بە تایبەتی لە لایەن ئۆپۆزسیۆنێکی عارەبچی و ئیسلامگەری نابێت دیسانەوە لەسەر ئاگاییەکی ڕووتەنی عارەبایەتی بونیاد بنرێتەوە، بەڵکو پێویستە بە ئاگایی هاووڵاتیبوونێك بێت کە بڕوای تەواوی بە فرەیی سیاسی و مێژووی و ڕۆشنگەری و جیاوازییەکان بێت، ئەمەش بە بڕیاردانێك دێتە دی کە لە دەستوورو بڕیارە سیاسیەکاندا ناسنامەی سووریا وەك دەوڵەتێکی پلۆرالیزمی نەك عارەبی و عەرەبایەتی دەستنیشان بکرێت، ڕەوایی بوونی هەر ڕژێمێکی چاوەڕوانکراوی داهاتووی سووریا لەوە بنەما واقیعیەتەکەی سەرچاوەی گرتبێت کە کۆمەڵگەی سووری بە هەمەجۆری نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی ببینێت و لە مەبدەئەکانیدا مۆزائیکیەتێك ڕەنگی دابێتەوە، دەستوور ڕێکخەرەوەی ئەو مەبدەئە گشتییانەو شێوازی ڕوونی پێوەندییەکانە، بۆیە پێویستە بە دەقی دەستووری دەستنیشانی ناسنامەی داهاتووی سووریا بکرێت بەوەی فرەنەتەوەییە، عارەب و کورد دوو نەتەوە سەرەکییەکەی پێکدەهێنن،لە پاڵ ددانیان بە مافی گرووپە نەتەوەییەکانی تر وەك کلدۆ ئاشوورییەکان و ئەوانی تریش، دەستوور دیموکراتیەکەی لەوەدایە لە ئەرك و مافەکاندا



ژمارە (٨٨٣) ■ ٢٠١٢/٦/١١

هەمان پایەو پێگەو ڕۆڵ بە یەکسانی بداتە کوردێکیش هەر وەك چۆن بە عارەبێکی دەدات ئەمەش وەك دەروازەیەکی دادپەروەرانە بۆ چوونە ناو دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ دۆزی کورد لە سووریا، نە پەرلەمان و نە هەر دەسەڵاتێکی تر لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتوانێت سەرپێچی لەو مەبدەئە بکات، هەر یاسایەکیش بە پێچەوانەی ئەو مەبدەئە دەستوورییە دەربچوێنرێت وا لێکبدرێتەوە کە دەکاتە پێچەوانەی گرێبەستی دامەزراندن و هاوبەشایەتی و دواجار پووچەڵ بکرێتەوە، بە هەموو پێوەرەکانەوە جەخت بکرێتەوە لەسەر ئینتیما بۆ سووریایەك کە هی هەموان بێت، هیچ واتایەکی ئازادی مانای نەبێت لای گرووپێك بە بێ یەکسانبوونی لەگەڵ هەمووان‌دا، واتا هەر ڕژێمێکی داهاتوو بە باشی ئەوە بزانێت کە سووریا بە هەمان قەبارەو پێوەری عارەبایەتی سووریایەکە بۆ کوردایەتی و ئیتنیەکانی تریشیەوە، ئەگەر وا نەبێت دیسانەوە کۆمەڵگەی سووری دەچێتەوە بەر چەقۆی دیکتاتۆرو تاقانەگرووپێکی تر هەمووئەوانی تر دەکاتەوە بە کۆیلەی خۆی.

داخوازی و ئومێدی کورد لە هاووڵاتی بوون و یەکسانی ڕاستەقینەدا نابێت وا لێی بروانرێت کە داهێنانێکی ئیدیۆلۆژی یان سیاسییە، بەڵکو مەرجێکی سیاسی و مێژووییە بۆ پێگەیاندنی ڕەوایەتی دەوڵەتێك و بەردەوامیدان پێی، بەو شێوەیە پرسیارە مێژووییەکە کە دەڵێت ئایا کیانی سووریا دەگونجێت کورد تێیدا بە ئازادانە و بە یەکسانی تێیدا بمێننەوە دەکرێت بەم شێوەیە وەڵام بدرێتەوە: ئازادی و یەکسانی کورد لە سووریا مەرجی ئازادی و یەکسانی هەموانە بێ ڕەچاوی جیاوازی وابەستەیی و ئیتنیمایانەوە،هەموان وەك یەك، بەبێ ئەوەش باسکردنی ئازادی چەلەحانێیەو هیچی تر.

ڕژێمی بەعسی سووریایی بەردەوام بەربەرەکانی لەگەڵ هاوشێوەکەی خۆی دەکرد کە ڕژێمی بەعسی عێراقی بوو، لەسەر ئەوەی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی قەومچێتی سیمای گشتی ڕژێمی بەعسی عێراقی بوو، لەکاتێکدا لە ڕووی مێژووییەوە سووریاش هەر وەك عێراق سیما و جەوهەرێکی فرەیی هەیە، کەچی هەقیقەتی فەرمی دەسەڵات لە سووریاش بەردەوام بەپێچەوانەی ئەم جەوهەرەیەوە واقیعی ناو سووریای دەخوێنەوە، نەك تەنیا لەسەر ئاستی سیاسی بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و مێژوویش، بە ئایدیۆلۆژیایەکی سەرکوتکاری بەرجەستەبووی مەزهەبییەوە سیستەمی سیاسی پیادە دەکرد، کە لەسەر هەموو کۆمەڵگا ڕەنگی دایەوە.

پێویست بوو لەسەر کۆمەڵگا بەپێی ئەو هەمەجۆری و سیما مێژووییەی خۆیانەوە خۆبگونجێن و، لە پێناوی بەهای سیستەمی سیاسی و ڕۆشنبیری گشتیدا بەهای تایبەت و ناسنامەکانی خۆیان بخەنە ژێر پرسیارەوە، هیچ کەسێك لەسووریادا لەپێگەی ناسنامەی نەتەوەیی و تایبەتمەندێتی ڕۆشنبیری خۆیەوە ڕۆڵی سیاسی خۆی پێ هەڵنەدەسورا، بەڵکو دەبوایە لە هەردوو بواری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە ڕێگای حزب و دامودەزگای گشتی دەوڵەتەوە خۆی بێبەری و پاکژ بکردایەتەوە، بەو شێوەیە ئەو کەسە هەموو تایبەتمەندێتی مرۆیی و ناسنامەی کۆمەڵگەیی و قەناعەت و بیروڕای خۆی دەکردە قوربانی ئامانجە گشتیەکەی ڕژێمەکە..

لە کاتێکدا نیشتمان بەشێوەیەکی یەکسان و دادپەروەر بۆ هەمووان فەراهەم دەبێت کە هەمووان پێکەوە لەماف و پایەو پێگەدا وەك یەکتربن و جیاوازی لەنێوان هیچ پێکهاتەیەك و یەکێکی تردا نەکرێت، فیزو خۆبەزلزانی نەتەوەیی لایەنی خودان دەسەڵات لەسەر هیچ کەس و گرووپێکی تر فەرز نەکرێت، بەپێچەوانەی ئەم حەقیقەتەوە هەمیشە ململانێ و جەنگ دەکەوێتە نێوان پێکهاتەکانی وڵاتێکەوە، هەر هاوبەشێکی ڕاستەقینە پێویستە دووربکەوێتەوە لە ڕیزبەندی و جیاکاری و خانەبەندی، ئەو هاوبەشییە ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەهای یەکسانبوون وەك مەبدەئێك بۆ ڕەفتاری دەوڵەت و وەك بنەمایەك بۆ پیادەکردن دابنێت، گرنگ ئەوەیە سیستەمی سیاسی ئەم یەکسانبوونە تەرجومە بکاتەوە بۆ ئەوەی هەمووان وەکو یەك پێکەوەبژین و ئیرادەی وەك یەکیان هەبێت، بەپێی مەبدەئی هاووڵاتی بوونی نوێ، پێویستە هەرکەسێك دەرفەتێکی یەکسانی وای پێ بدرێت تا لەناو پێکهاتەو ناسنامەی خۆیدا پێ بگات و ببوژێتەوە، بێ ئەوەی پێشێلی پێگەو پایەی کەسانی تر بکات. ئایدیۆلۆژیای قەومچێتی هەرگیز لە وڵاتێکی فرە پێکهاتەدا ناکرێت ببێتە ڕۆحی دەوڵەت و جەوهەری دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو پێویستە وڵات دەفرێك بێت بۆ هەموو پێکهاتەکان، تاکو لەنێوان ئینتمای گشتی بۆ دەوڵەت و کۆمەڵگای سیاسیدا هاودژایەتی بوونی نەبێت. بەوشێوەیە شێوازە قەومچێتییە ئایدیۆلۆژییەکە لە هەموو تەفاوتێکی سیاسی نێوان تاك و گرووپەکاندا هەڵبگیرێت، ئەو کاتە هاووڵاتیبوون پێك دێت کە جیاوازییەکان بوونی نامێنێت و دەوڵەتی نیشتمانیش لە ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستی و قەومچێتی ڕزگاری دەبێت، لەئاکامدا هاووڵاتی لە ڕووی سیاسییەوە لە ئینتیما قەومی و ئاینی و مەزهەبییەکانی خۆی ڕزگاری دەبێت و مەدەنیەت دەخاتە پێش هەموو شتێکەوە، لە سووریا بەرزگاربوونی هاووڵاتی لە ئایدیۆلۆژیای بەعسی دێتەدی کە ئایدیۆلۆژیایەکە هیچ ئیعترافێك بەبوونی نەتەوەی تر ناکات، بەڵکو خۆی لەسەرووی هەموو هاووڵاتیبوونێکەوە دادەنێت، هەر دەوڵەتێکی ڕزگاربوو لە ئایدیۆلۆژیای قەومچێتی، تایبەتمەندێتی بۆ هاووڵاتیانی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەگەرچی ئەو هاووڵاتیانە لەو قەوم و ئیتنیەشدا نەبن کە کراونەتە بنەما لەو دەوڵەتەدا..

کەواتە تێڕوانینی نوێ بۆ هاووڵاتیبوون لەیەکسانبوونی تەواوەتی ئەرك و مافەکانیدایە، دوور لەو ڕەگەزپەرستیەی بەسەر هەمووانیدا زاڵ بووە، بەوشێوەیە سیستمێکی مەدەنی بە دەر لەسەرکوتکاری دێتە دی، لەدەوڵەتی بەعسیدا هاووڵاتی ڕاستەقینە لەڕووی کردارەکییەوە لەژیانی سیاسی دوور خرابوونەوە.

کوردەکانی سوریا ئەمڕۆ چاوەڕێی دۆخێکی سیاسی و دەستووری نوێ دەکەن، تا ڕۆڵی سیاسییانەی خۆیان پیادە بکەن، هەروەها بتوانن چارەنووسی خۆیان بەئازادانە دیاری بکەن لە وڵاتێکدا کە مۆزاییکە، مەرجەکانی خۆگونجاندنیان لەگەڵ یەکسانبوونی ڕاستەقینەدا تاوتوێ دەکەن، دەخوازن زەمانەتی دەستووری و سیاسی ڕۆشنبیرییان دوور لە میراتی پێشوو بۆ بەرجەستە بێت، بەشێوەیەك خۆشییان مافی هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی تر پێشێل نەکەن، کوردی سوریا کە

**دەستوور ڕێکخەرەوەی مەبدەئە گشتییەکان و شێوازی ڕوونی پێوەندییەکانە. بۆیە پێویستە بە دەقی دەستووری دەستنیشانی ناسنامەی داهاتووی سووریا بکرێت بەوەی فرەنەتەوەییە. عارەب و کورد دوو نەتەوە سەرەکییەکەی پێکدەهێننلە پاڵ دادنان بە مافی گرووپە نەتەوەییەکانی تر وەك کلدۆ ئاشوورییەکان و ئەوانی تریش**

**دەستوور دیموکراتیەکەی لەوەدایە لە ئەرك و مافەکاندا هەمان پایەو پێگەو ڕۆڵ بە یەکسانی بداتە کوردێکیش هەر وەك چۆن بە عارەبێکی دەدات**

**ئازادی و یەکسانی کورد لە سووریا مەرجی ئازادی و یەکسانی هەمووانە بێ ڕەچاوی جیاوازی وابەستەیی و ئینتیمایان، هەمووان وەك یەك. بەبێ ئەوەش باسکردنی ئازادی چەلەحانێیەو هیچی تر**

ئێستا پەردە خراوەتە سەر مافەکانی پێویستیان بەبنەمایەکی لۆژیکی و ئەخلاقیە لەناو ڕژێمێکی سیاسی تازەدا تاوەکو بتوانن ئینتما بۆ ئەو ڕژێمە سیاسیە تازەیە بکەن.

زەمانەتی ئازادی سروشتی بۆ مرۆڤ تەنیا ئامانجێك نییە لەدیموکراتیەتدا هەروەها هەژموونی زۆرینە نییە بەسەر رۆشنبیری کەمینەوە، ئەوەش بەناوی چەسپاندنی ناسنامەی زۆرینەوە بکرێتە بەهانە، لەدیموکراتیەتدا بەرگریکردن هەیە دژ بە هەموو هەژموونگەرییەك چ بەناوی ئازادی بێت یا بەناوی ڕێزگرتن لە فرەیی بێت یا هەر بەرهەمێکی تری لەو بارەیە بەنموونە میلۆڤیچ و قەومچیەکانی وەك ئەو باشترین بەڵگەن، نوێنەرایەتی زۆرینەیان دەکرد بۆ دەسەبەرکردنی ڕای گشتی نەتەوەیی بەڵام زۆرینەیەکی توندڕەو کە ناخیان پڕ بوو لە ڕەتکردنەوەی بەرامبەر، بەو شێوەیە ڕەوایەتیان بەخۆیان دا جەنگێکی توند لەدژی کەمایەتیەکان بەرپا بکەن، ئەوەش بەناوی ڕێکخستنەوەی ئیتنیەکان و پاککردنەوەی قەوم، لێرەدا هیچ پێناسەیەکی دیموکراتی بایەخی نامێنێت ئەگەر بێتوو دانان بەبەرامبەرو پاراستنی جیاوازیەکان و ڕێزگرتن لەبەرامبەر سەروەر نەبێت، وەکو چارلز تایلۆر دەڵێت ( زۆرینەی ستەمکار هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ یەکسانی و ئازادی و دیموکراتیەتیش، بەتایبەت ئەگەر ئەو زۆرینەیە لەدەوری ئایدیۆلۆژیایەکی ئاینی یا قەومی ڕەگەزپەرست گرد بووبێتەوە ) لەمبارەیەوە ئالان تۆرین پێی وایە زۆرینەی توندڕەو هەمان بەرهەمی نایەکسانی بەشێوازێکی تازە دروست دەکاتەوە، بەشێوازی تازە توندڕەوی سیاسی و ستەمکاریمان بۆ دەگێڕێتەوە بەتایبەتی ئەگەر ئەو زۆرینەیە کاریگەربووبن بەدەسەڵاتی سیاسییەوە و مەبدەئی زۆرینەشیان کردبێت بە سەرچاوەیەك بۆ داڕشتنەوەی یاساکان کە تێیدا ئیرادەی کەمایەتیەکان پشتگوێ خرابن، لێرەوە بایەخی دامەزراندنی دیموکراتیەت لەوەدا دەردەکەوێت کە تەوافوق بکات لەنێوان ئیرادەی زۆرینە بەپێی هەلومەرجی زەمانەتی فرەیی، هەروەها لەگەڵ پارێزگاریکردن لەکەمینەکان و ڕێزگرتنی داخوازی و ئومێدەکانیان، بەواتای دانپێدانانی ئاڵوێر لەنێوان یەکبوون و فرەیی دا. دیموکراتیەتی نافرەیی هیچ مانایەکی نییە لەدەرەوەی بڕیاردان بەهەمە چەشنیەتی بڕواو ناسنامەو مافی کلتووریدا، هەر سیستمێکی سیاسی ئەگەر ڕەوایەتی خۆی لەهەژموونی زۆرینەی ئاینی و تایەفەگەری و ئایدیۆلۆژیای ئیتنی وەرگرتبێت، فێڵ لە دیموکراتیەت دەکات، تەنانەت یەکسانیبوونیش لەناو دەبات .

لەحاڵەتی سوریادا ئێستا خەریکە سەر لەنوێ سیاسەتی سەرکوتکاری نەتەوەیی بەعسی بەجۆرێکی تر بەرهەم دێتەوە. دیموکراتیەتی یەکسانخواز واتا ڕەتکردنەوەی وەك یەك لێکردنی هەموو گرووپ و ناسنامە رۆشنبیرییەکان و هەروەها واتای خوڵقاندنی هەلومەرجێکی یاسایی و سیاسی گونجاو بۆ باڵاکردنی ئازادی لەلای کەمایەتیەکان، تاکو گرووپەکان لەقەیدو کەلەبچەی هەژموونی زۆرینە ڕزگاریان بێت، وایان لێبکات خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن، وەکو ئالان تۆرین ئاماژەی پێداوە بەبێ ئازادی هەڵبژاردن و مافی چارەی خۆنووسین دیموکراتیەت داوێکی فێڵاوییە، بەبێ فرەیی و کرانەوەو دیالۆگی سیاسیانەی ئازاد

**بەبێ ئازادی هەڵبژاردن و مافی چارەی خۆنووسین دیموکراتیەت داوێکی فێڵاوییە. بەبێ فرەیی و کرانەوەو دیالۆگی سیاسیانەی ئازاد لەنێوان هاوبەرژەوەندخواز و بیروڕا جیاوازەکان دیموکراتیەت تارماییەکی پووچەڵە**

لەنێوان هاوبەرژەوەندخواز و بیروڕا جیاوازەکان دیموکراتیەت تارماییەکی پووچەڵە.

کۆمەڵگەی هاوولاتیبوون کە دەوڵەتی سووریای داهاتوو فەرزکراوە لەسەری وەدیبهێنێت پێویستە هەر لەسەرەتاوە هیچ ریزبەندیی و خانەبەندی بۆ تاك و گرووپەکان دانەنێتەوە ڕەتکردنەوەی هیچ کەس و لایەنێکی تێدا نەبێت بە جیاوازی ئینتیمای ئاینی و قەومییانەوە کە لە ڕووی مێژوویەوە پێی دەناسرێنەوە، ئەوە مەرجەعیەتی بنەڕەتییە بۆ هاووڵاتی بوونی نوێ، ئەگەر مەبدەئی یەکسانی ببێتە بنەما بۆ هەموو سوورییەکان ئەو کاتە کورد دەتوانن یەکسانانە هاوبەشی سیاسەت بکەن، وەك عەرەب بە بێ هیچ بەربەستێکی ماددی یان سیمبۆلی کە لە ڕۆڵ و پێگەیان کەمدەکاتەوە، ئەم هاوبەشێتی و بەشداربوونەش لە مافە ناسراوەکانی وەك مافی هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن تێدەپەڕێت تا دەگاتە مافی سەروەرێتی و بڕیاردان بە یەکسانی، هیچ بوونێك بۆ هاولاتی بوون نییە بە بێ سەروەرێتی نوێنەرایەتی گشتی، هیچ مانایەك بۆ سەروەرێتی نییە بێ هاولاتیبوونی ڕاستەقینە، کە هەموو تاکەکان پێکەوە وەك یەك لێ دەکات، بەشداری بوون لە سەروەرێتی، مافی هەر کەسێکە، واتە هەمووان سەروەرو و گەورەو ئازادن بە یەکسانی ئەگەر هەموو هاووڵاتیان سەروەرو گەورەی خۆیان بن هیچ بوونێك بۆ کۆیلەیی تاك نامێنێتەوە..

ژیانی سیاسی چاوەڕوانکراو لە سووریای دوای ستەمکاری نابێت هیچ جۆرە تەسکبینی پەڕگیریی و قەومچێتی تەحەمول بکات، نابێت بە چاوی پلە دووەوە تەماشای کوردی تێدا بکرێت، ئەزموونی چەوسانەوەی درێژخایەنی کە کورد تێیدا ژیاوە وای کردووە بە ئاگاداریی و وریاییەوە ڕەفتاربکەن، و بپرسن ئاخۆ سووریای پاش ستەمکاریی مافی هاویەکسانی سیاسییان بۆ فەراهەم دەکات یان دوبارە دووریان دەخاتەوە لە هەموو یەکسان بوونێك، لەم ڕووەوەی باسمان کردو بە حوکمی سرووشتی ئینتیمای قەومچێیایەتی و ناسنامە پەرستییەوە لە سووریادا کورد دەخوازن هەر ڕژێمێك بێتە فەرمانڕەوای داهاتوو جێی متمانەیان بێت..

ئازادی و یەکسانی کە دوو بەهان بۆ چەسپاندنی مەبدەئەکانی هەر سیستمێکی فەرمانڕەوایی تەنیا لە ناو توێکڵی دروشم و فکر دەمێننەوە، ئەگەر کوردو کەمایەتی تری لە سووریادان ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان پێ نەدرێتەوە، هاووڵاتی بوونی سووری ئەگەر زامنی مافەکانی کوردی لە ئازادی و یەکسانیدا پێ نەکرێت، ئەو کاتە هەموو دروشمەکانی ئێستا دەبنە ئامرازێکی درۆزنانەو فێڵاویانە بۆ دروست کردنی چەشنێکی تازە لە چەوسانەوەی گرووپێك لە لایەن گرووپی ترەوە شێوەیەکی مۆدێرنی سەرکوتکاری سیاسی دەخەنەوە مەیدان..

کاتی ئەوە هاتووە عارەبی سووریا نیەتی باشی خۆیان بۆ کورد بسەلمێنن لەوەدا کە سووریا دەبێتە دەوڵەتێکی هەمەکی یەکسانخوازی گشتی بەو شێوەیە زۆرینەی عارەبی دەیسەلمێنێت کە خەمخۆرە بۆ ئازادی و یەکسانی کورد بە عەرەب ڕێگەش تەخت دەکات بۆ دامەزراندنی ژیانێکی هاوبەش کە دادپەروەری بۆ هەمووان مسگۆر



د.جەمال عەبدول جەواد سوڵتان بۆ گوڵان:

# هەنگاوی عەمەلی بۆ کۆتایی هێنانی توندوتیژی دەستێوەردانی سەربازییە بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، بەڵام ئەم هەنگاوەش جارێ دیار نییە

د.جەمال عەبدول جەواد ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ئەمریکی لەقاهیرەو پێشتر بەڕێوەبەری سەنتەری ئەهرام بووە بۆ دیراساتی سیاسەت و ستراتیژی، ئێستاش ڕاوێژکاری هەمان سەنتەرە بۆ دیراساتی سیاسی و ستراتیژی، د.جەمال یەکێکە لەشرۆڤەوانە دیارەکانی میدیای عەرەبی و تۆژەر و پسپۆرە لەبوارەکانی کێشەی عەرەب ئیسرائیل و پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبی و پێوەندی ئەوروپا و دەوڵەتانی دەریای سپی ناوەڕاست و هەروەها بەرەو پێشەوەچوونەکانی دیموکراتی لەوڵاتانی عەرەبیدا، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای سوریا گوڵان وتووێژێکی لەگەڵ د. جەمال عەبدول جەواد سازکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.

*** سوریا خەریکە دەگاتە قۆناخێك کە دەرگای هەمـــوو ئەگەرەکان کراوەبـــن، هەروەها ڕژێمی ئەســـەد گۆشـــەگیر بووە بەتایبەتـــی دوای ئەوەی ژمارەیەك وڵات باڵیۆزخانەی سوریایان داخســـت، ئایا بارودۆخەکە لای بەڕێزت چۆن دەخوێنرێتەوە؟**

- تەنگژەکەی ســـوریا ئاڵۆز بووە و، ململانێ لەگەڵ ڕژێمەکەدا چارەســـەری نییە، مەبەستم ئەوەیە بەداخەوە چارەســـەرێکی سیاسی نییە و دەرفەتی ئەم چارەسەرەش لەدەستچوو، پێموایە هەموو ئەو ڕێوشوێنانە لەبری ئەوەی چارەسەری بکەن، قەیرانەکە بەرەو هەڵکشانی زیاتری دەبەن، هەربۆیە داخســـتنی باڵیۆزخانەکانی ســـوریا لەوڵاتان ڕەنگە ببنەهۆی خێراتربوونی کۆتایی هاتنی ڕژێمەکە، بەڵام دوای ئەوەی ململانێکە توندوتیژی زیاتری بەخۆوە دەبینێ و و قوربانی زیاتری لێدەکەوێتەوە.

*** ئایـــا تاچەنـــد کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەســـەد بیـــر لەڕێگە چارەیەکی عەمەلی دەکاتەوە؟**

- هەتا ئێســـتا هیچ هەنگاوێکی عەمەلی بۆ ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دیار نییە، لەبەر ئەوەی هەنـــگاوی عەمەلی بـــۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەســـەد بریتییە لەدەســـتێوەردانی ســـەربازی، ئەمـــەش کارێکی زۆر قورســـە، چونکە ئەمە هەنگاوێکە خودی ئەوروپییەکان خۆشـــیان سڵی لێدەکەنەوە و ناتوانن ڕەزامەندی و پشـــتیوانی خەڵکەکەیان بەدەست بهێنن لەگرتنەبەریدا، بەڵام ئێمە هەڵکشـــانی زیاتری بارودۆخەکە دەبینین، چەکدارکردنـــی زیاتـــری موعـــارەزە دەبینین، بەســـەربازیبوونی زیاتری ململانێ سیاسیەکە لەســـوریا دەبینین، لەگـــەڵ کەوتنی قوربانی زیاتردا تاوەکو دۆخەکە گەیشـــتۆتە ئاســـتێك لەئێستادا کە ناتوانین پێشبینی بکەین.

*** روســـیا ڕۆڵێکی خراپ لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتی بەرامبەر گەلی ســـوریا دەگێڕێت، ئێستا ڕوسیا دەیەوێت گەلی سوریا کۆمەڵکوژ بکرێت، بـــەڵام ڕژێمی ئەســـەد بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش ئامادەیە ڤیتـــۆ بەکاربهێنێت بۆئەوەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی شەرعیەتی نەبێت، ئایا چۆن دەتوانرێت کارێك بکرێت بۆئەوەی ڕوســـیا پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات؟**

- لە هـــەل و مەرجی ئێســـتادا هۆکارێك نییە قەناعەت بە ڕوسیا بکات واز لە هەڵوێستەکەی خـــۆی بهێنێـــت، متمانـــەی نێوان ڕوســـیا و ڕۆژئاوا لاوازە، بەتایبەتی دوای پەرەســـەندنی ڕووداوەکانی لیبیا، ڕوســـیا متمانە بە ڕۆژئاوا ناکات کە بەڵێنەکەی خۆیان بپارێزێن لەپێوەندیدا بەسنووری دەســـتێوەردان لەسوریا، لەبەر ئەوەی ڕۆژئاوا ئەم کارەی لەلیبیادا نەکرد. پێموایە ئەو هۆکارەی دەبێتەهۆی ئەوەی ڕوســـیا دەست لەم ڕژێمە هەڵگرێت ئەوەیە بەرگریکردن لەم ڕژێمە ببێتە کارێکی مەحاڵ، بارودۆخێك بێت کە سەد هێندەی ئێستا هەڵوێستی ڕوسیا -هەڵوێستێکی- نائەخلاقی بێت، هەرچەندە هەل و مەرجی ئێستا و ئاستی ئەو توندوتیژیەی لەئارادایە بەتەواوەتی سیفەتی ئەخلاقی لەسیاسەتی ڕوسیا دادەماڵێت، ئەوەی لەئێستادا بڕیاربەدەستانی ڕوسیا گرنگی پێدەدەن کاردانەوەی هاووڵاتیانی ڕوســـیایە، تا ئێستا پرسی هەڵوێستی ڕوسیا لەئاست سوریادا نەبۆتە کێشـــەیەکی گـــەورە لەکارنامەی ڕای گشـــتیدا و تا ئێســـتا هاووڵاتیان بەو شێوەیە لەسیاسەتی حکومەت ناڕوانن کە سیاسەتێکی نائەخلاقی بێت، بە پێچەوانەوە بەسیاســـەتێکی دروســـتی دەزانن. لەبەر ئەوە بـــاوەڕم وایە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژی داهاتوو ڕوســـیا لەسەر هەڵوێســـتی خۆی بەردەوام دەبێـــت، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە بەرگری کردن لەڕژێمەکە ببێتە ئەرکێکی مەحاڵ، ئەویش کاتێك پەرەســـەندنە سیاسییەکانی سەر ئەرزی واقیع بگەنە ئاستێك کەوتـــن و ڕووخانی ڕژێمەکـــە زۆر نزیك بێت، یاخود ژمارەی قوربانییەکان بەشـــێوەیەك زیاد بکات کە قابیلـــی قبوڵ نەبێـــت و نەتوانرێت بەرگری لێبکرێت، بەڵام باوەڕم وایە بۆ ماوەیەکی داهاتوو ڕوسیا هەمان سیاسەت دەگرێتەبەر.

> **داخستنی باڵیۆزخانەکانی سوریا لەوڵاتان ڕەنگە ببنەهۆی خێراتربوونی کۆتایی هاتنی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەڵام دوای ئەوەی ململانێکە توندوتیژی زیاتر بەخۆوە دەبینێ و و قوربانی زیاتری لێدەکەوێتەوە**

*** هەندێـــك لەچاودێـــران پێیانوایـــە کلیلـــی چارەسەری بارودۆخی سوریا تورکیایە، تەنانەت ئەمریـــکا و یەکێتی ئەوروپـــاش بەبێ تورکیا هیچیـــان پێ ناکرێت، بـــەڵام تورکیاش بێجگە لەپێشوازی کردن لەکۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا شتێکی تری نەکردووە، ئایا تورکیا بۆ لەم بارودۆخەدا وەك پێویست ناتوانێت ڕۆڵی خۆی بگێڕێت؟**

> **هەنگاوی عەمەلی بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد بریتییە لەدەستێوەردانی سەربازی، ئەمەش کارێکی زۆر قورسە، چونکە ئەمە هەنگاوێکە خودی ئەوروپییەکان خۆشیان سڵی لێدەکەنەوە**

- ڕۆڵی تورکیا مەترسیەکی زۆر لەخۆدەگرێت، تورکیـــا بەتەنیا لەناوچەکـــەدا ناژێیت، بەڵکو دەبێت هاوسەنگی لەنێوان کۆمەڵێك ئیعتیباردا بدۆزێتـــەوە، دەســـتێوەردانی زیاتر لەســـوریادا مەترسی خۆی هەیە، بەدڵنیاییەوە دەستێوەردانی سەربازی لەسوریادا کارێکی زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهـــۆی ئەوەی ئەم ناکۆکیە بـــۆ ســـاڵانێکی دوورودرێژ درێژە بکێشـــێت و کەسیش نازانێت دوا وێســـتگەی چی دەبێت، تورکیا لەوە دەترســـێت کە چالاکبوونی زیاتری لە هەل و مەرجەکـــەدا ببێتە هۆی گرژبوونی پێوەندیەکانی لەگـــەڵ ئێراندا-کە بەدڵنیاییەوە ئەمـــەش ڕوودەدات-گەمەکە لێـــرەدا لەنێوان دوولایەندا نییە، بەڵکو گەمەیەکی ســـێلایەنی ئاڵـــۆزە، بارودۆخـــی ســـوریا تەنیا بەشـــێکە لەبارودۆخی گشتی ناوچەکە، هەل و مەرجی سوریا پەیوەســـتە بەهەل و مەرجی بەحرەینەوە، هەروەها دەوڵەتە دراوسێ عەرەبیەکانی سوریا، وەك ســـعودیە ئیعتیبارێکی گەورەی هەیە لەم مەســـەلەیەدا، هەروەها کەمینەیەکی گەورەی عەلەوی هەیە لەتورکیا، کە تورکیا دەترســـێت لەوەی دەســـتێوەردان دژی ڕژێمەکەی ئەسەد ببێتەهـــۆی دروســـتبوونی کێشـــەی تائیفی لەناوخـــۆدا. عێراقیش دراوســـێی ســـوریایە و بەلای کەمـــەوە حکومەتەکەی سیاســـەتێکی دیاریکـــراوی هەیـــە لەئاســـت بارودۆخەکە، هەروەها لایەنێکە لەمەسەلەکە، ئەگەرچی وەك پێویست بەهێز نییە لەئێســـتادا، بەڵام بەشێکە لەحساباتی هاوســـەنگیەکان، مەبەستم ئەوەیە مەســـەلەکە لەڕوانگەیەکی ئەخلاقی ســـادەوە لێکنادرێتەوە بۆئەوەی بڵێین کامە هەڵوێســـتی دروستە بیگرینەبەر و کامە هەڵوێستی هەڵەیە دەســـتی لێهەڵگریـــن، مەســـەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە، هاوسەنگی هێزە ئیقلیمیەکان لەوپەڕی هەســـتیاریدایە لەململانێیەکدا کە کۆتاییەکەی نەزانراوە، تورکیا سیاسەتی ڕاگەیەنراوی هەیە، بەڵام ئەوەی سیاســـەتی عەمەلی بگرێتەبەر و هەل و مەرجی ســـەر ئەرزی واقیع بگۆڕێت، -ئـــەم کارە ناکات- بەڵکـــو هەنگاو بە هەنگاو مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە دەکات و دوای هەر هەنگاوێکیش حســـاباتی ورد بۆ کاریگەری و کاردانەوەکانی لەسەر وڵاتەکەی دەکات.

*** لایەنێکی دیکە کە بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم دەســـتێوەردانی نێودەوڵەتـــی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکایە، هەندێك دەڵێن ئەمریکا لەم ساتەدا و لەبـــەر ئەوەی دەچێتە ناو هەڵبژاردن ناتوانێت**



**هیچ بڕیارێك بدات، پرسیار ئەوەیە ئایا بۆچی ئەمریکا لەم قۆناخە و لەبەر خاتری ئەوەی دەچێتە هەڵبژاردن، کۆمەڵکوژی گەلی سوریا قبوڵ دەکات؟**

- دوای ئەزموونی عێراق ڕای گشتی ئەمریکا پاڵپشتی شەڕێکی دیکە ناکەن و ئیدارەی ئەمریکا دەترسێت ئەگەر تێوەبگلێت لەشەڕی سوریادا، ئەوا ڕای گشتی لەدژی دەوروژێت، یاخود ئەمە کارتێك دەداتە دەست ڕکابەرە کۆمارییەکان لەهەڵبژاردنەکاندا، لەبەر ئەوە دوودڵە لەم ڕووەوە و من پێموایە قسەی زۆر دەبیستین پێش ئەوەی جوڵەی ڕاستەقینە ببینین.

*** تەنیا ڕێگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەسەد بەهێزکردنی ئۆپۆزسیۆن و پێکەوە گرێدانەوەی ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی ڕاپەڕیوە، بەڵام بێجگە لەوەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا خۆی ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو نییە، لەهەمانکاتدا وەك پێویستیش هاوکاری ناکرێن، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئۆپۆزسیۆن ئامادەبکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت ڕۆڵێکی گەورەتر و کاریگەرتر بگێڕێت؟**

**دوای ئەزموونی عێراق ڕای گشتی ئەمریکا پاڵپشتی شەڕێکی دیکە ناکەن و ئیدارەی ئەمریکا دەترسێت ئەگەر تێوەبگلێت لەشەڕی سوریادا**

**تورکیا دەترسێت لەوەی دەستێوەردان دژی ڕژێمەکەی ئەسەد ببێتەهۆی دروستبوونی کێشەی تائیفی لەناوخۆدا**

- ئەمە قورسترین پرسیارە، لەبەر ئەوەی پاساوی دواخستنی پاڵپشتی بۆ موعارەزەی سوری ئەوەیە کە یەکگرتوو نییە و ئەمە ئەو پرسیارە دروست دەکات کە دواتر چی، چی دەبێت ئەگەر ڕژێمەکە لەسوریا بڕووخێنرێت و ئایا چۆن ڕەفتار دەکەن؟ ئەو پرسیارەی لەحاڵەتی لیبیادا نەکرا-کە ئێستاش بارودۆخەکە لەو وڵاتەدا بەسەر هەموو ئەگەرەکاندا کراوەیە-. کاتێك موعارەزەی سوری یەکدەگرێت و کاتێك بیرۆکەیەکی باشترمان دەبێت دەربارەی ئەوەی ڕۆژی دوای ڕووخانی ڕژێمەکە چی ڕوودەدات، ئەو کاتە پاساوی دواخستنی پاڵپشتی بۆ موعارەزەش نامێنێت، ئەو کاتە کەوتنی شەرعیەتێك و دەرکەوتنی شەرعیەتێکی دیکە دەبینین، لەئێستا کەوتنی شەرعیەتی ڕژێمەکە دەبینین، بەڵام نابینن لەبەرامبەردا شەرعیەتی موعارەزە جێی بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەسەرخۆیدا دابەش بووە و میسداقیەتی نییە، لەڕاستیدا ئەمە قورسترین پرسیارە و دەبێت زیاتر لەلایەنێك کاری لەسەربکات، ئەگەر ئەمریکا و ئەورووپا و تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی سعودیە، بتوانن بێ دابەشبوون کاربکەن، ڕەنگە بتوانن هاوکاربن لەکەمکردنەوەی کەلێن و دابەشبوونی نێو موعارەزە و دروستکردنی میسداقیەت و متمانە لەنێوان لایەنەکانی موعارەزەدا. لەسایەی هەل و مەرجی ئێستادا موعارەزەی سوری توانای ئەم کارەی نییە و ڕەنگە ئەمەش پێویستی بەکۆششی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەبێت و ئەمەش هێشتا ڕووی نەداوە. ڕاستە داوای یەکگرتن لەموعارەزە دەکرێت، بەڵام هێشتا هەوڵنەدراوە بۆ ئەوەی ئەم یەکگرتنە بکرێت، ئەگەر ئەمەش ڕووبدات، ئەوا ڕێککەوتن لەنێو موعارەزە بکرێت لەسەر بەرنامەیەك کە هیچ لایەنێکی نێو موعارەزە تاکڕەوی نەکات و بەتەنیا ئاییندەی سوریای نەکەوێتە دەست، لەوەش گرنگتر بەرنامەیەك بێت کە هێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان زەمانەتی بکەن دەربارەی پاراستنی مافی کەمینەکان، لەبەر ئەوەی کەس نایەوێت ڕژێمێك لەسوریا بێتەسەر کار تائیفی بێت و ئیستبدادی بێت، ڕژێمێك بێت مومارەسەی سەرکوتکاری تائیفی بکات لەدژی بەشێك لەخەڵکەکەی، لەم ڕووەوە ڕۆڵی دەوڵەتە ئیقلیمەکان دەبێت جددی بێت و نەك تەنیا قسەکردن بێت، واتە ڕەنگە بەشێك لەم هەنگاوانە ببێتەهۆی یەکگرتنی موعارەزە.

**لەئێستا کەوتنی شەرعیەتی ڕژێمەکە دەبینین، بەڵام نابینن لەبەرامبەردا شەرعیەتی موعارەزە جێی بگرێتەوە، لەبەر ئەوەی بەسەرخۆیدا دابەش بووە و میسداقیەتی نییە**

# تورکیا دەیەوێت لە ڕۆژهەڵاتەوە لەدەرگای یەکێتی ئەوروپا بدات



تورکیا ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتیشەوە وەك دەوڵەتێکی ڕۆژئاوا سەیری بکرێت، ئەوا لە ڕۆژئاواوە هەتا ئەگەر ئەندامێکی دێرینی ناتۆ و کاندیدی یەکێتی ئەوروپا بێت، ئەوا هەر بە ڕۆژهەڵاتی سەیر دەکرێت، کەواتە لەبەر ئەوەی تورکیا ئامانجی ئەوەیە ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا و بچێتە ڕیزی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، ئەوا دەبێت لەسەر نەخشەی تێڕوانینی ڕۆژئاوا پێگەی خۆی بدۆزێتەوە و لەسەر ئەو نەخشەیەوە هەنگاو بۆ ئەندامیەتی یەکێتی ئەوروپا هەڵبگرێت، ئەوا دەبێت وێستگەی یەکەمی ڕۆژهەڵات بێت و ڕۆژئاواو یەکێتی ئەوروپا ناچار بن لەرێی تورکیاوە هەنگاو بۆ ڕۆژهەڵات هەڵبگرن یان لەرێی تورکیا هەوڵبدەن ڕۆڵی خۆیان لەکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕن، تورکیا ماوەیەکی زۆر خۆی لەم ڕاستیە دەشاردەوە و خۆی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەنارگیر کردبوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا جارێکی دیکە تورکیا بەگرتنێکی زۆرەوە ڕووەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەنگاو هەڵدەگرێت و هەوڵی بۆ ئەوەیە لەم ئاستەدا ئەو یاریزانە سەرەکیە بێت ڕۆڵی کاریگەری خۆی بگێڕێت، بۆیە سەبارەت بە پشتگوێخستنی ئەم لایەنە بۆ ماوەیەکی زۆر لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا و هەوڵدانی ئێستا بۆ ئەوەی تورکیا ڕۆڵی خۆی لەم بوارەدا بگێڕێتەوە، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر حەسەن عەلی قەسار ئوستادی پێوەندییە نیودەوڵەتەکان لەزانکۆی بیلکنت و شرۆڤەوانی سیاسەتی دەرەوە و مێژووی دیپلۆماتیەت کرد و لەوەڵامدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو: (تورکیا بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ نەك تەنیا لەسەردەمی کۆماری، بەڵکو لەدوا ساڵانی سەردەمی عوسمانیش تەنانەت پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر کەم کردبووەوە، ئەگەر سەیری سەدەی ڕابردووش بکەین ئەوا دەبینین هەوڵەکانی بەڕۆژئاوا بوون و بەئەوروپابوون بەردەوام بووە، لەبەرامبەردا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیاشی پشتگوێخستبوو، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوو تورکیا جارێکی هەوڵیدایەوە بایەخ بەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا بدات، بێگومان پشتگوێخستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا کارێکی هەڵەبوو، لەبەر ئەوەی تورکیا لەگەڵ ئەم ناوچەیە مێژوو و ئایینی هاوبەشی هەیە، بۆیە ناتوانێ ئەو ناوچەیە پشتگوێ بخات و چاوپۆشی لەکێشەکانی ناوچەکە بکات، چونکە گەلانی ناوچەکە چاوەڕوانی ئەمە لەتورکیا دەکەن. ئێوە لەعێراقن و باشتر دەزانن کاتێ گەلانی ناوچەکە ڕووبەڕووی کێشە و ناکۆکیەك دەبنەوە یەکسەر ڕوو لەتورکیا دەکەن و تورکیا بۆ ئەوان شوێنێکی ئاسایش و دڵنیاییە، بێگومان تورکیاش بەردەوام دەبێ لەمانەوەی بەم شێوەیە و ئایا هەنگاوی چۆن لەمەودوا هەڵدەگرێ، بێگومان ئەمە پێوەندی بەداهاتووەوە هەیە، بەڵام ئەگەر لەڕووی چالاکی سیاسیەوە سەیری بکەین، ئەوا بێگومان تورکیا لەناوچەکە زیاتر چالاك دەبێت. بۆ ئەمەش تورکیا هەوڵیداوە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی و ناوچەکە سیاسەتی سفر کێشە پیادە بکات، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هیچ دەوڵەتێك لەجیهاندا لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی کێشەی نەبێت، بەڵام سیاسەتی سفر کێشە ئامانجێکە کە هەموو لایەك ئارەزوومەندیەتی و تورکیاش هەوڵی بۆ دەدات و هەنگاو هەڵدەگرێ لەسیاسەتی دەرەکی ئەمە پەیڕەو دەکات و پێویستە لەسیاسەتی ناوخۆشدا هەنگاوی هاوشێوەی ئەمە هەڵبگرێت و بەردەوامیشە لەهەنگاو هەڵگرتن. بەپێچەوانەوە لەوانەیە ئەم بڕیارانە ببێتە هۆی تێچوون و زیان پێگەیشتنی ئەو برایەتی و خزمایەتیەی نێوان گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تورکیا کە هەیە)).

ئەوەی پرۆفیسۆر قەسار ئاماژەی پێکرد ئاوڕدانەوەی تورکیایە لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەی سفر کێشە بۆ وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام پرۆفیسۆر نیهات عەلی ئۆزجان تۆژەر لەدیراساتی سیاسەتی ئابووری تورکیا (TEAPV) و نووسەر و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەکی تورکیا، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر ئەم ئاراستەیەی تورکیا بۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو و وتی : (بێگومان کۆمەڵێك فاکتەری گرنگ هەن لەپشتەوەی ئەو سیاسەتی دەرەکیەی ئێستا تورکیا پیادەی دەکات. بۆ نموونە ئابووری یەکێکە لەو فاکتەرانە، چونکە پەیوەستە بەسیاسەتی دەرەکی و ناوخۆوە، بەتایبەتیش ئەگەر بەستراوە بێت بەئابووری نێودەوڵەتی «جیهانی» و گرنگیەکی ئەوتۆی هەبێ لەلای خەڵکی ئەو وڵاتە و هاندەرێك بێت بۆیان ئەوا بێگومان ئەمە لەسیاسەتی دەرەکی ڕەنگ دەداتەوە. دووەم بریتییە لەسەرکردایەتیەك کە بتوانێ گشت سەرچاوە و هێزەکانی وڵات بەشێوەیەکی هەماهەنگ و بەدروست کردنی هاوسەنگیەکی تایبەت و بەشێوەیەکی سیستەماتیکی بەکار بهێنێ،





نیهات عەلی ئۆزجان بۆ گوڵان:

# پێویستە تورکیا ڕێنیشاندەر بێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەستنەوەی ئابووری ئەم هەرێمە بەئابووری جیهان



ئەگەر سەرکردەیەکی بەم شێوەیە هەبێ کە بتوانێ لەکەلتوری یاسایی ئەو وڵاتە بگات ئەوا بێگومان بڕیارە سیاسیەکان ئاسانتر دەدرێت و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵێ فاکتەری گرنگی تریش هەن، بەڵام بێگومان ئەگەر کێشە ناوخۆییەکان ڕەنگدانەوەیان هەبێت بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی و کار بکاتە سەر ڕەوتی سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆ و کار بکاتە سەر سەرچاوەکانی هێزی دەوڵەت، هەروەك كێشەی کورد. ئەوا بێگومان پێویستە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بەڕێوە ببرێت و بگەیەنرێتە چارەسەرییەك، بۆ ئەنجامدانی ئەمەش پێویستە هێز و توانای خۆمان بخەینە گەڕ و داوای یارمەتیش لەپێکهاتە کاریگەرەکانی تر لە ناوچەکە بکەین. تورکیاش ئێستا خەریکی ئەمەیە لەلایەکەوە لەگەڵ ئەمریکا و لەلایەکی ترەوە لەگەڵ کوردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ نوێنەرانی ناوخۆ لەڕێگەی موزاکەرە و چاوپێکەوتن و هەندێ جار دەمەقاڵێ، بەڵام لەچوارچێوەیەکی دیموکراسی هەوڵی بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی کێشەکە دەدات. بێگومان چارەسەری ئەم کێشەیە تەنیا بەئێوەوە نەبەستراوەتەوە هەر خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی ئاسان نییە، بۆیە لەم ڕووەشەوە هەروەکو باسم کرد لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەقڵ و سەرکردایەتی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن. سەبارەت بەڕۆڵی تورکیاش لەسەر ڕووداوەکانی دیکەی ناوچەکە، ئەوا بێگومان لێرەدا سێ فاکتەری گرنگ هەیە کە پێویستە باسی لێوە بکرێت یەکەمینیان بریتییە لە سروشتی ڕووداوەکان، ئەو ڕووداوانەی کە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریان هەڵداوە و چاوەڕوانی گەلانی ناوچەکە لەڕووی خۆشگوزەرانی ئابووری و سەقامگیری، لەم ڕووەشەوە تورکیا ئاستێکی باشی هەیە. دووەم بریتییە لەپێگەی ئەکتەرە کاریگەرەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەئێستاو ڕابردوودا، واتە ئەو دۆخەی ئێستای یەکێتی ئەورووپا تێکەوتووە و لەوە دەچێ لەماوەی داهاتووشدا ئەم دۆخەی ئەورووپا بەردەوام بێ، هەروەها ئەکتیڤ نەبوونی ئەمریکا لەڕووی ئابوورییەوە بەهۆی داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستان و ...تاد. سێیەم پەیوەستە بە بەهرەی خودی تورکیا و پێگە ئیقلیمیەکەی لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێی سەیری ڕووداوەکان لەناوچەکە ڕۆڵێکی ئەکتیڤتر و کاریگەرتر لەتورکیا چاوەڕوان دەکرێ)).

### تورکیا و هەرێمی کوردستان

پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا خەریکە لەپێوەندی بازرگانی و ئابوورییەوە هەنگاو بەرەو پێوەندیەکی تەواوکاری هەڵدەگرێت و هەرێمی کوردستان وەك هاوتای تورکیا لەسەر ئاستی ئابووری و بازرگانی و کێشەکانی ناوچەکە پێگەی خۆی دەدۆزێتەوە، پرۆفیسۆر نیهات عەلی ئۆزجان بەپێویستی دەزانێت ئەم پێوەندیانەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرن کە ئابووری کوردستان بەئابووری جیهانەوە گرێبدرێتەوە و لەم چوارچێوەیەدا و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە سەرنجی خۆی لەسەر ئەم پرسە دەربڕی و وتی : (بەڕای من بەر لەهەموو شتێك پێویستە تورکیا پێش هەموو شتێك پاڵپشتی ئەو سەقامگیری و بەها دیموکراسیانەی هەرێمی کوردستان بکات و لەهەمان کاتیشدا پێویستە ڕێنیشاندەر بێت بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەستنەوەی ئابووری ئەم هەرێمە بەئابووری جیهان و جێ بەجێکردنی هەلومەرجی پێویست. بێگومان ئەمەش قازانجی بۆ هەردوو لایەن لێدەکەوێتەوە. بوون بە بەشێك لەئابووری جیهانی و سەقامگیربوونی ئابووری ناوخۆ، شتێك نییە کە لەپڕێکدا دروست ببێت، بەڵکو ئەمە پێویستی بەکات هەیە و پەیوەستە بەهەلومەرجی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە، هەر بۆنموونە کاتێك سەیری قەیرانەکانی ئەورووپا و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باری ئێران و ئاڵۆزی سوریا دەکەین، ئەوا بێگومان لەم ڕووەوە بوونی هەرێمی کوردستان





حەسەن عەلی قەسار بۆ گوڵان:

# پشتگوێخستنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لەسیاسەتی دەرەوەی تورکیا کارێکی هەڵەبوو

گرنگیەکی تایبەتی ئەوتۆی هەیە بەتایبەتیش ئەگەر بەستراو بێت بەئابووری جیهانی، ئەوا لەناوچەکەدا وەك هاوبەش و هاوتاکێکی تورکیا دەردەکەوێ. ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی پێوەندیەکـــی بەهێز و بەردەوام لەنێوان ئەم دوو لایەنە و بوار دەڕەخســێنێ بۆ چارەسەرکردنی کێشــەکانی دەوروبەر بەشــێوەیەکی نەرمتر و سادەتر، بۆیە بەڕای من تورکیا پێویستە زۆر گرنگی بەم پێوەندیەی بــدات. و گرنگترین خاڵیش لەم پێوەندیەی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان بریتییە لەســەرچاوەی زۆری وزە لەهەرێمی کوردستان کە پێویستە بگەیەنرێتە بازاڕەکانــی جیهان و بێگومــان دەرەنجامی سیاسی زۆری لێدەکەوێتەوە بۆ هەردوو لایەن، بــەڵام ئەوەی گرنگ بێت ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان و تورکیا ئاگاداری ئەو قازانجە دوو لایەنەن بۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پێوەندیەکانیان بەهێزتر و چڕتر دەبێتەوە)).

## ڕووداوەکانی سوریا و کاریگەری هەمەلایەنەی بۆ سەر وڵاتانی ناوچەکە

لایەنێکی دیکە کە جارێکی دیکە ڕووی هەموو دەوڵەتانـــی ناوچەکە دەگرێتـــەوە، بارودۆخی ســـوریایە. لەوانەیە لەم کێشـــەیەدا چاوەڕێی ئـــەوە لەتورکیا بکرێت ڕۆڵێکی کاریگەر لەبەر کۆمەڵێك هۆکار لەو کێشەیەدا بگێڕێت، بەڵام وەك پرۆفیسۆر حەسەن عەلی قەسار ئاماژەی پێدەکات ئەم ڕۆڵــە بەتەنیا بگێڕێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لەم مەسەلەیەشدا تورکیا پێویستی بە ڕۆڵی لایەنەکانی دیکە و دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە، سەبارەت بەم مەسەلەیە پرۆفیسۆر قەسار لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (ئەوەی کە دەتوانم لەم بارەیەوە بڵێم ئەوەیە کە ســـەرەتا گەلی سوریا پێویســـتە ڕێکبکەون بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵات لەڕژێمی ئەسەد وەربگرنەوە، بەڵام کاتێ ســـەیری ئۆپۆزســـیۆنی ســـوریا دەکەیـــن دەبینین زۆر نارێـــك و ڕێکنەکەوتوو تەنانەت ئۆپۆزســـیۆنی چەکداریش زۆر ئاڵۆز و سەرلێشـــێواوە، بۆیە لەوە ناچێ کە بتوانرێ لەلایەن دەوڵەتێکـــی ترەوە ئەمە ڕێك بخرێ و ڕووبەڕووی ئەسەد بکرێتەوە. سەرەڕای جەختی نێودەوڵەتـــی لەماوەی ١٥ مانگـــی ڕابردوو ئەمەمـــان زۆر بەڕوونی بـــۆ دەرکەوت، بۆیە پێم وایە پێویســـت ناکات هێزە نێودەوڵەتیەکان ڕۆڵێـــك بـــۆ وڵاتانی دراوســـێی ســـوریا و بەتایبەتیـــش تورکیا دیاری بکـــەن، چونکە بێگومـــان سیاســـەتمەدارانی تورکیا هەروەکو باســـم کرد بە لەبەرچاوگرتنی هەزارەها پێوەر کاریگەری ئەمە لەســـەر ناوچەکە و خەڵکی ناوچەکـــە و دەوڵەتانی دەوروبـــەر و تەنانەت ئەگەر، ئەگەری بوونـــە بابەتێکی ئەجێندای هەبێ کاریگەری عێراق و لوبنانیش زۆر باش حساب دەکەن، بۆیە من پێموایە وردی و تۆزێك لەســـەرخۆ هەنگاونانی تورکیا دەگەڕێتەوە بۆ لەبەرچاوگرتنی ئەم پێوەرانە)).

هەر دەربارەی ئەم پرسە پرۆفیسۆر نیهات عەلی ئۆزجانیش جەخت لەســـەر ئەوە دەکاتەوە، ئەم کێشەیە بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و ناکرێت هەموو جیهان لەئاســـتیدا دەستەوەستان بێ و هەمووی بخرێتەوە ئەستۆی تورکیا، لەمبارەوە بەگوڵانی ڕاگەیاند: (ئەمڕۆ کێشـــەی سوریا کێشەیەکی نێودەوڵەتیە بۆیە ناکرێ وڵاتێك بە تەنیا بەرپرسیارێتی ئەم کێشەیە بگرێتە ئەستۆ بۆیە پشـــت بەســـتن و چاوەڕوانبوونی تورکیا کـــە بەکارێکی لەم جۆرە گەورە هەڵبســـتێ و ئەم باجە بەتەنیا بدات، دروســـت نییە. واتە بە پشتگوێخستنی هەڵوێســـتی ناتۆ و ئەمریکا و ڕوســـیا و چین و چاوەڕوانـــی ئەوەبین کە تورکیا ئەم کێشـــەیە بەتەنیا چەرەسەر بکات و بەڕێوەی ببات! ئەمە خوێندنەوەیەکی دروست نییە بۆ ڕاســـتی ڕووداوەکان، بۆیە پێموانییە کە ئەم کێشـــەیە لەڕێی تورکیاوە چارەســـەر بکرێـــت، بێگومان تورکیـــاش درێغی ناکات لەوەی کە بەپێی پاڵپشتی نێودەوڵەتی و پلانە ستراتیژیەکانی بۆی بڕەخسێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ناکرێت تورکیا تەواوی کێشەکە بەتەنیا بگرێتە ئەستۆی خۆی)).

# پاشماوەی نەخۆشخانەكان و پیسبوونی ژینگە



عەبدولڕەحمان سدیق

وەك پێویستییەكی هەمیشەیی مرۆڤ، بوونی نەخۆشخانەی گەورە لەشارو شارۆچكەكاندا مەسەلەیەكی گرنگ و بایەخدارە.

بەڵام لە هەمان كاتیشدا دیارە كەنەخۆشخانەكانیش وەك هەر دامەزراوەیەكی دیكە پاشماوەی رۆژانەی جۆراو جۆر فرێدەدەن.

پاشماوەی نەخۆشخانەكان لەوانەیە لەچاو پاشماوەی گشتی شاردا لەبڕدا كەم بێت، بەڵام لەجۆردا زۆر ترسناكە.

بۆ روونكردنەوەیەكی ساكار، دەكرێت ئاماژە بەوە بدەین كەپاشماوەی نەخۆشخانەكان دەشێت بەم جۆرە پۆلێن بكرێن:

یەكەم: پاشماوە ئاساییەكانی وەك خواردەمەنی و كاغەزو كارتۆن.

دووەم: شتە بەكارهاتووەكانی وەك قوتوی دەرمان و، چبس و پلاستەرو لۆكە، شووشە، دەرزی و سەرنج، چەقۆ..

سێیەم: پاشماوەی نەشتەرگەریی وەك پارچەی بڕاو لەلەش، پێست، خوێن، قژ، ئێسقان و ماددەكانی دوای نەشتەرگەری وەك كیسەی پلاستیكی و ماددەی تاقیگەكان. تاد

چوارەم: ئامێرەكانی پشكنین و دەرخستن: ماددەی وێنەگرتن و تیشكی ئێكس..

پێنجەم: دەرمانی بەسەرچوو، یان گەڕاوە، گیراوەی بەسەرچوو.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە كەئێستا لەگەڵ دامەزراندنی خەستەخانەی ئەهلی و تایبەتدا پێویستە چاودێریی گشت نەخۆشخانە حكومی و تایبەتەكان بەتوندی بكرێت لەبارەی ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پێنج جۆرە پاشماوەیە دەكەن بەتایبەت جۆری سێیەم. چونكە تێكەڵكردنی جۆری سێیەم لەگەڵ ئەوانی تردا كارەساتی تەندروستی و ژینگەیی گەورە دروست دەكات و، چارەسەری نییە.

بۆیە پێویستە بۆ هەر جۆرێك لەو پێنج پاشماوانە چارەسەری گونجاو هەبێت نەك تەنها پەنا ببرێتە بەر سوتاندن كەدەركەوتووە سوتاندن دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دیۆكسین كەناوێكە نزیكەی (٧٥) ماددەی كیمیاوی لەخۆدەگرێت و دەبێتە هۆی شێرپەنجەو كاریگەری نیگەتیڤی هەیە لەسەر سیستمی بەرگری لەش و گەشەكردنی، چونكە دیۆكسین لەئەنجامی سوتاندنی ئەو ماددە پلاستیكیانەوە (PVC) پەیدا دەبێت كەلەبنەڕەتدا ماددەی (كلۆر)یان تێدایە، ئەمە جگەلەوەی كەماددەی (جیوە)ش لەسوتاندنی ئەو پاشماوانە پەیدا دەبێت و كاریگەری خراپی هەیە لەسەر مێشك و گورچیلەو جگەر، بۆیە چارەسەری نوێ ئێستا سوتاندن نییە، بەڵكو بریتییە لەخاوێنكردنەوەی هەڵمی (AUTO CLAVE) كەبەگەرمی و پاڵەپەستۆی هەڵم ئەو پاشماوانە چارەسەر دەكرێن و، ماددەی دیۆكسینی مەترسیداریش نایەتە بەرهەم.

بۆیە پێویستە نەخۆشخانەكان هەر جۆرێكی پاشماوە لەوانی دی جیابكەنەوەو، پاشماوەكان تێكەڵ نەكەن. چونكە بەشێوەیەكی گشتی هەر جۆرەو چارەسەرێكی هەیە، هەروەها دەبێت واز لەشێوازی سوتاندن بهێنین، چونكە سوتاندن ئێستا لەئەمەریكاو ژاپۆن و زۆر وڵاتانی دی بەرەو كۆتایی دەچێت، لەبەر ئەوەی سوتاندن دەبێتە هۆی پیس بوونی هەوا، هەروەها هێشتنەوەی پاشماوەكانیش لەزەویدا بێ چارەسەر هۆكارێكی تری نەخۆشی كوشندەیە.

بۆیە بەحاڵەتی سوتاندنی ئەو پاشماوانە دەڵێن (زبڵخانەی ئاسمانی) چونكە هەوا پیس دەكات. بەهێشتنەوەی بێ چارەسەریش لەزەویدا پێی دەڵێن(بۆمبی چێنراو)!!

جابۆیە جێی خۆیەتی كە دەوترێت پاشماوەی نەخۆشخانەكان ترسناكترین جۆری پاشماوەكانەو، لەگەڵ زیادبوونی دانیشتووان و، زیادبوونی نەخۆشخانەكانیشدا بڕو جۆری ئەو پاشماوانە زیاتر دەبن. .